
قەڵای ئاژەڵان
نوسینی
جـــۆرج ئـــۆرویل
وەرگێر
ئەحمەد دەشتی
چاپی یەکەم

ناوی کتێب

- قەڵایی ئاژەڵان.
- نوسینی جۆرج ئۆرویل.
- وەرگێردراو لە فارسیەوە: ئەحمەد دەشتی.
- تایپ هەڵێر دەشتی.
- چاپی یەکەم

## چەند پەیڤێک

### قەلای ئاژەلان وەک چۆن کە من تێی گەیشتووم

داهێنانی ئەدەبی وەکو مۆرکێکی ڕەسەن هەمیشە دەست نیشانکەرەوەی بوونی ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە لە کات و شوێنێکی تایبەتی ڕۆژگاران دا ، ئەگەرچی هەموو ڕووداوێک لە هەر کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی دا بێ ، پەیوەندیەکی ڕاستەو خۆی بە ئاستی پێشکەوتنی ئەو سەرچاوە بە هێزەی سەرهەڵدان و داهێنان کە بێ شەک کۆمەل خۆیەتی هەیە.

قەلایی ئاژەلانیش نمونەی داهێنانێکی بە پێزە کە ڕاستەوخۆ ئەو تێکچڕژان و هەراو هۆریایانەی نێوان هەموو چینەکانی کۆمەل وەدەر دەخاتن و پەردە لە ڕووی ڕوداوێک دا هەڵ دەمالێ و ئاشکرای دەکاتن کەوا ئەوەش لەڕێی هەڵبژاردنی چەند کەرەستەیەکی ئاساییەو ، ئەوەش بۆئەوەیە کەوا ڕوون کردنەوەی مەبەستێکی ئاسایی بداتە دەستەوە ، ئەو بڕستە بەر هەستە وەدەر بخاتن کە چەقی کێشەکانەو سەری دەزولکەکانی گەرمی ژیانی پێوە لکێندراوە ، ئەوەی کە زۆر دیارەو ڕوونە ئەوەیە کە کەرەستەی وێژەیی نمونەی نیشان دانی بەشێکی گەورەی مەسەلەکەیە ، چونکە هەر نوسینێکی ئەدەبی لە ڕووی دەست نیشان کردنی مەبەستەوەبێت دەبێت کە کەرەستەکانی نەخشەی تایبەتی خۆیان تیادا ببینن ، هەر بۆیەشە کە نوسەری ئەم ڕۆمانە کەرەستەکانی خۆی لە چینە

بوونەوەرێـک دا هـەڵ دەبژێـرێ کـەبیگـرەو بـەری مـەدە ئـەو مەبەستە بداتە دەستەوە و ژیانی ژێر دەسەیی و نـەهامـەتـی و چەوساوەیی و گیرمەوکێشەی چینایەتی و ئازوردەیی و ڕەنـج و ئازارەکان و دووپات بوونەوەی بێ ماناو ڕێ ون کردن و ناڕێکی و نەبوونی یەکێتی و ڕێک نەکەوتن لە گەل یەکتـر دەگرێتـەوە ، ئەوەش بۆ زیندوو بوونەوەی ڕەگی ئاژەلیەتی لە دەروونی مرۆڤ دا.

ئاخۆ نوسەر ئەم جۆرە کەرەستەیـەی هـەر ئـاوا بـە ڕووتـی دەخاتە ناو بنەماکانی ئەوان و باسـی گرنـگ و پـڕ لـە ڕووداوی نامۆیی ومرۆڤایەتی وهەڕمێنی ئـەوگێرمـەو کێشـەیـەدەداتـن ؟ هەڵبەتە نا ، چونکە کۆڕی مرۆڤایەتی لە زۆر شوێن و لە گـەلـی ڕۆژگـاران دا ئـەو تـەگـەرەیـەی تیـادا دەئـاخنرێتن کـەوا خەسڵەتەکانی ناتەواوی مرۆڤی تیادا سەرجـەم کـۆ دەبێتـەوە ، بۆیێکە نوسەریش دەچێتە سەر ئەو بۆشاییـیانەو جێ خالیانـەی کە چەقی  بگرەو بەردەی ڕوو داوەکانە ، هەمیشە دەیەوێـت لـە ڕێی بەسەر هاتە دڵتەزینەکانەوە گەش بینی و بەرچاو ڕوونی بە مرۆڤەوە ببەخشێتن ، نوسەری ئەم ڕومانەو ئـەم کێشـانە نـەک هەر سەرکەوتووە لە چۆنیەتی پیادە کردن و بە کار هێنـانی ئـەو کەرەستانەوە ، بەلکو زۆر چاک توانیویەتی کە گەورەترین گیانی تێک هەڵچـون و کێشـمەکێشـم لـە کـەرەسـتەی فـرە ون بـوو دابگیرسێنێ و ڕێگـەی نوسـینی پـێ گـەش بکاتـەوەو ویسـتی

مرۆڤیش بەوە تەیار بکات کـە بڕسـتی ڕاپـەڕینـی تێـدا بینێتـە کايەوە.

دابەش کردنی دەورەکان بە چەشنێ ئەنجامیان گرتووە کـە خوێنەر لـە تـەواوی کـون و کـەلـەبـەرەکـان داسـەری پـڕ لـە سوڕمانەوە دەبێتن و سەری نەوازش دا دەنـەوێنێـت و تـامێکی زۆری لێ وەردەگرێت ، کەواتە ڕۆمانی قەڵایی ئاژەڵان نمونـەی ئەدەبی دەربڕینی ناڕاستەو خۆی مەسەلـەکـانی مرۆڤايـەتـی و وەدەرخستنی چەوساندنەوەی مرۆڤ وسەرهـەڵـدانی بیـرو ڕای ڕزگاری و هەستی پێشکەوتنخوازیە ، هەر لە سەرەتاوە کە مـرۆ لە دەرگای ئەو ڕۆمانە دەداتن و  ڕەنگە کەمێ دەست شل بکات لـە هـەڵدانـەوەی لاپـەڕەکـانی دوایـی دا ، بـەڵام کـە تـۆزێ هەڵدەڕژێتە سەر ئەم کارەوە هەڵبەتە گەلێک لـە ڕووداو و خالـە سەرنج ڕاکێشەرەکانی ئەم ڕۆمانە وای لێ دەکاتن کە حـەز لـە دوپات کردنەوەی بکاتن.

من بۆ خۆم کە دەسـتم بـە خوێندنـەوەی ئـەم ڕۆمانـە کـرد تامێکی زۆر زۆرم لێ چێژا ،  کـە هـەر ئـەوەش بـوو هـانی دام کەوا وەری بگێڕمە سەر زمانـە شـیرینەکـەی خـۆم کـە زمـانی کوردیە ، جگە لەوەش کـە بینـیم پێـنج نوسـەری فـارس ئـەم ڕۆمانەيان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی و چاپيان کردووە کە ئەمەش زياتر ناوەرۆک دەبەخشێە سەر ئـەم ڕۆمانـە مـەزنـەی جۆرج ئۆرويلەوە و زياتر هاندەری من بوون بۆئـەوەی کـە ئـەم

کارە بە جێ بینم و هیچ نەبێ خزمەتێکی بچکۆلانە بە کتێبخانەی کوردەواری بکەم ئەوەی کە من بیزانم ئەم ڕۆمانەی(قەڵایی ئاژەڵان) بە زۆربەی زمانەکانی جیهانی وەرگێڕدرایەو من ئەم ڕۆمانەم بە زمانی ئەلمانیش خوێندۆتەوەو لە گەل ئەویش دا بەراوردم کردۆتەوە بۆم دەرکەوت کە بەڕاستی ئەمیر شاهی وەرگێڕی ڕۆمانی قەڵایی ئاژەڵان بۆ سەر زمانی فارسی کارێکی زۆر جوان و پوختی ئەنجام داوەو پڕ بە پێستی خۆی توانیویەتی لەو کارە گەورەیەدا کە زانیاری وەرگێڕانە سەرکەوتوو بێتن ، منیش بە هیوام کە توانیبێتم خزمەتێکم گەیاندبێت بە کتێبخانەی گەلی کورد و کارێکی وام کردبێ کە بە لانی کەمەوە جۆشێک بخاتە سەر کۆڕی تاساوی گۆڕین ، پێشم وایە ئەوەی کە دەست دەداتە کارێکی وا هەڵبەتە لە سەرەتاوە خۆی بەرپرسیار دەزانێت کەوا گیانی نوسینەکە بپارێزێت و لەهەمان کاتیش دا چۆنیەتی تێک هەڵکێشانی زمانەکەی خۆی فەرامۆش نەکات و هەروەک کەلەپوورێکی نەتەوایەتی خاوەن شتی تایبەتی خۆی بپارێزێت.

ئەحمەد دەشتی

1982/9/15

شاری پیران-ئێران.

**جۆرج ئۆرویل لە چەند دێرێک دا.**

**(جۆرج ئۆڕویل)ناوی بەڕاستی(ئیریک بلیر)ە ناوی ئەم ڕۆمانەش بە ئینگلیزیەکەی (ANIMALFARIM) ە (جۆرج ئۆڕوێل)لە سالی 1903 دا لە هیندوستانەوە هاتۆتە جیهانەوە ، بۆ ماوەیەکی کەم لە شاری(بۆرما)دا ژیاوە ، نەزیکەی دوو سالانیش لە وەلاتی فەرەنسا دا ژیانی بردۆتە سەر ، پاشان چوەتە ئینگلستانەوە لەویٚ بوەتە ماموستا و لە قوتابخانەیەک دادەرسی گوتوو تەوە ، کاری پەرتوک فرۆشیشی لە یەکێک لە پەڕتوکخانەکانی ئینگلستانەوە کردووە.**

**لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانی دا لە ئینگلستان ژیاوە ، لە یەکێک لە ئێزگەی ڕادیۆکانی ئەو سەردەمانە دا کاری کردووە ، لە سالی 1943 دا لە گۆڤارێک بە ناوی (تریبۆن) کاری کردووە و لاپەڕەیەکی تایبەتی لەو گۆڤارە دا بۆ تەرخان کراوەو بە وتاری ئەدەبی و سیاسی ئەو لاپەڕەیکەی ڕازاندۆتەوە و بە ڕێوەی بردووە.**

**لە دوای ئەمە دا بۆ ماوەیەک لە وەلاتی فەرەنسا و ئەلمانیا دا بووە بە پەیام نێر.**

**لە سالی 1950 دا لە شاری لەندەن کۆچی دوایی دەکاتن و بۆ هەتا هەتایە چاوی تێک دەنیٚ و مال ئاوایی لە جیهان دا دەکات.**

جۆرج ئۆرویل هەر چەندە کە تەمەنێکی زۆر کورتی بردۆتە سەر و تەنیا 48 سال ژیاوە بەلاّم توانیویەتی لەو ماوەیە کورتەی تەمەنی دائەم بەرهەمانەی خوارەوە لە دوای خۆی دا بە جێ بێلێت:

1-ئاس و پاس لە لەندەن و پاریس دا.

2-ڕۆژگارانی بۆڕما.

3-قەلاّیی ئاژەلاّن.

4-خیابانێک بەرەو ئەسکەلەی ویگن.

5-سالی 1984 .

بە بلاّو بوونەوەی ڕۆمانی (قەلاّی ئاژەلاّن) ناو بانگێکی زۆری دەرکردووە  کە ئەو ڕۆمانە مەزنە چەند ملیۆن کتێبی لێ فرۆشرا ، بە زۆربەی زمانەکانی میللەتانی ئەم جیهانە وەرگێردراوەو بلاّو بوەتەوە ، بە نوسینی کتیبی 1984یش کە لە سالی 1948 دا چاپی کرد  جۆرج ئۆرویل  لە جیهان دا زیاتر ناو بانگی دەرکرد.

وەرگێڕ

## بەشی یەکەم

خواجە جۆنزی خاوەنی کێلگەی( مانر ) ئەوەندە سەرگەرم ومەست بوبوو ئێوارە کاتێ کە دەرگای کۆلیتی مریشکان و تەویلەکەی گالە دەدا ئەوەی لە یاد چۆوە کە کولانەکەی سەرەوەی هۆلەکەش دا بخاتن و بیبەستێت ، بەلەنگەلەنگ لەگەل ڕۆناکی فانوســـــــە بە پرتە پرتەکەیەوە سەرتاسەری حەوشەکەی گەڕاو هەمووی بە تەواوی پشکنی ، ئەوساکەبە دڵنیاییەوە پێلاوەکەی خۆی لە پشتەوەی دەرگای مالەکەیەوە لە پێ کردەوەو دواگلازی لە قەڕابە بیرەکەی چێشتتخانەکەدا پڕ کرد و بە هێواشی و بە ئارامی بەرەو ژووری نوستنی خۆی کە خانم جۆنز لەوێندەرێ دا لە پرخ و هۆڕی خەوا دابوو خزا.

هەر لە گەل کوژانەوەی چرای نوستنی ژوورەکەی جـۆنزدا جم و جۆل کەوتە ناو مەزراکەوە ، لەو ڕۆژانـەش دا ئـەوە بـلاّو ببوەوەو وا کەوتبووە سـە زارانـەوە کـە مێجـەڕی نێـرە بـەرازی سەرکەوتوو لـە بـردەنـەوەی پاداشـی پیشـانگای ئـاژەڵان دا ، دوێنێ شەوێ خەونێکـی پـڕ لـە سـەیـرو سـەمـەرەی بینیـوەو دەیەوێت کە ئەو خەونەی لە هـەڵێـک دا کـەوا ترسـی خواجـە جۆنز لە ئارادا نەمـا ، بـۆ تـەواوی ئـاژەلانـی تـر بیگێڕێتـەوە ،

ئەوەش وا بڕیار بوو کە لە عەمبارە گەورەکەدا ئـاژەڵـەکـان کـۆ ببنەوەو لە گەڵ مێجەری پیرە بەرازدا لەوێنـدەری کـۆ ببنـەوەو ئەو خەونەی کە مێچەر دیویەتی بۆبگێڕێتەوە .

مێجەری پیرە بەرازیش کە هەمیشـە بـەو نـاوەوە بانـگ دەکرا ، هەرچەندە کـە ئـەو بـە نـاوە خۆشـەکـەی(ویلینگـدن) بەشداری لە پیشانگادا کردبوو بـەڵام هـەر بـە نـاوی مێجـەری پیرەوە ناو دەبردرا ، مێجەرە پیرەش ئەوەندە ڕێزەی لـە لایـەن ئاژەلەکانەنەوە لێ دەندرا کەوا تەواوی ئاژەڵانـی ئـەو مـەزرایـە ئامادەی ئەوەیان هەبوو کەوا سەعاتێکی تەواو لە کـاتی خـەوی خۆیان دا ببڕن و تەرخانی بکەن بۆ گوێ گـرتن لـە قسـەکـانی مێجەڕە پیرە بەراز دا .

لە لایەکی تەویلەبەر فرەکەشەوە ، لە شوێنێکی وەکو سەکۆ لە ژێر ڕۆناکی ئەو فانۆسەی کە بە ساپیتەکەوە هەڵواسرا بوو ، مێجەڕە پیرە لە سەر گیشەیەکی پووشەوە وەرکەوتبوو ، ئەو دوازدە سالی ڕەبەقیش بە سەر تەمەنیادا تێپەڕ بوو بوو ، مێجەڕ لەو دواییانەدا کەمێک توند و تۆلتر بووبوو ، لە گەل ئەوەش دا هێشتان شەلفەکانی نەکەوتبوون و زۆر لە سەرخۆو بە سەرو پۆتەلاک وزیت بوو ، ئیتر هەندەی پێ نەچوو کە وردە وردە ئاژەڵانی تر بە ئارامی دەهاتن و هەر یەکەش بە شێوەیەکی تایبەتی خۆیەوە لە شوێنێک دا جێگەی خۆی دەگرت ، بۆ یەکەمجارهەرسێ کسۆکەکان کە ناویان (بلۆبل )و

(جیسی)و(پێنچەر)بوون  هاتن و جێگەی خۆیان گرت ، لە دوای ئەوانیشەوە بەرازەکانی تر هاتن و هەرلە نەزیک مێجەڕی پیرەوە جێگەی خۆیان لە پێشەوە کردەوە و دامەزران ، مامرەکانیش هاتن و لە سەر لێواری پەنجەرەکانەوە جێگەی خۆیان گرت و هەڵنیشتن ، کۆترەکانیش بە باڵ کوتانەوە هاتنە ژوورەوە و لە سەر شەقرەو کاریتەکانی بن میچ دا هەڵنیشتن و بەتەواوی دامەزران ، مەڕ و مانگاکانیش لە پشت سەری بەرازەکانەوە مۆل بوون و دەستیان کرد بە کاوێژ کردن ، هەردو ئەسپەکەی کە ناویان (باکسەر)و(کلۆر)بوو بە یەکەوە زۆر بە ئارامی و بە لە سەر خۆییەوە هاتنە ژوورەوەو سمە گەورەو توکناویەکانیان بە ئارامی و زۆر بە هێواشی دادەنایە سەر زەوی نەوەکو خوانەخواستە ئاژەلێکی بچکۆلانە لە ژێر پایان دا بتلێتەوە ، کلۆریش کە ماینێکی بە سالا چوو بوو لە گەل ئەوەش دا کە باری دیکانە و چوارەمین جوانە ماینی وەدونیا هێنا بوو ، بەڵام هێشتان هەر لە سەرخۆ و قیت و قۆز بوو ، بە قەد و قەڵایفەتی بڵندیەوە دیار نەبوو کە ڕێک و پێکی جارانی خۆی لە دەست دابێت(باکسەر)یش کە ئەسپێکی بە قەڵافەت وبە خۆوە بوو ، بڵندایی هەژدە دەســتی تەواو دەبوو ، هێزو توانایەکی لە ڕادە بەدەری هەبوو ، هێز و توانای  بە قەد دوو ئەسپی ئاسـایی دەبوو ، ئەو هێلە سپی‌ی کە لە ژێر لمۆزیەوە بوو دیاردەیەکی گەلۆرانەی ئەوی نیشان دەدا ، لە ڕاستیش دا

(باکسەر)لە ڕێزی ئاژەڵانی پلەی یەکەم دا نەبوو ، بەڵام بە هۆی خۆ ڕاگرتن و هێزو توانای و کاریگەریەتی لە کار کردن دا جێگەی ڕێز گرتنی هەمـــــوو لایەکبوو ، تەواوی ئاژەڵان هەمیان (باکسەر) یان زۆر خۆش دەویست ، هەر لە دوای گەیشتنی باکسەر و کلۆر ، (مۆریل)ی بزنە سپی و(بنیامین)ی کەرە دێزە بە یەکەوە هاتنە ژوورەوە (بنیامین)ی دێزە کەرێکی بە تەمە ن و بە ســــــالا چوو بوو ، خوو و ڕەوشتی ئەو کەرە دێزەیە لە تەواوی ئاژەڵانی ئەو کێڵگەیە خراپتر بوو ، زۆر کەم دوو بوو ، ئەگەر قسەیەکیشی بکردابایە ئەوا پڕ لە تەوس و پەلار بوو ، بۆ وێنە دەیگوت:خوا کلکی بە من داوە کەوا مێشولەی پێ پاس بکەم ، بەڵام ئەگەر بە دەست من بوایە نە کلک و نە مێشیشم دروست دەکردن (بنیامین)تەنیا ئاژەلێک بوو کە لە نێوان هەمـــــوو ئاژەڵانی تری کێڵگە دا هەرگیز پێنەدەکەنی ، ئەگەر هۆی ئەوەشیان لێ بپرسیبایە کەوا بۆچ قەت ناخەنی ؟ ئەوا ئەویش لە وەرام دا دەیگوت:هیچ شتێک وەدی ناکەم کەوا جێگەی خەندە بێت(بنیامین)بەبێ ئەوەی کە دەری ببڕێتن دۆســـتێکی دڵسۆزو ڕاستەقینەی (باکسەر) بوو (باکسەر)و (بنیامین) هەمیشە هەردوکیان بە یەکەوە لە هەموو ڕۆژانی یەکشەممەدا لە لەوەڕگاکەی پشـــــــتەوەی باخچەکەی کێلگەکەی قەڵای ئاژەڵانەوە دا بەبێ ئەوەی کە تەنیاتاکە

قسەیەکیش بە یەکەوە بکەن و لە گەل یەکتری بدوێن ئەوا تا تێرو پڕ دەبوون دەلەوەڕان.

(باکسەر)و (کلۆر)تازە جێگـەی خۆیـان لـە تـەویلـەکـەدا گرتبوو کەوا کۆمەلێک لە جوجەلە مراویەکانی بێ دایک و باو بە جووقەوە یەک لە دوای یەک دا هاتنـە ژوورەوە ، ئـەمـلا ئەولا گەڕان تا شوێنێک بۆ خۆیـان بدۆزنـەوەو نـەکـەونـە ژێـر پێیانەوە(کلـۆر)بـە هـەردو سـمەپـان و پـۆڕەکـانی پێشـەوەی پەرژینێکی بۆ دروست کردن و جووجەلـە مراویـەکـانیش تێیـدا خەوتن ، لە دوا سات دا (مالی)ماینە سپیەکـەی ڕاکێشـەری گالیسکەکەی(جۆنز)ی خاوەن کێلگـەی (مـانر) لـە کاتێـک دا کەکلۆیەک شەکری بەزارەوە بوو و زۆر بەئارامی و خرمە خرمـی لەکلۆ شەکرەکە دەهێناو دەیکرۆشت و زۆر بە نازو فیزوە و بەلە خۆڕازی بوونێکی زۆرەوە ئەویش هاتە ژوورەوە ، لە شـوێنێکی کەمێ لە پێشەوەدا لێی پال کەوت و وورده ووردەش خـەریکـی مووی سپی گـەردەنیـەوە بـوو ، بـەو نیـازەوە کـەوا سـەرنجـی ئەوانیتر بۆ لای ئـەو ڕێشـمە سـوورەی کـەوا بـە گـەردەنیـەوە هەڵواسرا بوو ڕا بکێشێت.لە دوای هەموان پشیلەش بـە میـاوە میاوەوە هاتە ژوورەوەو هەروەک هـەمیشـە لـە دوای شـوێنێکی گەرم دا دەگەڕاو تا لە نێوان (کلۆر)و(باکسەر)دا جێگەی خۆی کردەوە و کەوتە پرخ و هۆڕی خەوەوە و بە دڵنیایی و ئاسودەیی لێی خەوت و تەنانەت گوێی لە قسەیەکـی (مێجـەر)ە پیـرەش

نەبوو ، جگە لە (مـۆز)ی قـەلـە ڕەشـەی کـەوی کـە لـە سـەر درەختەکەی حەوشەکەی کێلگەکەدا ، لە پشت دەرگاکەوە لێـی خەوتبوو ، تەواوی ئاژەلەکانی تر هەموویان هاتن و ئامادەبوون.

هەرکە (مێجەر)ی پیرە نێرەبەرازیـش زانـی کـەوا هـەمـوو ئاژەلەکان جێگەی خۆیان گرتووە و ئامـادەن ، ئـەویـش خـۆی ئامادە کرد و لە دوای ئەوەی کە قوڕگی خۆی خـاوێن کـردەوەو بە تەواوی ئامادەبوو دەستی کرد بە قسان و گوتی:

هاوڕێیان هەموو لایەکتان دەربارەی ئەو خەونـەی کـە مـن دوێنێ شەوێ دیومـە شـتێکتان بیسـتوە ، مـن لـە بـارەی ئـەو خەونەوە پاشان قسەتان بۆ دەکەم ، چونکە بە پێویستی دەزانم کە هەندێ شتی گرنگ هەیە کە ئەوانیشتان بـۆ بـاس بکـەم و پێتان ڕا بگەیەنم ، ئێوە دەزانن کە من تەمەنێکی دوورو درێـژم لە هۆلی بـەرازان دا بردۆتـە سـەر ، مـاوەیـەکـی زۆرم بـۆ بیـر کردنەوەو زانین و زانیاری هەبووە ، دەتوانم ئەوە بلێم کە من بە ئەندازەی هەر ئاژەلێکی زیندوو لە چۆنیەتی ژیانی ئێسـتای ئەم جیهانە دەگەم و دەزانم ، بۆیەکە دەمـەوێـت کـەوا دەربـارەی ئەوەوە باستان بۆ بکەم و ئەوەی کە من دەیـزانم هـەتـا مـاوم پێتان ڕا بگەیەنم و پێتان بلێم تا ئێوەش بیزانن و فێر بن.

هاوڕێیان دەمەوێ بلێم کە چۆنیەتی ژیان بە چ شێوەیەکەو چۆنە؟بۆ وەرامی ئەمەش دەبێت ئەوە بزانین کە ژیـانی ئێمـەی ئاژەڵان زۆر کورتە ، لە گەل ئەوەش دا پڕە لـە جـەفـاو ڕەنـج و

ئازارو نەهامەتی و کوێرەوەری و ئازوردەییە ، هەر لەو کاتەوە کە هەر ئاژەڵێ لە دایک دەبێ ئەوا جگە لە بژیوی نەمری و نەژی خۆی زیاتر هیچ شتێکی تری نیە و جگە لەوەش لە نێوان ئێمە دا ئەوانەی کەوا هێزی کار کردنیان هەیە ئەوا دەبێت هەتا مردن و دوا هەناسەی ژیانیان کاریان پێ بسپێردرێت و دەبێ هەتا مردن هەر کاریش بکەن ، لەو کاتەوەش کە پەک کەوتە دەبن و نـــــاتوانن کار بکەن ، ئەوا دەبنە قوربانی وبەدەستی زۆر و زۆرداری و ناڕەوایی و گەلێ بێ بە زەییانەوە ڕەفتارمان لە گەل دا دەکەن ، هیچ ئاژەلێک لە ئینگلستان دالە تەمەنی یەکسالی بەولاوە تامی خۆشی و بەختەوەری ژیانی خۆی ناچێژێت ، هیچ ئاژەلێک لەم ئینگلســتانە دا ئازادو ڕزگارو سەربەســـت و ڕەها نیە ، ژیانی تەواوی ئاژەڵان بریتیە لە هەژاری و چەوساوەیی و کۆیلەتی ئەمەش بۆ خۆی ڕاستیەکە کەوا هەرگیز ناتواندرێت نکۆلی لێوە بکرێت ، ئایا ئەم ژیانەی ئێمەی ئاژەڵان لە ڕاستی دا پێویستیەکی سروشتیە و دەبێ هەر ئاوا بێت؟ئایا ئەمە بەلگەی ئەوەیە کە ئەم سەر زەمینە ئەوەندە هەژارە کە ناتوانێت ژیانێکی خۆش و پڕ لە کامەرانی و شادی و بەختەوەری بۆ دانیشتوانی خۆی مسۆگەر بکات؟ هاوڕێیان ، من دەلێم نەخێر سەد جاران نەخێر ، ئەمە هەرگیز وانیە ، خاکی ئینگلستان هەتا بلێی خاکێکی بە پیت و فەڕە ، ئاوو هەوای ئەوەندە خۆش و لەباری هەیە کە توانای ئەوەی هەیە خۆراک و

ئالیکێکی یەکجار زۆر بێنێتە بەرهەم ، کەوا ئەم بەرهەمە گەلێک زیاترە لە بەشی تێرو تەسەلی تەواوی ئەو ئاژەڵانەی کـە تیـادا دەژین ، هەر ئەم کێلگـەیـەی کـە ئێمـەی لـە سـەرا دەژیـن ، توانای گەلێ لـــەوە زیاترە کە دوازدە ئەســـپ و بیست مانگـا و سەدەهاسەر مەڕ بەڕێوە بەرێت و ژیانیـان مسـۆگەر بکـات بـە شێوەیـەک  کـە هـەموویـان تیـادا بـەختـەوەرو شـاد و خـۆش گوزەران بن ، ئەو شادی و خۆشیەی کە هەتا ئێسـتاکە ئێمـەی ئاژەڵان نەمان دیوە ، گەلێک لێیەوەوە دوورین کە بیریشـی لـێ بکەینەوە و هەرگیز بە چاوی خۆمان نەمان دیوە ، بەڵام دەبـێ ئەوە بزانین کە هۆی چیە و بۆچ و لە بەرچی ئاوا لیێی دوورین و ئێمەی ئاژەڵان لەو خـۆش بـەختیـەدا بـێ بـەشـین ، وەرامـی ئەوەش ڕوون و ئاشکرایەو دەبێ هەمـوو بیـزانین کـە هـەمـوو ڕەنج و ئازارو کوێرەوەریەکانی ئێمەی ئاژەڵان و هەموو دزیـن و خواردنی بەرهەمی ڕەنج و ئازارەکانمان ، تەنیاو تەنیا  لە لایـەن مرۆڤەوەیـە کـەوا هـەمـووی بـە تـالان دەبردرێـت  و زەوتیـان کردووە ، بەلێ هاوڕێیان وەرامی هـەمـوو ئـەو گیـرو گرفـت و مەسەلانەی ژیانی چەوساوەیی  ئێمەی ئاژەڵان لە یەک خال دا کۆ دەبێتەوە ئەویش  وشەی (مرۆڤ)ە تەنیا و تەنیـا (مـرۆڤ)ە دوژمنی سەرەکی و ڕاستەقینەی ئێمە مرۆڤە ، مرۆڤ دەبـێ لـە ناو بڕوات و دوور بخرێنەوە ، ئەوساکە ڕیشـەی برسـیەتـی و بێکـاری و سـوخرەو زۆرداری بـۆ هـەمیشـە لـە نـاو دەچێـت و

نامینێت ، مرۆڤ بۆ خۆی تاکە بوونەوەرێکە کەوا مەسرەف دەکات وبەبێ بەرهەمە ، مرۆڤ نەشیر دەدات و نەهێلکە دەکات ، گەلێ لەوەش بێ هێز ترە کە بتوانێت گاسنێک بۆ کێڵان ڕا بکێشێت و خێراییشی هەرگیز ناگاتە ئەو ئەندازەوە کە بتوانێت کەروێشکێکیش بە ڕاکردن بگرێتن ، لە گەل ئەوەشدا ئاغاو چەوسێنەرەوەی ئاژەڵانەو هەر مرۆڤیشە کەوا ئاژەڵان وەکار دەخات و لە تەواوی ڕەنج و بەر و بوومەکانیان تەنیا ئەوەندەیان پێ دەدەن کە نەمرن و پێ بژین و بتوانن کاریان بۆ بکەن و دەست بە سەر هەموو ئەوانیتر دا دەگرن ، هەر ئێمەی ئاژەلین کەوا زەوی دەکێلین و هەر بەپەینی ئێمەیە کەدەبێتە زبری کیمیایی و بەرو بوومەکانی پێ زیاد دەبێت ، ئێمەی ئاژەلیش جگە لە پێستی خۆمان خاوەنی هیچ شتێکی تر نین و بێ بەشین لە هەموو شتێک.ئێوە ئەی ئەو مانگایانەی کەوان لە پێشەوەی من دان دیارن لە سالی ڕابوردوو دا چەند هەزاربۆشکە شیرتان لێ دۆشراوە ، ئەو شیرەی کە دەبوایە بۆ بەهێز کردنی گۆلکەکانتان سودی لێ وەرگیرابایە ، کوانی و چی بە سەر هات؟ هەر دڵۆپێکی لە گەرووی دوژمنانی ئێمەی ئاژەڵانەوە چووەتە خوارەوەو بووەتە بژیوی ئەوان ، ئێوە ئەی مامرەکان ، لە ساڵی ڕابوردوو دا چەند هێلکەتان کردوە؟ ، تەنیا چەند دانەیەکیش لەو هێلکانەتان نەدراوەتێ و نەبوونەتە جووجەلەی خۆتان ، تەواوی هێلکەکانتان هەمووی لە بازرگانی

بۆ سوودی جۆنز و کەسانی تر بووەتە پارەو پۆلی ژیانی ئەوان ، تۆ ئەی (کلۆر)تا ئێستا چەند جوانیت وەدونیا هێناوە ، لە جیاتی ئەوەی کە ئێستاکە دەست بە گۆپاڵی پیریتەوە بان ، ئەی کوانێ و چیان وەسەرهات و ئیستاکە لە کوێن؟خۆ هەر هەمویان لە تەمەنی یەکساڵی دا فرۆشراون و تۆش هەرگیز نایان بینیتەوە ، لە تای چوار جوانە ماین و ئەو هەموو ڕەنج و ئازارانەو کوێرەوەریانەی  هەمیشەیت لە ناو مەزراو لە ژێر گالیسکەدا جگە لە بژیوی ڕۆژانەت و گۆشەیەکی تەویلە بەو لاوە ، ئاخر چیترت هەیەو خاوەنی چیت؟

هاوڕێیان ئەوە زۆر باش بزانن کە تازە بە هیچ شێوەیەک لێ ناگەڕێن کەوا ئەم ژیانە بگاتە ئاستی سروشتی خۆیەوە ، من دەربارەی ژیانی خۆم هیچ گلەیی و شکایەتێکم نیە ، چونکە من زۆر کامەران و خۆش بەخت بوویمە لە ماوەی ژیانم دا باش ژیاوم ، من کە دوازدە ساڵی ڕەبەق ژیانم بردۆتە سەر و زیاتر لە چوارسەدد توولە بەرازم وەدونیا هێناوە ، خۆ ژیانی سروشتی هەر بەرازێکیش هەر ئاوایە ، بەڵام هیچ ئاژەلێک نیە کە لە بەر دەمی چەقۆ دا ڕزگاری ببێت ، ئێوە ئەی ئەو بەرازانەی کەوان لە پێشەوەی من دا وەرکەوتوون ، لە ماوەی ساڵێک دا لە سەر کۆلکەی کوشتارگادا هەراو هۆریاتان لە تاو مەرگتان دەچێتە عەرشەوە.ئەم بەلایە وەسەر هەموو لایەکی ئێمەی بەرازەکان دێتن ، تۆ ئەی(باکسەر)ئەو ڕۆژەی کەوا لە هێز

دەکەویت و توانات نامینێت بۆ کار کردن ، ئەوا هەر (جۆنز)ە بە کوشتارگات دەفرۆشێت و ئەوسا سەرت لە تەنت جیا دەکەنەوەو دەبی بە خۆراکی سەگەکان ، کاتێ کە سەگەکانیش لە هێز دەکەون و پیر دەبن ئەوا هەر(جۆنز)ە کە بەردێکی سەنگیانن لە مل دەکات و دەیان خنکێنێ ، جا ئەی هاوڕێیان ئایا هەریەک لە ئێوە وەک ڕۆژی ڕوون لێتان دیارنیە کە تەواوی ئەم هەموو چەوساندنەوەو دەردو جەفاو ئازارو شکەنجانەو نەهامەتیانەی ئێمە هەمووی سەرچاوەکانی تەنیا و تەنیا مرۆڤە؟جا کەواتە مرۆڤ لە ناو بەرن وخۆتان خاوەنی بەرهەمی ئەو هەمووکارە پڕ لە کوێرەوەریەی خۆتان بن ، تەنیا بە لە ناو بردنی مۆرۆڤەوە و لەو ڕێگەوە دەتوانن کەوا ئازاد و بەختەوەر و دەولەمەند ببن ، جا بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ چی بکەین کە وا باش بێت ؟ ئەوەش زۆر سادەیە کە دەبێت شەو و ڕۆژ لە هەول وتێکۆشان دابن و بۆ نەهێشتنی مرۆڤ هەرگیز نەسرەون و زۆر چالاکانە لەم ڕێگەوە لە بزاف و خەبات و هەول و تێکۆشان دا هەول بدەن ، هاوڕێیان ئەو پایەو پەیامەو ئەو شتەی کە من بۆ ئێوەم هێناوەو باسی لێوە دەکەم و پێتانی ڕادەگەیەنم کە ئەوە (شۆڕشە ، شۆڕش)جا من نازانم کەی ئەم شۆڕشەبە کردەوە دێتە کایەوە ، لەوانەیەکە لە ماوەی هەفتەیەک دا یان لە دوای سالێکی تر ئەم شۆڕشە بەرپا بێت و ڕوو بدات ، بەڵام من هەروەک چۆن ئەم گیایەم وا لە

ژێرەوەیەو دەیبینم ئاواش باوەڕم وایەو دەزانم کە زوو یان درەنگ دادپەروەری و ڕاستی و ڕزگار بوون لەو هەمووو میحنەتەکانەوە زۆر نەزیکە و وەدی دێت.

هاوڕێیان لە هەموو کاتێک دا با ئەوەتان لە یاد بێت و لە بیری نەکەن کە لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە دەبێت ئەمەی کە من دەیلێم و باسی لێوە دەکەم بڵاوی بکەنەوەو بەهەموو ئەو کەسانە بلێن کەوا لە دوای ئێوەوە پێ دەخەنە جیهانەوەو ، بۆ ئەوەی نەوەکانی ئایەندەمان هەتا ڕۆژی پیرۆزی و سەرکەوتن لە هەول و خەبات بۆ ئەو مەبەستە لە تێکۆشان دا بن.

هاوڕێیان: ئەوەشتان لە یاد نەچێت کە هەرگیز نابێت لە ناو دڵتان دا دوو دڵی و گومان هەبێت و هیچ بەلگەیەکیش نابێت کەڕێگە لەوهەنگاوەو ئەو ڕێبازەوە بگرێت و لەو ڕێگەیەوە لاتان بداتن ، لە هیچ کات و شوێنێک دا نابێ کە باوەڕ بە مرۆڤ بکەن و ئەو قسە بێ کەلک و پووچەلانە و درۆیانەی کە دەلێن ئێمەی ئاژەلەکان لە سود و قازانج دا هاوبەشین و یاخود پێشکەوتن وسەرکەوتنی یەکێ بە سەرکەوتن و پێشکەوتنی ئەویتر بەستراوەتەوە وانیەو ئەمانە هەمووی قسەی پڕو پوچ و بێ سودن و هەمووی درۆ دەلەسەیە قەت نابێ کە باوەڕی پێ بکرێت و هیچ بنچینەیەک و ڕاستیەک بۆ ئەو پەیڤانە نیە ، مرۆڤ هەرگیز بیر لە بەرژەوەندی و قازانجی هیچ بوونەوەرێکی تر ناکاتەوە. بۆیەکە

که له خەبات و تێكۆشان دا پێویسته که ئێمەی ئاژەڵان هەمـوو له هەموو دۆسـتی یـەکتـری بـین و یـەک بگـرین و نـاكۆكی و دووبەرەكێ له ناومان دا نەبێت و تەواوی ئاژەڵان یەكگرتوو بن و هاوكارو دۆستی یەكتربن ، هـیچ مرۆڤێـک نیـه کـه دوژمنـی ڕاستەقینەمان نەبێت ، لەو كاتەدا که(مێجەر)ەپیرە نێـرە بـەراز لەم قسانه دابوو ، بوو به غلبە غلب و هەراو هۆریـا ، چونكـه لەو كاتەدا چواردانه مشكی بیابانی له ناو كونـەكـانی خۆیانـەوە هاتبوونه دەرەوەو به سەر سوڕمانەوە سەرگەرمی گوێ ڕاگـرتن له قسەكانی (مێجەر)بوون وله ناكاو سـەگـەكـان چاویـان بـه جورجـەكـان دەكـەوێـت و یـەكســـەر پـەلاماریـان دەدەن و جورجەكانیش ڕا دەكەن و بـه سـەلامـەتـی بـۆی دەردەچـن و خۆیان دەكوتنەوە ناو كونەكانیانیەوە ئەگینا ڕزگاریان نـەدەبـوو ، (مێجەر)ه پیـرەش بـه نیشـــــانەی وس بـوون وبـێ دەنگـی دەستەكانی بەرز كردەوە و گوتی:هاوڕێیان دەبێ لێـرە دا ئـەوە بلێم و بۆتانی ڕوون بكەمەوە ، ئایا که ئاژەلەكانی كێویش وەكـو مشک و جورج و كەروێشک له ڕێزی دۆستانن یان دوژمنان؟بۆ ئـەم مـەبـەسـتەش دەبێـت و پێویـــــسته کـه ڕای گشـتی وەریگیرێت(مێجەر)گوتی:من پێشنیار دەكەم که ئەوە بخرێتـه دەنگ دانەوە ، ئایـا مشـكان لـه ڕێـزی دۆستانن؟ڕاسـتەو خـۆ خرایه دەنگ دانەوەو ، ڕای گشـــــــتی وەرگیـرا بـه زۆربـەی دەنگەكان بڕیار له سەر ئەوەدرا که ئەوانیش له ڕێزی دۆستانن

، تەنیا چوار دەنگی دژ هەبوو کە ئەویش بریتی بوون لە دەنگی سێ سەگ و پشیلەیەک ، پاشان ئەوەش ڕوون بۆوە کە پشیلە ڕای بۆ هەردو لا داوە (مێجەر)لەسەر باسەکانی ڕۆیی و گوتی:ئیتر من قسەی زیاترم لا نەماوە ، تەنیا ئەوەتان بۆ دوو بارە دەکەمەوە و پێتانی ڕا دەگەیەنمەوە کە دەبێت  هەرگیز ئەوە لە بیر نەکەن و باشی بزانن و هەمیشە لە ناو یادو هەستتان بێت کەوا دوژمنی سەرەکی و ڕاستەقینەتان (مرۆڤە)و ئەوەش هەردەم بە پێویستی سەر شانتانی بزانن کەهەمیشە دژی هەموو ڕەفتارو هاکارو کردەوەکانی مرۆڤ بن و هەتا هەن دوژمنایەتی مرۆڤ بکەن.

ئەمەش دروشمی ئمەیە کە هەرکەسێک لە سەر دوو پێیان دا بڕوات و بالی نەبێت ئەوا دوژمنەو هەرکێش کە لە سەر چوار پایان بڕاوت و یان بالی هەبێت ئەوە دۆستی ئاژەڵانە ، دەبێت ئەوەش بزانن کەهەرگیز نابێت لاسایی مرۆڤ بکرێتەوە و وەک ئەوان بکەین ،  تەنانەت لە کاتی سەرکەوتنیش دا دەبێت لە کەم و کوڕیەکانی مرۆڤ خۆتان بپارێزن ، هیچ ئاژەلێک بۆی نیە کە لە ناو خانوو دا بژیت و یا نیشتە جێ بێت ، نابێت هیچ ئاژەلێک بە هیچ شێوەیەک لە سەر تەخت دا بخەوێت ، هیچ ئاژەلێک بۆی نیە کەوا جل و بەرگ لە بەر بکات و ئارەق بخواتەوەو جگەرە بکێشێت ، مافی هیچ ئاژەلێک نیە کە مامەلە بە پارەو پوول بکات و یا بچێتە ناو کارو باری بازرگانیەوە ،

هەرچی خوو و ڕەوشتێکی پڕو پووچ هەیە پێویستە کە ئاژەڵان لێی بە دوور بن و نەزیکی نەکەونەوە ، لە هەموو ئەوانە گرنگتـر ئەوەیە کە نابێت هـەرگیـز دژی هـاوڕەگـەزی خـۆت زۆردارانـە ڕەفتار بکەیت ، بێ هێز یان بەهێز ، زیرەک یان تەمەل ، هەموو لە هەموو یەکسانن و لە گەل یەکتری دا بران ، هـــیچ ئاژەلێک مافی ئەوەی نیە کە ئاژەلێکی تر بکوژێت ، جیـاوازی لـە نێـوان ئاژەڵان دا بە هیچ شێوەیـەک نابێـت هـەبێـت ، هاوڕێیـان :جـا ئێستاکە دێمە سەر باسی چیرۆکی ئەو خـەونـەی کـەوا دوێنـێ شەوێ دیومە ، هەرچەندە ناتوانم بە تەواوی ئەو خەونەتـان بـۆ ڕاڤە بکەم و بە تەواوی وەک خۆی کە دیومە بۆتانی بگێڕمـەوە ، بەڵام ئەوەی کە لە یادمـە بۆتـان دەگێڕمـەوە ، لـەو خـەوەم دا ڕۆژگارانێک بوو کە مرۆڤ لەم جیـــهانەدابە تەواوی لە ناو چـوو بوون ئەو خەونەشم ئەوبیرەوەریانەشی هێنایەوە یـادم کـە لـە مێژ ساڵ بوو لە یادم چووبۆوە ، ئەویش ئەوە بووچەنـد سـاڵێک لە مەو بەرکە زیاتر لە کودەلە بەرازێک نەبووم ، دایکم لە گـەل دێلە بەرازەکان دا ســـــرودێکی زۆر کۆنیان دەچڕی کە جگە لـە ئاواز و سێ وشەی یەکەمی ئەو سرودە هیچی تریـانم لـە یـادا نەمابوو ، من هەر لە منداليوە ئەو ئاوازەم دەزانـی و فێـری بـوو بووم ، بەڵام لە بیرم چووبۆوە ، کەچـی دوێنـێ شـەوێ ئـاوازی ئەو سروودەم لـە جیهـانی خـەون و خـەیالـەوە هاتـەوە یـاد و لەوەش سەیر تر ئەوەیە کە تەواوی وشەکانی سـروودەکـم بـە

تەواوی هاتەوە بیر ، بەلێ ئـەو وشـانەی کـە بـاوەڕم وایـە لـە ڕۆژگـــارانێکی زۆر زوو دا لـــە لایـــەن ئـــاژەلـــەکانـــەوە خوێندراوەتەوەوسروودی شانازی بووە ، کە سـەردەمێکـی زۆرە ئەم سرودە فەرامۆش کراوەو لە یاد چووەتەوە.

هاوڕێیان من هەر ئێستاکە ئەو سرودەتان بۆ دەڵێمـەوەو بۆتـان دەچڕمەوە ، هەرچەندە کەمن پیر بوویمەو دەنگیشم بە تـەواوی نوساوە بەڵام دەیلێمەوە تا ئێوە فێری ئاوازەکـە بـبن و ئـەوسا دەتوانن چاکترو باشتری بلێنەوەو ئەو سرودە بچڕنـەوە ، نـاوی ئەم سرودەش(سروودی ئاژەڵانی ئینگستان)ە.

لە دوای ئەوەی کە (مێجەر)ی پیری نیرە بـەراز سـنگی خـۆی پاک کردەوە ، ئەوسا دەستی کرد بە خوێندنـەوەی سـرودەکـە ، هەرچەندە گوتبووی کە دەنگم نوساوە بەڵام لە گەڵ ئەوەش دا سەرکەوتوانە سرودەکەی چڕاند کە پڕ بوو لە هەڵچون و جۆش و خرۆشـــەوە ، ئـاوازەکـەشـــی لـە نێـــوان (کلمـانتین) و ( لاکۆکاراچا ) بوو ، ئەمەش دەقی سرودەکەیە:

## سرودی ئاژەڵانی ئینگلستان

ئاژەڵانی ئینگلـــــستان
ئاژەڵانی گشـــت جـیهان
گـوێم لێ گرن بە دڵ وگیان
بڵێم مـوژدەی شادی ژیان
وای بـۆ ڕۆژێ کەوازۆرچـاک

نـابـود ببــێ مرۆ لـەخـاک
دەروهامۆن هەمووی‌بن پاک
هی خۆمان بێ زەوی نمنـاک
نیـــــر لە ملان بـکرێـتەوە
ئەلقـەو بزمـوک ببــڕێتـەوە
وەسەر شـانی ئێمەی ئاژەل
زەختـەو لغاو بســــڕێتەوە
وێنجـەوگیاو پــاوان و جـۆ
چـــەوەنـدەری بەتـام و بۆ
هەرچی لەخاک سەردەرێنێ
بۆ بژیومان هەمووی بـۆ خۆ
دەشت وچیا سەوزوڕەنگین
کانی وڕوبار پاک و شـیرین
سروەی‌کێوان هەر فێنک بێ
هەرسەوزبێ خاکی زەمـین
کەر و بـەرزەو خڕ ئاژەڵان
زۆر نـەمـاوە شـادی ژیـان
وەدەرکەوێت لـەناو جیـهان
ڕزگـار ببـن گشت ئاژەڵان
هۆ ئاژەڵانی ئینگلســــتان
ئەی ئاژەڵانی گشـت جیهان

گوێ ڕاگرن بـەدڵ وبـە گیان
مـوژدەی شادی بەرزی ژیان
*

تەواوی ئاژەڵەکان بە خوێندنەوەی ئەم سروودەی ئاژەڵان زۆر دڵشادو پڕ لە جۆش و خرۆش بووبوون کە هێشتان پیرە (مێجەر)سروودەکەی بە تەواوی نەچڕی بوو کە زۆربەی ئاژەڵەکان ئەم سروودەیان یاد گرت و تەنانەت تەمەل ترینشیان چەند وشەیەکی ئەو سرودەو ئاوازەکەی فێربووبوون ، بەرازەکان وسەگەکان و ئاژەڵە زیرەکەکان لە ماوەیەکی زۆر کەم دا هەموویان لە بەر کرد ، دوای پراوەکردنی چەند جارێکیش بە تێکڕایی ئاژەڵان تەواوی سرودەکە فێر بوون و لە بەریان کرد ، گایەکان بە بۆڕە بۆڕ و سەگەکان بە loorە لوورو مەڕەکان بە باعەباع و ئەسپەکان بە حیلەحیل و مراویەکان بە جوقەجووقەوە سـرودیان دەخوێندەوە ، ئاژەڵەکان بە جۆرێک کەوتبوونە هەڵچونەوە کە هەموویان بەیەکەوە پێنج جاران ئەم سرودەیان دەچڕیەوە ، خۆ ئەگەر هیچ شتێک ڕووی نەدابایە ئەوا هەتا بەیانی هەر سرودیان دەچڕی ، بە هۆی سەرو سەدایەکی زۆری ئاژەڵان لە سرود خوێندنەوە ، (جۆنز)ی خاوەن کێلگەکەیان واگا هێناو لە خەویان ڕاپەڕاندو لە سەر تەختەکەی هاتە خوارەوە وای زانیی کە ڕێوی هاتۆتە ناو کێلگەکەیەوە ، پەلاماری تفەنگەکەی خۆی

دا کە هەمیشە لە ژوورەکەی خوی دا هەڵی دەواسی ، فیشەکێکی هاویشتە بەرێ و لەچەخماخەی تفەنگکەی داو لە تاریکی ئەو شەوەدا گوللەیەکی تەقاند و ساچمەکانی گوللەکە بەر دیواری ئەو خانووە کەوت کەوا ئاژەلەکان تیادا کۆببونەوە ، لەو کاتەدا هەموو ئاژەلەکان لە بەر تەقەی تفەنگەکەی جۆنز هەلاّتن و هەر یەکە چۆوە جێگەی نوستنی خۆی و باڵندەکانیش لە سەر لقی درەختەکان هەڵنیشتنەوە و ئەوانی تریش جێگەی خۆیان کردەوەو ئیتر ئارامی و بێ دەنگی بە تەواوی مەزراکەی (مانر)ی داگرتەوەو ئەو ناوە کش و مات و بێ ئارام بۆوە.

*

# بەشی دووەم

لە دوای ئەم روداوە گرنگە سێ شەوی تەواو بە سەرچوون ، واتە لە سەرەتای مانگی ڕێبەندانی ئەو ساڵەدا (مێجەر)ە پیرەی نێرە بەراز بە ئارامیەوە سەری نایەوە و چاوەکانی خۆی تێک ناو بۆ هەمیشە ماڵئاوایی کرد و جیهانی بەجێ هێشت ، تەرمەکەشیان هەر لە خوارووی باغەکەی مێوەجاتی قەڵای ئاژەڵان دا بە خاک سپارد.

دوای ئەوەی کە سێ مانگ بە سەر نەمانی (مێجەڕ)ە پیرەدا بە سەر چوو ، جم و جۆل و کارو بارێکی زۆر لە ئارا دابوو ، تەواوی گۆتنەکانی پیرە (مێجەر) هیيواو ئاواتێکی زۆری خسبووە ناو دڵ و دەروونی ئاژەڵەکانەوە ، ئەوانیش نەیان دەزانی کە کەنگی و لە چ کاتێک دا ئەو شۆڕشەی کە (مێجەر) پێش بینی لێوەکردبوو پێ دەگاتن و دێتە کایەوە ، هیچ دیاردەیەکیشیان لێوە دیار نەبوو کە بزانن و دڵنیا بن لەوەی کە بەرهەمی ئەو شۆڕشەدەبینن یاخێر ، بەڵام بە تەواوی ئەوەیان دەزانی کە دەبێت ئەوان خۆیان بۆ ئامادە بکەن و بۆ وەدی هێنانی ئەو شۆڕشە مەزنەیان لە خەبات و تێکۆشان دا

بن و نەوەستن ، بۆ ئەو مەبەستەش تەواوی کارو بارەکان و بەڕێوە بردن و سەرکردایەتی کردنی ئەو شۆڕشە کەوتە ئەستۆی بەرازەکانەوە ، ئەمەش بە هۆی ئەوەوە بوو کە بەرازەکان لە تەوای ئاژەلەکانی تر زیرەکتر و لێ هاتوو تر و بە توانا تربوون.ئەو دوو نێرە بەرازەش کە ناویان (سنەوباڵ)و(ناپلیۆن)بوو لە لایەن جۆنزەوە بۆ فرۆشتن دابەسترابوون(ناپلیۆن)یەکانەیێکی تا بلێی زەبەللاح و بە سەرو پۆتەلاک و قەڵەو و تێک چەقی و بوو ، تا ڕادەیەکیش دڕ وهارو دڕندە بوو ، لە قسەکردن دا زۆر ڕەوان بوو ، بۆخۆی لە (بیرکشایەر)ە وە وەدونیا هاتبوو ، بەرازێکی تابلێی کەللەشەق و زۆر توندو تۆل بوو ، بەوە ناسرابوو کە تەواوی قسەکانی لە جێگەی خۆیەوە دەکات و سووریشە لە سەر ئەوەی کە دەیلێتن.(سنەوباڵ)یش یەکانەیەکی پڕ لە هەڵچوون و داهێنەر بوو ، ئەویش زۆر توندو تۆل وزیت بوو ، بەلام وەک (ناپلیۆن)بە شان و باهوو نەبوو ، تەواوی بەرازەکانی مەزرا بە تێکڕایی دابەستە بوون ، لە ناو ئەو بەرازەنە یەکێکی تریان هە بوو کە بە ناو بانگ بوو و لە پەیڤ گوتن دا ئەو ناوی(سکۆئیلەر)بوو کە بەرازێکی تێک چەقی و خڕپن و زۆر قەلەو بوو ، تەبەشێکی پڕو چاوێکی زیتی ترۆسکەداری هەبوو ، ئەویش تابلێی چاپووک و توند و تۆل بوو ، زۆر ڕەوان و قسەزان بوو و لە کات قسە کردن و رۆیستن دا

ورشـــەی کلکـــی دەهـــات و زۆر زۆر لـــە خـــۆ ڕازی بـــوو ، کـــاتێ دەربارەی مەسەلەیەکی ئالۆزەوە قسەی دەکرد  بەملاو ئـەولادا هەڵ دەبەزیەوە وکلکی خۆی بە توندی با دەداو ڕای دەوەشاندو سەرنجی تەواوی دەورو بەری بۆ لای خۆی ڕا دەکێشا ، ئەوسـا دەربارەی باسەکە دەدوا ، دەیانگوت: کـە(سـکۆئیلەر)توانـای ئەوەی هەیە کە بە ماست بلێت ڕەش و بە ڕەشیش بلێ سپی ، ئەو هەرسێ بەرازە واتە(ناپلیۆن)و (سنەوبـاڵ)و (سـکۆئیلەر) پەیامەکەی (مێجەر)ە پیرەیان وەکو دەزگایەکی بیری ئـاژەلـی ئامادە کردبوو ، هەموو هەفتەی جارێک لە دوای خەوتنی جۆنز لە عەمبارەکە کۆ دەبوونەوەو چۆنیەتی بیری ئاژەلیەتیان لە سەر ڕۆشنایەتی ئەو پەیامەوە بۆ ئاژەڵانی تریش شێ دەکـردەوە ، لە ســـــەرەتای ئەو کارەوە ، بە گەمژەلیەتی وگرنگی و نـادانـی ئاژەڵان ڕوو بەڕوو بوونەوە ، گەلـێ جـاران ئـاژەلـەکـان باسـی وەفاداری و دڵسۆزیان بۆ (جۆنز) دەکردو بە گەورەی خۆیانیـان دادەناو داواکاریەکانیان کە لەلایەن (جـــۆنز)ەوە جـێ بـەجـێ کراوە باسیان لێـوەدەکـردو دەیـانگوت:جـۆنز ئالیـک بـە ئێمـە دەدات و بە خێومان دەکات ، خۆ ئەگەر(جۆنز)نەبێت ئـەوائێمـە لە برسان دەمرین ، هەندێ لە ئاژەلـەکـان رسـیاری ئـەوەیـان دەکردو دەیانگوت:بە ئێمە چی کە لە دوای مەرگمـان چـی ڕوو دەدات ، وەیان دەیان گوت:ئەگەر شۆڕشیش ببێت  هـەول و تێکۆشانی ئێمە چ کار تێکردنێکی بە سەر ئەو شۆڕشەوە دەبێت

؟ بەرازە ڕابەرەکانیش کە دەیان ویست ئاژەڵەکان تێ بگەیێنن و ئەوەیان پێ بڵێن کەوا ئەم جۆرە قسانە هەمووی بە پێچەوانەی یاسای ئاژەڵیەتیە توشیان بە گەلێ گیرو گرفت دەبوو ، گەوجانەترین پرسیار لە لایەن(مالی)ماینە سپیەکەی ڕاکێشەری گالیسکەی (جۆنز)ەوە دەکرا ، یەکەمین پرسیاری(مالی)لە (سنەوباڵ)ەوە ئەوەبوو کە دەیگوت: ئایا لە دوای شۆڕشیش شەکری قەند هەردەمینێ؟ (سنەوباڵ)یش لە وەرام دانەوەی ئەو پرسیارە زۆر بە توندی دەیگوت:نەخێر چونکە لەم مەزرایە کەل و پەلی شەکری قەند دروست کردمان نیە ، بەڵام جۆ و وێنجە و ئالیکی تر هەرچەندی بتانەوێ هەیە(مالی) پرسیاری دەکردەوە و دەیگوت: ئایا من لە ڕێشمە بەستن بە گەردەنمەوە ئەو ساکەش ئازادم؟ لە وەرام دا (سنەوباڵ)دەیگوت:هاوڕێ ئەو ڕێشمەیەی کەوا تۆ ئەوەندە پێت جوانەو پەیوەندیت وا لە گەل دا هەیە ئەوە نیشانەی کۆیلەتیە ، باوەڕت نایەت کە نرخی ئازادی گەلێ لەوە زیاتر و باشترەلەم ڕێشمەیەی کە تۆ ئەوەندە شاییت پێیە؟ دیاربوو کە(مالی)باوەڕی کردبوو بەڵام بە تەواوی لەو قسانە ڕازی نەبوو.

بەرازەکان کارێکی سەخت تریان لە پێشەوە بوو کە ئەویش بە درۆ خستنەوەی(مۆز)ی قەلە ڕەشەی سیخوڕی جۆنز بوو ، کەوا درۆی زلزلی دەکردن و پڕو پاگەندەیەکی

زۆری بڵاو دەکردەوە(مۆز)ی قەلە ڕەشە لە لایەن (جۆنز)ەوە پەروەردە کرا بوو و جگە لە سیخوڕی کردن دا بۆ جۆنز کارێکی تری نەدەکرد ، ئەو قەلە ڕەسەیە هەمیشە دەنگ و باسەکانی کۆ دەکردنەوەو بۆ (جۆنز)ی دەبرد ، ئەو قەلە ڕەشەیە هەتا بلێی زیرەک و چاپووک و وریا چوست و چالاک بوو ، هەمیشە دەیگوت:لەم گەردوونەدا شوێنێک هەیە بە ناوی(سەرزەوی شیرو هەنگوین)کە تا بلێی شوێنێکی خۆش و پڕ لە سەفایە ، لە ئەنجامی دوایی دا هەموو ئاژەلێک لە دوای مردنیەوە دەچێتە وێندەرێ ، ئەو دەیگوت:ئەو شوێنە لە ئاسمانەوەیە و کەمێک لە هەوران بەرز ترە ، لە سەر خاکی شیرو هەنگوین دا تەواوی ڕۆژەکانی هەفتە یەکشەمووە ، لە سەر ئەو خاکە دا چەوەندەر و جوو و گیاو وێنجەو چرو هەمووی لە مشەیە و زۆرە ، درەختەکانی سەر ئەو خاکە هەمووی بەری نوقل و نەباتە.

زۆربەی ئاژەڵانی مەزرا نەفرەتیان لە (مۆز)ی قەلە ڕەشە دەکرد چونکە ئەو سیخوڕی دەکرد و خۆی لە قسەی ئەم و ئەو ڕا دەگرت و دووزمانی دەکردن ، هەندێک لە ئاژەلەکان ئەوەیان باوەڕ کردبوو کەوا سەر زمینێک هەیە بە ناوی سەرزەوی شیرو هەنگوین ، جا بۆ ئەوەی بەرازەکان کارێکی وا بکەن کەوا بتوانن کار لە تەواوی ئاژەڵان بکەن کە قسەی(مۆز)ی قەلە ڕەشە درۆیەو بە هیچ شێوەیەک شوێنێکی

ئـاوا نیـە کـە نـاوی خـاکی شـیرو هـەنگـوین بێـت ، بـۆ ئـەو مەبەستەش بەراز و ئاژەڵـەکـان وایـان بـە بـاش دەزانـی کـە بکەونە باس و لێکۆڵینەوە لەو بارەوەو کە بتـوانن وا لـە هـەمـوو ئاژەڵەکان بگەیێنن و باوەڕیان پێ بێنین کە بە هیچ شـێوەیـەک باوەڕ بە (مۆز)ی قـەلـە ڕەشـەی جاسوسـی جـۆنز نـەکـەن ، چونکە قەلە ڕەشە و ئاژەڵێکی درۆزن و سیخوڕە خیانەتکارە.

چاکترین دوستی بەرازەکان(باکسـەر)و (کلـۆر)بـوون بـە لای ئەو دوو ئەسپەوە چارە سەر کردنی ئەم گیرو گرفتە گەلێک ئالۆزو پلۆزی تێدایە ، بەڵام هەردوکیان هەر لەو کاتەوە کـەوا بەرازەکانیان بەدەوڕاستی خۆیان دەزانی و ئەوانیان بـە ڕابـەر و مامۆستای خۆیان قەبوول کردبوو ، بۆیەکە هـەرچیـەکـی کـە ئەوان بیان گوتبایە ئەوا بە تەواوی گوێ ڕایـەڵـی و پیـڕەویـان لێوە دەکردن ، وە بە شێوەیەکی زۆر سادەوە بـە ئـاژەڵـەکـانی تریشیان ڕا دەگەیاند و لە هیچ کاتێک دا کەم تەرخـەمیـان لـە ئامـادەبـوونی کۆبوونـەوە نهێنیـەکانیـان نـەدەکـرد ، ئـەوان سەرپەرشتی (سرودی ئـاژەڵانـی ئینگلسـتانیان) دەکـرد و بـە ڕێوەیان دەبرد لـە هـەمـوو کۆبوونـەوەکـانیش دا بـە سـروودی ئاژەڵانی ئینگلستان کۆتاییان دەهینا.

بە پێی ڕووداو ، شۆڕش و ڕاپەڕین زۆر زووتر لـەوەی کـەوا چـاوەڕوانـی لێـوە دەکـرا هاتـە کایـەوە ، ئـەوە ڕاسـت بـوو کەوا(جۆنز)ی خاوەن کێلگە زۆر بێ ویـژدان بـوو ، بـەڵام لـە

چەند ساڵی ڕابوردوو دا جوتیارێکی کارامەو پڕ لە کردەوە بـوو ، لەو دواییانەش دا توشی بە گەلێ گیرو گرفت و ڕۆژانی نالەبار و بەدبەختی هاتبوو.

لە دوای ئەوەی کە  کە توشـی گرفتـاری دادگـایی کردنێـک هاتبوو ، زەرەرو زیانێکی زۆری لێ کـەوتبـوو ، کـەوا لـە داخ ئەم زەرەرو زیانەی دارایی کە لێی کەوتبوو ببـوە ئـەلکولیـەکـی بێتام و گەلێ جـاران لـە بـەیـانی هـەتـا ئێـوارە لـە کـونجێکی چێشـتخانەکـەدا لـە سـەر کورسـیەکـی دار دا ڕۆژنامـەی دەخوێندەوەو بیرەی پـێ دا دەکـرد و یـەک بـە خۆشـی لێـی ڕا دەکشاو جارو بارەش تیکەیەکی نانی لە بیرەکەی هەڵ دەهێنـاو دەرخواردی (مۆز)ە سیخورەکەی خۆی دەدا ، لەو کاتانـەدابـوو کەوا(جۆنز)بۆ خۆی زۆر دڵساردو بـێ هیـوا بووبـوو ، تـەواوی کریکارەکانیشی لە کارکردن دا تەمـەل و تـەوەزەل بووبـوون ، مەزراکە وای لێ هاتبوو کە پڕ بووبوو لـە بـژارو گیـاو گـۆلی بـێ کەلک و زیان بەخش ، خانوەکانی مەزراکە پێویستیان بە نوێ کردنەوە و چاک کردنەوە هەبوو جاک نـە دەکرانـەوە ، تـەواوی ئاژەلەکان برسی بوون و تێر ئالیک نەدەکران و خواردنیان کـەم ببۆوە.

مانگی جۆزەردانی ئەو ساڵە بـوو کـە گـەرمـەی  وەدەسـت هێنانی بەرو بوومی مەزرا بوو ، هەرەتی دروێنەی وێنجەبـوو ، شـەوێـک لـە ڕۆژی شـــەمـوو دا (جـۆنز) چـوو بـۆ مـەزرای

(ویلینکدن)و لەوێ لە مەیخانەی(شێری سوور)دا ئـەوەنـدەی خواردبۆوەو کە وا خۆی زۆر زۆر مەست کرد بـوو ، بـەتـەوای گێژو ورِ بووبوو ، بۆیەکە هـەتـا ئێـوارەی رِۆژی یـەکشـەممـە نەگەرِایەوە مەزراکەی خۆی ، کرێکارەکانی(جۆنز)یـش سـەر لە بەیانی زوو لە دوای دۆشینی ئاژەلە شـیردەرەکـان ، بـەبـێ ئەوەی کە بە یادی ئالیک دانی ولْساتەکان بن ، هـەسـتان بـۆ رِاوە کەروێشک چوون(جـۆنز)یـش لـە دوای گـەرِانـەوەی بـۆ مەزراکەی بەبێ چەند و چوون  چوو لە سەر تەختەکەی ژووری مێوانخانەکەی دا رِۆژنامەیەکی لە رِۆژنامـەکـانی هـەوالـەکـانی جیهان بە سەر چاوان داداو لێی خەوت و کەوتـە پـرخ و هـۆرِی خەوەرِوە.

ئاژەلەکانیش ئەو رِۆژە هەتا ئێوارە بەبێ ئالیـک و خـۆراک مانەوە ، برسیەتی تەواوی شەنگ و تاقەتـی لـە ئـاژەلـەکـان برِیبوو ، یەکێک لە مانگاکـان لـە تـاو برسـیەتـی دا خـۆی بـۆ رِانەگیراو رِاستەو خۆی چوو بـۆ لای عـەمبـاری ئازۆقـەکـەو بـە شاخە زلەکانیەوە دەرگای عەمبارەکەی لە رِیسمە برد و ئەوسـا تەواوی ئاژەلەکان بە یەکەوە هێرشیان کردە ناو عـەمبـارەکـەو ملیان لە بەر خواردنی ئازۆقەی دا کراو ناو لرفیان دەکرد ، لـەو دەمەدا کە ئاژەلەکان خەریکی تەواو کــردنی ئازۆقەکـان بـوون و دەیانخوارد (جۆنز) واگا هات و هەندەشـی پـێ نـەچـوو ، بـە خۆی و چـوار کارگـەری خوترمـە بـە دەسـتەوە ، چوونـە نـاو

عەمبارەکەوەو  پەلاماری ئاژەلەکانیان داو خوترمەکانیان بە کـار هێناو ئەمەش لە سەرووی تواناو خۆ ڕاگرتنی ئاژەلەبرسـیەکـان بوو ، بۆیەکە خۆیان پێ ڕا نـەگیـرا ، هـەرچـەنـدە کـە هـیچ نەخشەیەکی ئامادە کراو دیاری نەکرابوو ، بەڵام کاسە کە پـڕ بوو لێی دەڕژێتن ، بۆیەکە ئاژەلەکانیش پشـتیان بـە یـەکـەوە بەستەوە و هەمویان بە یەکەوە دەستیان کردەوە و کەوتنە سەر و گێلاکی دوژمنە زۆر دارەکانیـان ، هـەر لـە ناکـاودا(جـۆنز)و کارگەرە خوترمە بە دەستەکان لە بەر دەرگـای عـەمبـارەکـە دا کەوتنە بەر پەلامارو هێرشی شاخ و لەققەو جووتەی بـە هێـزی ئاژەلەکانەوە ، ئیتر ئەوانیش هیچ چارەیەکیان نـەمـا کـەوا بـۆ یەکەمجاریش بوو ئەو جۆرە ڕەفتارانەیان لەو ئاژەڵانەوەدەدی ، ئەو ئاژەڵانەی کە (جۆنز)و کارگەرەکانیان هەرچیان ویسبایە لە گەلیان دا دەکردن و ئێستاش وا دژیان ڕاپەڕیون و پەلاماریـان دەدەنەوە ، ئەم کارە ترسێکی زۆری خستە ناو دڵـی(جـۆنز)و کارگەرەکانەوە کە وزەی بیر کردنەوەیان لە بەر بـڕا بـوو ، لـە دوای مـاوەیـەکـی کـەم وازیـان لـە بـەرگـری هێنـاو(جـۆنز)و کارگەرەکان  هەڵاتنیان لە مانەوە بـە باشـتر زانـی ، لـە دوای چەند دەقیقەیەک دا هەر پێنج نەفەرەکە لە ڕێگە سەرەکیەکەی گالیسکە ڕۆکە دا کە بە شەقامی سەرەکی دوایی دەهات زۆر بە پـەلـە و زەنـدەق چووانـە قوچانـدیان و تێیـان تـەقانـد ،

ئاژەلەکانیش سەرکەوتوانە وەدوایان کەوتن و ڕاویان نان و لـە مەزراکە دەریان پەڕاندن.

ژنەکەی (جۆنز) لە پەنجەرەی ماڵەکەیەوە ئەم ڕووداوەی چاو لێ بوو ، ئەویش زۆر بە پەلەپەلەوە هەندێ کەل و پـەلـی خۆی لە دەرگاکەوە فـڕێ دا دەرەوەو بـە دزی لـە ڕێگـەیـەکـی ترەوە بۆی دەرچوو(مۆز)ی قەلـەڕەشـەش لـە سـەر لقـی ئـەو درەختەی کە شوێن لانەی بوو فڕی و بە دوای خـانمی(جـۆنز) کەوت و ئەویش بە باڵ کوتانەوە ئەوێندەرێی بـە جـێ هێشـت ئاژەلەکان کە(جۆنز)و کارگەرەکانیان هەتا شەقامی سـەرەکـی ڕاو ناو وەدوایان کەوتـن ، پاشـان سـەرکـەوتوانـە گـەڕانـەوەو دەرگای قەمتەرەکەی پێنج شومشێریشیان بە هەراو هۆریاوە لە سەر داخستن و توندیان بەست و گالەیان دا.

ئا یەم شێوەیە بەبێ ئەوەی کەوا ئاژەلەکان  هەستی پـێ بکەن شۆڕشیان بەر پا بوو و سەرکەوتوانە وەدیان هینا(جـۆنز) لە کێلگاکە دوور خرایەوەو هەموو مەزراکە بۆ ئاژەلەکان مایەوەو بوونە خاوەن مەزرا.

ئاژەلەکان لـە سـەرەتـاوە ئـەو خۆشـی وکامـەرانیـەی کـە وەدەستیان هێنابوو باوەڕیان پێ نەدەکرد ، یەکەمین هەنگاویان ئەوە بوو کەوا بە تێکڕایی تەواوی ئاژەلەکان ، بۆ دڵنیـا بوونیـان لە وەی کە هیچ مرۆڤێک لە مەزرادا نەماوەو لـە هـیچ شـوێنێک خۆیان نەشاردۆتەوە چوار جاران دەورو بەری کێلگەکە گەڕان و

زۆر بە باشی هەموو کون وقوژبنەکانیـان بـە تـەواوی پشـکنی ، پاشـان  بـە تـەواوی خـانوەکـانی مـەزرا داهـاتن و هـەرچـی شوێنەواری (جۆنز)و مرڤ بوو هەمویان پاکسازی کرد و ئەوسا دەرگای خانوەکەی پشتی تەویلەکەشیان شـکاند و لـێ چوونـە ژوورەوەو هەرچـی تیـا دابـوو لـەزەختـەو قـامچی و هـەوسـارو قەڕاسەو نیرو بەرمـل و کۆپـان و تـەنگـەو خوترمـەوکورتـان و ڕێشمەولغاو وکێردو سیکاردەت یژەکانی بێ بەزەیـی و کـۆلکی قەسابی و هەرچی کەل و پەلی لەو بارەوە بـوو هـەموویـان کـۆ کردەوەو لەناو ئەو ئاگرەی کەوا لە ناوەنـدی حـەوشـەکـەدا بـۆ مەبەستی سوتاندنی ئەو ئامرازانە کرابۆوە ، هەمویان تیا خست و سوتاندیان ، کاتێ کە ئاژەلەکان چاویان بە سـوتانی زەختـەو قامچی و تـەواوی ئـەو کـەل و پـەلانـە دەکـەوت لـە شـادی و خۆشیان دادەکەوتنە بەزم و سەیرانەوە(سنەوباڵ)لە کاتێـک دا کـەڕێشـمەو گولینـگ و کورتـان و بـەرمـل و کۆپـەرەکـانی ئەسپەکانی دەخستە ناو ئاگرەکەوە دەیگوت :ئەم کەل و پەلانـە هەمووی وەکو جل و بـەرگ وایـە و نیشـانەی مرۆڤـە ، تـەواوی ئـاژەڵان دەبێـت دوور بـن لـە هـەمـوو نیشـــانەکـانی مرۆڤ(باکسەر)بە بیستنی ئەو قسانە هەستا کلاوەحەسیرەکەی کەوا لە هاویناندا بۆ پاراستنی خۆی لە مێش و مەگەس و گەرما بە کاری دەهێناو هاویشتیە ناو ئاگرەکەوە و سوتاندی.

لە ماوەیەکی زۆر کەم دا ئاژەڵەکان هەر شتێکی کـە بـۆنی (جۆنز)ی لێوە دەهات هەموویان سـوتاند و لـە ناویـان بـردن ، پاشان کە تەواو بوون (ناپلیۆن)تەواوی ئـاژەڵـەکـانی گێڕایـەوە تەویلەو بە هەریەکێک لەو ئاژەڵانە دوو بـەرابـەر خـۆراکی  پـێ دان ، بۆ هەرسەگێـک دوو پسـکویتی تـری دانـا ، ئـاژەڵـەکـان دەستیان  کرد  بە چڕینی (سرودی ئاژەڵانی ئینگلسـتان)حـەوت جاران لە سەر ڕا تادوایی سـرودەکـەیـان خوێنـدەوەو ئـەوسـا چوون بۆ حـەسـانەوە و پشـوودان و خـەوتـن ، خـەوێکـی کـە هەرگیزاو هەرگیز لە خەونیش دا ئاوایان نەدی بوو ، لـە ناکـاودا ڕووی داوە  پڕ لە شکۆیەکەی شەوی پێشـویان هاتـەوە یـاد  ، بە یەکەوە ڕایان کردو چوون بۆ لەوەڕگاکەوە  ،  لـە خـوارەوەی ئەو لەوەڕگایە دا بەرزاییەکی کەمێ بلند هەبوو ، کـەوا بـە سـەر تەواوی مەزراکەی دەڕوانی ، هەموویان بە پـەلـە چوونـە سـەر ئەوبەرزایەوە  ،  بەو بەرە بەیانـە زووە کـە لـەدەورو بـەری ئـەو کێلگەیەیان دەڕوانی بە جـاری دڵخـۆش و پـڕ لـە شـادی و دڵ نیایی دەبوون  ،  کە بیریان دەکردەوە ئەو هەموو مـەزرایـە هـی خۆیانەو خۆیان تاکە خاوەنی ئەم کێلگە مەزنەن  و دڵیان پڕ لـە شادی وخۆشحالی دەبوو  ،  ئەوسا کەوتنـە جـم و جـۆل  ،  لـە هەوای ئازادو پـاکی ژیـانی ڕزگاریـان دا تێـر و پـڕ هـەناسـەی ئازادی و بەختەوەریان هەڵ دەمشت  ،  لەناو مێرگ وقەرسیل و پاوان و باخچەکان و زەنوێرەکان دا دەگەوزیـن و گیـاو گۆلیـان

پێکۆل دەکرد و ڕمبازیان لەوناوەدا دەکرد ، خۆیان بە کـەیفـی خۆیان تێرو تەسەل دەبوون و سەبە خۆ بـوون ، ئـەوسـا بـە مەبەستی پشکنینی دەورو بەری مەزراوە زۆر بە باشی گـەڕان و هـەمویـان پشـکنیەوە ، زۆر بـە ئـارامی وبـێ دەنگـی و لـە سەرخۆییەوە دەست بە کار کردن بوون ، تەواوی پەرژینەکان و باغی مێوەجات و وێنجەوحەوزی ئاوو جەنپـەلـە بچکۆلـەکـەو هەموو شوێنە خرابووەکانیان بە هەرەوەز چاک و پاک دەکـردەوە و هەر وەکو ئەم شتانەیان لەمەوبەر بە خۆوە نەدیبوو باوەڕیـان بە خۆیانەوە نەدەکرد کەوا ئەم هەمووشـت وشوێن و جێگـایانە هی خۆیانەو خـۆیان خاوەنی ئەو مەزرایەن.

جا نۆرەی خانوەکانی (جۆنز)هات ، هەمـوو ئـاژەلاکـان بـە تێکڕایی بەرەو خانوەکانی (جۆنز)چـوون ، لـەبـەر دەرگاکـەوە کەمێ ڕاوەستان و کـە سـەیریـان دەکـرد ئـەمـەش هـەر هـی خۆیانەو دڵیان دەگەشـایەوەو شـادتر دەبـوون ، زۆر بـە هێمنـی وئارامی و ترسـەوە دەچوونـە پێشـەوە(سـنەوبـاڵ)و(نـاپلیۆن) دەرگای مالەکەی(جۆنزیان)بە هێزی شانیان کردەوە و ئـەوسـا ئاژەلەکان یەک لە دوای یەک بە ورەیـەکـی زۆر بـەرزو پـڕ لـە وریاییەوە چوونەژوورەوە ، زۆر بە ئاگاداری و بە هێواشی و لـە سـەر پـەنجـەو نـوکی سـمەکانیانـەوە لـە ژوورەوە دەڕۆیشـتن نەوەک شتێک لە ژێر پێیانیانەوە خراپ ببێـتن و تێـک بچێـتن ، لەو ژوور بۆ ئەو ژوور دەگەڕان و دەیان پشـکنی و بـە لـە سـەر

خۆییەوە قسەیان دەکردو دەنگیان بەرز نەدەکردەوە ، سەیری تەواوی کەل و پەلەجوانەکانی ژوورەکانیان دەکرد ، لە تەختەکانی خەوو و دۆشەکە نەرمەکانی تووکی قوو و ئاوێنەو کورسی و قالیچە ڕەنگینەکانی دەستکردی(بڕۆکسل) و وێنە جوانەکانی چینەراوی شاژنی(ڤیکتۆریا) کەلەسەرەوەی سۆباکەی ژووری پێشوازی دا هەڵواسرابوون ، گەلێک بەسەر سوڕمان و واقی وڕمانەوە لێیان موور دەبوونەوە و سەیریان دەکردن ، تازە لە پێپلیکانەکانی خوارەوە دەچوونە ژوورەکەی نوستنی خانمی (جۆنز)کە سەیریان کرد وا (مالی)لە گەلیان دا نیە ، کە چوونە ژوورەوە دیتیان وا (مالی)لە ژووری نوستنی خانمی (جۆنز)ەو ڕێشمەیەکی شین وڕەنگینی لە سەر مێزە تایبەتیەکەی خانمی(جۆنز)هەڵگرتووەو بە شێوەیەکی زۆر گەمژەلانە لە سەر شانی خۆیا دایناوە و لەبەرامبەر ئاوێنەکە ڕاوەستاوەو سەیری خۆی دەکاتن و بە خۆی دا هەڵ دەلێت ، ئاژەلەکانی تریش کە چاویان بەوە کەوت زۆر بە توندی لۆمەی (مالی)و سەرزەنشیان کرد ، پاشان هاتنە دەرەوە ، لە دوای ئەوەی کە پارچە گۆشتێکی خوێ کراویان کە لە سەر مێزەکەی چێشتخانەکەدا ئاوێزان کرابوو و هێنایانە دەرەوە ، ئەو گۆشتەیان لە ژێر گل ناو شاردیانەوە ، هەروەها ئەو بۆشکە بیرەیەی کە لە چێشتخانەکەدا بوو ئەویش(باکسەر) بە لەققە تێکی شکاندی و فڕێ درایە دەرەوە ، لەوە زیاتر دەستیان لە

شتێکی تر نەدا ، هەموویان ڕایان وابوو کە تـەواوی خـانوەکـان هەروەکو مۆزەی بیرەوەری بپارێزرین و دەستیان لێ نـەدرێـت ، بە تێکڕایی دەنگ بڕیاریـان لـە سـەر ئـەوەدا کـە نابێـت هـیچ ئاژەڵێک سوود لەو خانوەدا وەربگرێت و تیادا نیشتەجێ ببێت .

ئـــەو ڕۆژە کـــە لـــە خـــواردنی چێشـــتخانە بوونـــەوە (سنەوباڵ)و(ناپلیۆن)تـەواوی ئـاژەلـەکانیـــــان کـۆ کـردەوە (سنەوباڵ)گوتی :هاوڕێیان ئیستاکێ کات ژمێر شەش و نیـوی سەر لە بەیانـە ڕۆژێکـی دوور و درێژمـان لـە پـێش دایـە ، بـا ئیمڕۆکە بە دروێنەی وێنجە خۆمان سەرگەرم بکەین و دەسـت بە کارو بار بین ، بەڵام شتێک هەیە کەپێویسـتە ئـەو شـتە لـە پێشان ڕێک بخەین و ئەوسا بە تەواوی دەست بـە کـار بـین ، لەو کاتەدا بەرازەکان ئەوەیان  ئاشکرا کرد و گوتیان لە مـاوەی ئەم سێ مانگەی ڕابوردوو دا سـودیان لـەو کتابانـەی کـە هـی مناڵـەکـانی(جـۆنز) بـووە و لـە سـەر گوفـەکـەکـانی مـەزرادا دۆزراونـەتـەوە خۆیـان پـێ  فێـری خوێنـدەواری و نوسـین کردووە(ناپلیۆن)فەرمـانی دا کـە دوو قـووتی  بۆیـاغی سـپی و ڕەش بێـنن و هـەموویـان بچـن بـۆ لای دەروازەی سـەرەکـی قەمتەرە پێنج شومشیرەکەوە کەلە سەر شەقـامی سـەرەکییـەو دەچێتـــە دەرەوە ، ئـــاژەلـــەکـــان بـــەرەو قـــەمتـــەرەکـــە چوون(سنەوباڵ)بە هۆی ئەوەوە کە لە هەمـوان باشـترو چـاک تری دەینوسی و خەت خۆشتر بـوو ، پێنوسـێکی ڕیشـەیـی لـە

نێوان سمی دەستی دا گرت وئەو نوسینەی کە لە مەو پێش نوسرابوو بە ناوی(قەڵایی مانر)ڕەشی کردەوە و لە جێگەی ئەو نوسینەدا نوسی(قەڵایی ئاژەڵان)و لەو ڕۆژەوە ناوی ئەو مەزرایە بوو بە(قەڵایی ئاژەڵان)ئەوسا بە تێکڕایی هەموویان گەڕانەوە کێلگەوە و(سنەوباڵ)و(ناپلیۆن)ناردیان کەئەو پەیژەیەی کەبە دیواری تەویلەکەوە هەڵواسرابوو هێنایان و ئامادەیان کرد ، ئەوسا بەرازەکان ئەوەیان بۆ ئاژەڵەکان ڕوون کردەوە کە لەو سێ مانگەی ڕا بوردوو دا لە دوای لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەکی زۆر توانیویانە کەپڕۆگرامێک بۆ بنچینەتی ئاژەلیەتی لە حەوت فەرمان دا کورت بکەنەوە و دایبڕێژن ، ئەو حەفت فەرمانەش بۆ ئاگاداری و زانینی تەواوی ئاژەڵان لە سەر دیوار هەڵ دەواسرێت و ئەمەش دەبێتە یاسای چەسپاوی(قەڵایی ئاژەڵان) و دەبێت هەموو ئاژەلێک پەیڕەوی ئەم یاسایە بکاتن و نابێت هیچ ئاژەلێک بە هیچ شێوەیەک لێی لا بدات.

هەرچەندە کە زۆریش زەحمەتە بەراز لە سەر پەیژەوە ڕاوەستێت بەڵام(سنەوباڵ)بە هەزار ناری عەلی بە سەر پەیژەکەوە کەوت ، خۆی بە تەواوی گرت و ڕاوەستا ، لە کاتێک دا کە (سکۆئیلر) قوتیە بۆیاغەکەی لە چەند پلەیەکی خوارتر بۆ(سنەوباڵ)ڕاگرتبوو ئەویش لەسەر ئەو دیوارە ڕەشە دوکەلاویەوەدا بە خەتێکی خۆش و گەورە کە لە ماوەی سێ

مەتر دەخویندرایەوە ئـەم حـەوت فـەرمانـەی خـوارەوەی بـەم شێوەیەی نوسیەوە:

1- ئەوەی کە لە سەر دوو پێیان بڕواتن ئەوە دوژمنە.
2- ئەوەی چوار پێ یەو یا باڵندەیە ئەوە دۆستە.
3- هیچ ئاژەڵێک بۆی نیە کە جل و بەرگ لە بەر بکات.
4- هیچ ئاژەڵێک نابێت لە سەر تەخت بخەوێت.
5- هیچ ئاژەڵێک بۆی نیە کە ئارەق بخواتەوە.
6- هیچ ئاژەڵێک مافی ئەوەی نیە کە ئاژەڵێک بکوژێت.
7- تەواوی ئاژەڵان دۆستی یەکتـرین و جیـاوازی لـە نێوانیـان دانیە.

ئەو حەوت فەرمانەی سەرەوە زۆر بە ڕێک و ێکـی و لـە بار نوسرایەوە جگە لە هەڵەیک کە ئەویش وشەی دۆسـت بـوو کە بە (دویت) نوسرابۆوە لەم هەڵەیە زیاتر هیچ هەڵـەیـەکـی تری تیادا نەبوو(سنەوباڵ)بۆ زیاتر سود لێ وەرگرتنی ئـاژەڵان هەر ئەو حەوت فەرمانەی بە دەنگێکی بەرز خوێندەوە ، تەواوی ئاژەڵەکان بە ســـــەرلەقاندنیانەوە ڕەزامەندی خۆیان دەربڕی ، ئاژەلە زیرەکەکـانیش ڕاسـتەو خـۆ خـەریکـی لـە بـەر کردنـی بڕیارەکان بوون(سنەوباڵ)قەلەمە خوشنوسەکەی فـڕێ داو بـە هاوارەوە گوتی:هاوڕێیان جا بۆ پێشەوە بەرەو کارو وێنجـەزارا ، وەرن بـا هـەمـو پێکـەوە خـۆ ئامـادە بکـەیـن و تـەواوی بـەرو بوومەکانی مەزراکـەمـان زۆر بـە گـورج و گـۆلی و زووتـر لـە

زەمانی جۆنزەوە بەرهەمەکانمان وەدەست بێنـین و داهاتـەکـان کۆ بکەینەوە.لەو کاتەدا سێ هەرچوار چێرەکە کە ماوەیەک بـوو نەدۆشرا بوون و زۆریان ئازار هەبوو بە هـۆی نـەدۆشـینیانەوە دەستیان کرد بە بۆڕە بۆڕ ، ئاخر بیست و چوار سـعات بـوو کـە شیر لە گوانەکانیان مابۆوە بۆیەکە ئازاریان هەبوو و گوانەکانیان ئاوسا بوو ، بەرازەکـان لـە دوای کـەمـێ بیـر کردنـەوە چـەنـد مەنجەلی شیر دۆشینیان هێناو سەرکەوتوانە مانگاکانیان دۆشی ، دەستە بچکۆلەکانی بەرازەکان بە تەواوی بۆ ئەو کـارە دەلـوا ، زۆری پێ نەچوو کە پێنج دانە مەنجەلی کۆچەری گەورەیان پـڕ لە شیر کرد ، تەواوی ئاژەلەکان بە دڵخۆشیەوە لەو کـارە مـوورڕ ببوونەوەو سەیریان دەکرد ، یەکێ لە ئاژەلەکان گوتی:چی لـەو شیرە دەکەن؟مامرێک گوتی(جۆنز)لە کاتی خۆی دا بەو شـیرە پڕپۆرەی بۆ دروست دەکرد و بە ئێمـەی دەداو دەمـان خـوارد ، لەوکاتەدا ناپلیۆن ، هاتە پێشـەوەو گـوتی:هاوڕێیـان لـە شـیر گەڕێن ، پاشان قسەی لە سەر دەکەین و چارە سەری دەکەین ، ئەوەی کە ئیمڕۆ گرینگە کـۆ کردنـەوەی بـەرهـەمـەکانـە ، بـا هاوڕێ(سنەوباڵ)بە پێش بکەوێـت و منـیش لـە دوای چـەنـد دەقیقەیکی تر دێم ، هاوڕێیان بۆ پێشەوە ، وا مـەزرای وێنجـە چاوەڕوانمانە ، ئاژەلەکان یـەکسـەر بـە یـەکـەوە ڕویـان کـردە وێنجەزارەکەوە لەوێ دەست بـە کـار کـردن بـوون ، درویێنـەی وێنجەیان دەست پێ کرد ئەو ڕۆژە هەتا شـەو داهـات زۆریـان

کار کرد و زەحمەتیان زۆر کێشاو پاشان گەڕانەوە ، ئاژەڵـەکـان کە سەیریان کرد و بینیان کەوا هیچ مەنجەڵە شیر لـەو نـاوە دا نەماوە و لە ئارا دانیە.

*

## بەشی سێیەم

زۆریان ڕەنج و ئازارو کوێرەوەری کێشاو گەلێکیان ئارەق ڕشت تا توانیان بەرو بوومی مەزراو وێنجەزاران بدوورنەوە لە عەمبارەکان دا بگرن و ئازۆقەی بژیوی خۆیان دابین بکەن و هەتا توانیان کاریان کردو ئازۆقەیان داگرت ، ئەو هەموو زەحمەت و ماندوو بوونەیان ئەوەی دەهێنا چونکە ئاکامی کارەکانیان سەرکەوتوتر بوو لەوەی کە چاوەڕوانی لێ دەکرا ، لە گەل ئەوەش دا کە کارکردن بۆ ئەوان گەلێک دژوار بوو ، لەبەر ئەوەی  هەموو ئەو ئامرازانەی کە لە بەر دەستیان بوو بۆ مرۆڤ دروست  کرابوو نەوەک بۆ ئاژەڵان ، هیچ وڵساتێک نەی دەتوانی کە کار بەو  کەرستانە بکاتن کە پێوییستی بە لە سەر دوو پێ ڕاوەستانەوە  هەیە ئەمەش بۆ ئەوان گیرو گرفتێکی مەزن بوو ، زۆریان بیر لێ دەکردەوە ، هەولی چارەسەرکردنیان دەدا ، ئەسپەکان کەوا لە کارو باری  کێلگە دا ئاشنایی و شارەزایی پتریان هەبوو و لە جۆنزو کارگەرەاکانی  چاکتریان لێ دەزانی و لە کاری چەمەن بڕی و شەغرەو گێرەو شەنەباکردن و خەرمان هەڵگرتن و تەواوی کارەکانی

وەبەرهەم هێنان لێزان تر بوون و خۆیان زۆر ماندو دەکرد ، بەرازەکان بە خۆیان کاریان نەدەکرد تەنیا سەرپەرشتی و ڕابەرایەتی کارەکانیان دەکرد ، ئەمەش شتێکی ئاسایی بوو لەبەر ئەوەی کە زیرەکی و لێ هاتووی و بیر کردنەوەو زانیاری بەرازەکان شایەنی ئەوەیان هەبوو کەوا سەرکردایەتی و چاوەدێری کردنی کارو بارەکانیان بکەن ، (باکسەر)و(کلۆر)یش خۆیان بە ئامێرەکانی دروێنەو جەنجەڕو زیخ کێشانەوە باش خەریک کردبوو ، ئەلبەتەلەو ڕۆژانەش دا لغاو و ڕێشمەو نەقیزە لەئارادا نەمابوو ، لە کاتێک دا بەرازێکیشیان بە دواوە بوو ، جارو بارەش هاواری دەکرد و دەیگوت(هۆهۆ)یان(هڕهڕ)یان لێ دەکردن ، تەواوی ئاژەلەکان تەنانەت بێ هێزەکانیشیان بۆ بەرهەم هێنانی وێنجەو دروێنەو تەواوی کارو بارەکان کەمتەرخەمیان نەدەکرد و لە هەموو لایەکی کێلگەکەوە هەنگاوی باش باشیان دەهاویشت و تەوای کارەکانیان هەموو لە هەموو زۆر بە چاکی ئەنجام دەدا ، مراویەکان و مامرەکان لە شوو کردنی وێنجەو دانەویلەدا لە ژێر گەرمای ڕۆژدا گەلێکیان خۆ ماندو دەکرد و هەرچی کەوا بڵاو دەبۆوە ئەوا بە دنوکەکانیان دانە بەدانە کۆیان دەکردەوەو زۆریان ڕەنج دەکێشاو خۆیان ماندوو دەکرد.

کارو بارەکانی هەڵگرتنی خەرمان دوو ڕۆژ زووتر لە ڕۆژگارانی (جۆنز) و هاوڕێکانی تەواو بوو ، لە گەل ئەوەش دا

کە دەستکەوتی بەرو بوومەکان گەلێ زیاترو بـە بـەرەکـەت تـر بوو ، تا ئەو کاتە ئەو مەزرایە ئەو هەموو بەر و بوومە زۆرەی بـە خۆیەوە نەدیبوو چونکە تەنیا دەنکێکیشی بە خەسار نەدەچـوو ، مامرەکان و مراویەکان بە چاوە تیـژەکانیانـەوە هـەمـوو دنـک و چلەبچکۆلەکانیشیان کۆ دەکـردەوە و وشـویان دەکـردن ، هـیچ ئاژەڵێک نەبوو کەوا بە ئەندازەی سەری دەرزیەکـیش خیانـەت بکاتن.سـەرتاسـەری ئـەو هاوینـە کـارو بـارەکـانی کێلگـەکـە هەروەک کاتژمێر بەرێوە دەچوو و تا بلێی رێک و پێک و لـە بـار بوو ، هەموو ئاژەلەکان شادو دڵخۆش و کامەران بوون ، هەرگیز لە ماوەی ژیانیان دا ئاوایان بە خۆیەوە نەدی بووو هـەرگیـز بـە خەیالیشیان دانە هاتبوو ، لە هەر لوقمەیەکـی خۆراکیـان تـام و بۆیەکی خۆشتریان دەکردو هەموو بژیو و ئازۆقەی مەزراکەیـان هی خۆیان بوو ، هەموویان  دوورە ژێر دەستی و چـەوسـاوەیـی بوون و ئـازاد و سـەربـەخـۆو دڵشـاد بـوون ، خۆیـان خـاوەن و خـودانی هـەمـوو شـتێکی خۆیـان بـوون و دوور بـوون لـە چەوساندنەوەی ئاغا قرچۆکەکانیان  کەوا خۆراکیان بـۆ دابـەش بکەن و بیان چەوسێننەوە.

لە گەل نەمانی مرۆڤە چاو چنۆک و مشەخـۆرەکـان ، خـواردن و ئالیکێکی زۆریان هەبوو ، لە گەل ئـەوەش  دا کـە ئـاژەلـەکـان شارەزایی و پسپۆریان لە تەواوی کارو بارەکان دا نەبوو و گیـرو گرفتێکی زۆریان دەهاتە پێش ، بۆ وێنـە پـاش کـۆ کردنـەوەی

کشت و کاڵ و دانانی خەرمان بە شێوەیەکی زۆر کۆن جۆخینیان دەهاڕی و شەنەبایان دەکرد ، چونکە لە ناو کێلگەکەدا ئامێری خەرمان کوتان دەست نەدەکەوت و نەیان بوو ، بەڵام تەواوی ئەو کارو بارانەیان بە هۆی زیرەکی و وریایی بەرازەکانەوە و هێز و توانای لە رادەبەدەری(باکسەر)لە ئیش و کارەکان دا هەمیشە بەرەو پێشەوە دەچوو و تەواوی گیرو گرفتەکانیان دابین دەکرد ، خۆ توانای لە رادە بەدەری(باکسەر)جێگەی شانازی و رەزامەندی هەموان بوو ، کەوا ئێستاش بە ئەندازەی سێ ئەسپی تەواو(باکسەر)کاری دەکرد و رۆژ لە دوای رۆژیش دا کارو بارەکانی مەزرا زیاتر دەکەوتە ئەستۆی(باکسەر)ەوە ئەویش هەمیشە بەبێ وچان ملی دەدایێ و هیچ کەم تەرخەمیەکی نەدەکرد و گەلێک سەرکەوتوانەتەواوی کارو بارەکانی ئەنجام دەداو نەدەسرەوت(باکسەر)لە گەل جووجە کەلەشێردا وای بڕیار دابوو کە لە هەموو بەیانێک دا نیوسعات پێش تەواوی ئاژەلەکان لە خەویا هەڵیسێنێتن ، هەرکارێکی کەوا زۆر سەخت وسەنگین بوو ئەوا(باکسەر) زۆر دڵسۆزانە ڕای دەگەڕاندو بەبێ دوا کەوتن ئەنجامی دەدا ، لە هەموو کاتێک دا کە باسێک دەهاتە گۆڕەوە ئەوە (باکسەر)بوو دەیگوت:من هەمیشە زیاتر کار دەکەم ، ئەمەش دروشمی هەمیشەیی ئەو بوو ، هەر ئاژەلێک بە پێی توانای خۆی کاری دەکرد و هیچیان درێغیان

نــەدەکــرد ، مریشــک و مراویــەکــان دانــەوێلــە پــەرت وبــڵاو بووەکانیان دانەدانە کۆ دەکردەوە ، هیچ ئاژەڵێک دزی نەدەکردو لە ئالیک وبژیوی ڕۆژانەیان ناڕازی نەبوون ، ئەو کارانەی کە لە ڕابوردو لە لای ئاژەڵانەوە وەک شتێکی ئاسایی لێ هاتبوو وەکـو لەققە وەشان و پازگرتن و جووتە هاویشتن باویان نـەمـا بـوو ، هیچ یەکێک لە ئاژەڵان  خۆی لە کارو بارەکان  نەدەشـاردەوە و کەم تەرخەمیان نەدەکرد ، تەنیا (مالی)بوو کە بەیانیـان بـۆ لـە خەو هەڵسان و چوونە سەر کار تەمەل بوو و هەروەها هەمیشـە نیو سەعات  زووتر لە تەواوی ئاژەڵانی تر بـە بیـانووی ئـەوەی کە زیخ و وردە بەردو  دڕووی چووەتە ناو کەلێنی سـمەکانیـەوە کارەکەی بە حێ دەهێشت ، کـردەوەی پشـیلەش تـا ڕادەیـەک سەیر بوو ، ئاژەڵەکان هەستیان بـەوە کردبـوو کـەوا پشـیلە لـە کاروبارەکان دا خۆی دەدزێتەوەو تەنیـا لـە دوای کـارو خـواردن سەرو کەللەی پەیدا دەبێ و خۆی نیشان دەداتن ، هەمیشە بـە پرخەپرخی تایبەتی خۆیەوە وای نیشان دەدا کـە هـیچ شـتێک ڕووی نەداوە ، زۆر بە دڵۆڤانی و خۆشەویستیەوە بۆ ئەوەی کەوا کەسێک لێی دوو دڵ نەبێتن و نیازی ناپاکی خـۆی بـە تـەواوی بشارێتەوە هیچ خۆی شلوێ ناکرد و کە هەروەک بلێی  نەبایـەو نەبارانە(بنیامین)ی دێزەش لە دوای شۆڕش و ڕاپەڕین دا هیچ گۆڕانکاریــەکــی بــە ســەر نــەهــات و هــەروەک خــۆی لــە ڕۆژگارانی(جۆنز)دا  چۆن بوو هەرئاوا ماوەتەوەو کارو بارەکـانی

زۆر بە سستی و هێواشی ئەنجام دەدا ، بەڵام هەرگیز خۆی لـە کارەکان نەدەشاردەوە و هەمیشە قەت کاری زیادیشی نەدەکرد ، بە هیچ شێوەیەک لە بارەی شۆڕش و ئەنجامەکانی ڕای خۆی دەرنەدەبڕی و باسی ناکرد ، ئەگەرلەو بارەوە پرسیاریشیان لـێ کردبایـــــە و بیـــــان گۆتبایـــــە ئایـــــا ئێســـــتا لـــــە زەمانی(جۆنز)خۆشترنیە؟ئەویش واتە کـەرە دێـزە لـە وەرام دا دەیگوت(کەر تەمەنێکی درێژی هەیە هیچ یەکێک لـە ئێـوە تـا ئێستا کە کەری مردوتان نەدیـوە) ئـاژەلـەکـانیش بـە ناچـاری خۆیان بەم وەرامە پڕ لەتەوسە ڕازی دەکرد.

لە ڕۆژانی یەکشەممە دا کار نەدەکراو ڕۆژی پشـودان بـوو ، لەو ڕۆژانەدا ئالیکی بەیانیان سەعاتێک درانگتـر دەخـورا ، و لـە دوای ژەمی بەیانیان کوبوونەوەی هەفتانە دەستی پـێ دەکـرد ، یەکەمجار ئالای قەڵایی ئاژەڵانیان بەرز دەکـردەوە ، ئالاکـەش لەو چەرچەفەی کە (سنەوباڵ)لە تفاقخانەکـە دۆزی بوویـەوە و هی خانمی(جۆنز)بوو کە ڕەنگێکـی سـەوزی هـەبـوو ، وێنـەی سمێک و شاخێکیشیان بـە ڕەنگـی سـپی لـە سـەر کێشـابوو ، کردبوویانە ئالای قەڵایی ئاژەڵان و لە ڕۆژانـی پشـودان دا ئـەو ئالایــەیــان بــەرز دەکــردەوەو لــە نــاو مــەزراکــەیــان دا دەشەکایـەوە(سـنەوبـاڵ)دەیگـوت:ڕەنگـی سـەوزی ئالامـان نیشانەی سەوزایی و ژیانی مەزراکانی ئینگلستانە ، وێنەی سـم

و شاخیش نیشانەی کۆماری ئـاژەڵانـە ، کـە ئـەوەش لـە دوای نەمانی مرۆڤ دێتە کایەوە.

له دوای بەرز کردنەوەی ئالا تەواوی ئاژەلەکان بـەشـداری کۆبوونەوە گشتیەکانیان دەکرد کە لە تەویلەکە دا ئەنجام دەدرا ، بەو کۆبونەوەیان دەگوت(میتینگ)کـە لـەو خـڕ بوونـەوەیـەدا تەواوی کارو بارەکانی هەفتەی ئایەندە لە دوای گفت و گۆ لـە سەر شێوە و ئەنجامدانی کارەکان ڕێک دەخراو نـەخشـەی بـۆ دەکێشراوبڕیاری لە سەر دەدرا و ئیشـەکـان دیـاری دەکـران ، هەمیشە بەرازەکان پێشنیارەکانیان وەردەگـرت و بڕیاریـان لـە سەر دەدا ، چونکە ئاژەلەکانی تر نەیان دەتوانی کە بڕیار بـدەن ، بــەڵام ئــەوە فێــر بووبــوون کــەوا ڕای خۆیــان لــە ســەر بدەن(سنەوباڵ)و(نـاپلیۆن)لـە گفـت و گۆکـان دا لـە هـەمـوو ئاژەلەکانی تر زیرەکتر بوون ، هەست بەوەش دەکـرا کـە ئـەم دوو بەرازە لە هیچ کاتێک دا لـە ڕاو بـۆ چوونـەکانیـان دا وەکـو یەک نین و لە بیرو بۆچونەکانیان لە گەل یەکتر جیان ، هەمیشە یەکێک لەو دوو بەرازە کە پێشنیارێکی بکردبایە ئەوا ئەویتریان دژی بوو ، تەنانەت لەو پێشنیارانەش کەوا لە جێگەی خۆی بـوو و پێویستی بە گفت و گۆ نەدەکرد ، بۆ وێنە لە بارەی زەویەکەی کە بۆ ئاژەلە پیرەکان پێشنیار کرابوو لە نێوان ئەو دوو بـەرازەدا مشت و مڕێکی زۆر کراو زۆریان لە سەر باس کرد ، هـەمیشـە کۆیوونەوەی(میتینگ)بە سرودی ئاژەڵانی ئینگلستان دوای پـێ

دەهێندرا ، هەموو دوا نیوەڕۆیانی ڕۆژی یەکشەموو تەرخان کـرا بوو بۆ کاتی  شادی گرتن و حەسانەوە.

بەرازەکان تفاقخانەیان کردبووە جێگەی فـەرمانـدەیـی و هەر لەوێش شەوانە موتـالای ئـەو کتێبانـەیـان دەکـرد کـە لـە مالەکەی (جـۆنز)یـان هێنـابوو و تیـادا فێـری ئاسـەنگـەری و دارتاشـی و هـەنـدێ پیشـە سـازی تـر دەبـوون(سـنەوبـاڵ) سەرگەرمی پێکهێنـانی کۆمیتـەیـەک بـوو بـە نـاوی(کۆمیتـەی ئاژەل)کە بۆ ئەو مەبەستەش هەرگیز درێغـی نـەدەکـردوزۆری خۆماندو دەکرد ، بۆ مامرەکـان(کۆمیتـەی هێلکـە وەبـەر هێنـان )و(کۆمیتــەی تــازە کردنــەوەی ڕا بــۆ ڕام کردنــی ئــاژەڵانــی کێوی)وەک کەروێشـک و مشـک و جـورج و ئـەوانـی تـر ، بـۆ مەڕەکانیش(کۆمیتـەی خـوری و شـیر)یـان پێـک هێنـا بـوو ، لەگەل ئەوانەش دا چونیەتـی فیـر بـوونی خوێنـدەواری گشـتی دیاری کرابوو ، بەڵام ئەم کاروبـارو بیرکردنـەوانـە بـە تـەواوی سەرکەوتوو نەبـوون ، بـۆ وێنـە(کۆمیتـەی ڕام کردنـی ئـاژەلـە کیویەکان) حەل کرا بە هۆی ئـەوەی کـەوا ئـاژەلـەکێویـەکـان ئەوڕەفتار و ڕەوشتانەی کە فێری بوو بوون لە یادیان نەدەکرد و کاتێک کە لە گەل ئاژەلەکانی تر ڕەفتاریان دەکرد بـە هـەڵیـان دەزانی و کاری خراپیان ئەنجام دەداو خوو و ڕەوشتی جارانیـان لە یاد نەدەچۆوەو کاری ڕەفتاری سروشتی خۆیان کەمتر لە یـاد دەچۆوە ، پشیلە کە بۆ خۆی ئەندامێک بـوو لـەو لێژنـەیـەدا لـە

کاتێک دا کە زۆر چالاکانە کاری دەکرد هاوڕێکانی دیتیان ئەوا خەریکە لە گەل چۆلەکە قسان دەکاتن و دەلێت ئێستاکە هەموو ئاژەلەکان دۆستی یەکترین و ئێوەش دەتوانن بێنە سەر پەنجەکانی من هەڵ نیشن و بفڕنەوە!بەلاَم چۆلەکەکان باوەڕیان نەدەکرد ، هەروەک کەمێ لە پشیلەکە دووربوون ئاواش زیاتر دوور دەکەوتنەوە.

پۆلی خوێندەواری زۆر باش بە ڕێوە دەچوو و زۆر سەرکەوتوو بوو بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری ، لەوەرزی پاییز ئەو سالە دا تا ڕادەیەک هەموو ئاژەلەکان فێری خوێندەواری بوون ، سەگەکانیش هەموو شتێکیان دەزانی بخوێننەوە ، ئەوان جگە لە حەوت فەرمانەکە بەولاوە حەزیان لە خوێندنەوەی شتی تر نەدەکرد(مۆریل)ی بزنە سپی چاکتر لە سەگەکان سەری لە خوێندەواری دەردەچوو ، جارو بارەش ئەو پارچە ڕۆژنامەیەی کە لە سەر گوفەکەکانەوە چنگی دەکەوت ئەوا دەیخوێندەوە(بنیامین)ی کەرە دێزەش هەروەک بەرازەکان بوو لە خوێندەواری دا بەلاَم سودی لێ وەرنەدەگرت و دەیگوت(تا ئەوەندەی کە ئاگادارم ئەوە دەزانم خوێندنەوە شتێکی ئاوا نیە کە جێگەی سودو قازانجی هەبێتن).(کلۆر)یش هەموو پیتەکانی لە بەر دەکرد ، بەلاَم لە توانای دا نەبوو کە تەنانەت وشەیەکیش پێکەوە بنێت(باکسەر)یش لە فێر بوونی پیتی دال دابەولاوە هیچی تری لێ بە تەواوی لێ فێر نەبوو ، هەرچەندە

کە پیتی(ئا ، بێ ، سێ ، دێ)ی بە سـمە زلـەکانیـەوە لـە سـەر خۆل دا دەکێشاوەو گوێچکەکانی شۆڕ دەکردەوەو  لێیـان مـووڕ دەبۆوە و سەری بۆ تەکان دەداو بە هەموو توانایەکیەوە هـەولـی ئەوەی دەدا کە پیتەکەی دوایی بێنێتەوە یاد بەڵام بێ سود بوو ، چەند جار ئەو پیتانەی دەور دەکردەوە و پیتەکانی(ئا ، بێ ، سێ ، دێ)ی لە یاد دەچۆوە ، ئیتر وای لێ هاتبوو کە بـەتـەواوی واز لە پیتەکانی تر بهێنێ و بەو چوار پیتانـەی کـە لـە هـەوەل جـار فێری بووە ڕازی بێتن ، هـەمـو ڕۆژێ جـارێکیش ئـەو پیتانـەی دەور دەکردەوە بۆ ئەوەی کە بـە تـەواوی زاری لـە گـۆتنی ئـەو چوار پیتەوە ڕا بێت.(مالی)یش جگە لە چوار پیتی نـاوی خـۆی زیاتر فێر نەبوو ، ئەو پیتانەشی بە چیکەلە دارێکەوە  دەنوسی و بە چەند گولێکیشی دەڕازاندنەوەو بە بەبەهبەە گوتن لە دەورەیا دەخولایەوە ، ئاژەلەکانی تریش جگە لـە پیتـی(ئـەلـف)تـەنیـا پیتێکی تریان بڕ نەکردو فێری نەبوون.

لەدوای تاقی کردنـەوەش ئـەوە دەرکـەوت کـەوا ئـاژەلـە تەنبەلەکان وەک مریشک و مراوی و مەڕەکـان توانـای لـەبـەر کردنی هەر حەوت  فەرمانەکەیان نیە ، پاشـان(سـنەوبـاڵ)لـە دوای ماوەیەک بیرکردنەوەو گوتی:دەتوانن ئەو حەوت فەرمانـە لەم ڕستە کورتەدا کورت بکەنەوەو ئاوا فێری ببن و لـە بـەری بکەن ، ئەوەش بەم شێوەیەیە کە(چوار پا باشەو دوپا خراپە)و ئـەم ڕسـتەیـە تـەواوی خللـەکـانی بنچینیـەتـی ئـاژەلایـەتـی

دەگرێتــەوەو دروشــمی ئــاژەڵانــە ، هــەر ئــاژەڵێــک کــە ئــەم ڕستەیەی لە بەر بێتن ئەوا لە هەڵـس و کـەوت وڕەفتـارەکـانی مرۆڤ دەپارێزرێتن ، لێرەدا بالندەکان ڕەخنەیان لـەم ڕسـتەیـە گــرت ، چونکــە ئــەوان بــە ڕوالــەت لــە ســەر دوو پــا دەڕۆن (سنەوباڵ)گوتی هاوڕێیان بالەکانی بالندەکان ئەندامێکی کاریگەری جولانەوەو فڕینی بالندەیە و وەک دوو پای تر وایـەو بۆ ژیان بە سودە ، دەست کە نیشانەی مرۆڤەو هـەر بـە هـۆی دەستیشــەوەیــە کــە مــرۆڤ تووشــی بــە تــەواوی کــردەوە ناشرینەکان و نالەبارەکـان دەبێـتن ، هـەرچـەنـدە بالنـدەکـان شتێکیان لە گۆتنی (سنەوباڵ)وەگیر نەکەوت بەلام ڕازی بوون ، تەواوی ئاژەلەکان بـۆ لـە بـەر کردنـی ئـەو دروشـمە کورتـەو بنچینەیی ئاژەلیەتی کە(چوار پـا باشـەو دوو پـا خراپـە)ئامـادە بوون ، لە دواییش دا ئەو دروشمە کورت کراوەیان لە سەرووی حەوت فەرمانەکە بە خەتێکی درشت و جوانتر نوسیەوە ، کـاتێ کە ئاژەلەکـان فێـری ئـەو دروشـمە کـورت کـراوەیـە بـوون و چڕینیان زۆر بەلایانەو خۆش بوو بە تایبەتی مەڕەکان لـە کـاتی پشودانیش دا چەد جارێک بە باعە باعەوە ئەو دروشـمە کـورت کراوەیەان دووبارە دەکردەوە.

(ناپلیۆن)بە هیچ شێوەیەک گوێی بەو کۆمیتانە نـەدەدا کەوا(سنەوباڵ )دروستی کردبوون ، ئەو دەیگوت: پێگـەیانـدنی ئاژەڵانی هەراش و لاوەکانی تازە پێ گەیشتو بۆ گەورەکـان لـە

هەموشتێک گرنگترو پێویست ترە.بە ڕێکەوت ماوەیەکی کەم لە دوای تەواو بوونی دروێنەدا هەردو دێڵە سەگەکان (جسی)و(بلوبل)نۆ دانە تولە سەگی ژیکەلەیان وەدونیا هێنا ، هەر ئەو کاتە کە تولە سەگەکان لە شیری دایکیان کرانەوەئەوا(ناپلیۆن)ڕاستەو خۆ گوتی ئەو تولە سەگانە من بە خێوو پەروەردەیان دەکەم ، هەر نۆ تولە سەگەکانیان لە دایکیان جیا کردەوە(ناپلیۆن) یەکسەر بردنیە ئەو ژوورەی کە تەنیا دەرگەیەکی هەبوو ئەویش دەبوایە بە پەیژەوە لە تفاقخانەکەوە ڕا بۆی بچیە ژوورەکەوە ، لەوێ لە گۆشەیەکی چۆل و هۆلی دانان ودووری خستنەوە ، ئاژەلەکان زۆر بە زوویی تولە سەگەکانیان لە یاد چۆوە.

شیری مانگاکانیش زۆر بە زوویی جێ بەجێ کراو هەموو ڕۆژێک لە گەل خۆراکی بەرازەکان تێکەلاو دەکراو بەرازەکان لرفیان دەکرد ، دارە سێوەکانیش بەریان داو پێ گەیشتن ، بەرو بوومێکی یەکجار زۆریان دابوو ، باغەکە پڕ بوو بوو لە سێوی هەڵوەرا ودا ، ئاژەلەکان کە سێوە هەڵوەریوەکانیان کۆدەکردەوە وایان دەزانی کە بە شێوەیەکی یەکسان لە نێوانیان دا دابەش دەکرێتن ، بەڵام لە ناکاوا فەرمان دەرچوو کە دەبێت تەواوی سێوەکان کۆ بکرێنەوە و بۆ بەرازەکان لە ژووری ئازۆقەکەدا دابندرێتن ، لە دوای دەرچوونی ئەو فەرمانە ، هەندێ لە ئاژەلەکان ڕازی نەبوون و قمۆقمۆیان دەکرد ، بەڵام

هیچ سودێکی نەبوو ، چونکە(سنەوباڵ)و(ناپلیۆن)لەو بڕیارە دا پێکەوە بوون و ناکۆکیان نەبوو ، (سکۆئیلەر)یان تەرخان کردبوو کە بۆ شیٚ کردنەوە و لێدوان لە سەر ئەو باسە بدوێتن و بۆ تەواوی ئاژەڵەکان ئەم فەرمانە ڕوون بکاتەوە(سکۆئیلەر)دوای کۆ کردنەوەی ئاژەڵەکان بە دەنگێکی بەرزەوەبەوانی گوت:بە هیوام کە هیچ ئاژەڵێک وا بیر نەکاتەوە کە ئەم فەرمانەمان بۆ کۆ کردنەوەی سێوەکان لە ڕووی خۆ پەسندیەوە و یان خۆ بە باشتر زانین ئەنجاممان داوە ، زۆر لە ئێمە بە هیچ کلۆجێک مەیلی شیر و سێوخواردنمان هەر نیە!من بۆ خۆم یەکێکم لەوانەی کە حەز لە شیر و سێو ناکەم ، تەنیا ئامانج لەو کارەدا ئەوەیە کە خواردنی شیر و سێو سەلامەتی و تەندروستی تیایە ، ئەمەش لە ڕێگەی زانستیەوە زاندراوە کە شیر و سێو هەندی ڤیتامینی تیایە کە بۆ بەرازەکان زۆر پێویستە ، هاوڕێیان ، ئێمەی بەرازەکان ئیش و کارێکی زۆرمان لە ئەستۆ دایە ، کە هەموو ئەو کارانە پێویستی بە بیر کردنەوەیەکی زۆر هەیە ، تەواوی کارو باری قەڵایی ئاژەڵان ، پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە ، دەبێتن کە شەو و ڕۆژ بۆ لە ناو بردن و نەهێشتنی گیرو گرفتەکان و نللەباریەکان ، بیر بکەینەوە ، جا ئەوە باش بزانن کەوا خواردنی شیر و سێو لە بەر خاتری ئێوەیە کە ئێمە وا دەیخۆین ، ئادەزانن ئەگەر ئێمە بە کارو بارەکانی خۆمانەوە خەریک نەبین و پیٚ هەڵنەستین ،

ئـــەوســـا چـــی ڕوو دەداتن؟بـــەڵـــێ ئـــەو کاتـــە (جـــۆنز) دەگەڕێتەوە(سکۆئیلەر) لە کاتێک دا کە کلکی ورشەی دەهـاتێ و بای دەدا و بەولا و ئەملای دا دەڕوانـی و هـەڵ دەبـەزیـەوەو خنکە خنکی بوو وەدەیگوت:ئـەمـەش شـتێکی دیـارە کـە هـیچ یەکێک لە ئێوە ناتانەوێت کەوا(جۆنز)بگەڕێتەوە مەزراکەمـان ، ئەم قسانەی (سکۆئیلەر)کاری لە بـەرازەکـان دا دەکـرد ، خـۆ هیچ یەکێک لە ئاژەلەکان حەزیان لە گەڕانەوەی دام و دەزگـای (جۆنز) نەبوو لە کاتێک دا(سکۆئیلەر)ئەو قسـانەی بـۆ کـردن ئیتر هەمـوو قسـەو قسـەلـۆکی ئـاژەلـەکـانی بـڕی و تـەواوی وڵساتەکان ، تەندروستی و سـەلامـەتـی بـەرازەکانیـان بـەلاوە گرنگ بوو ، هەر بۆیەش بوو کە بـەو بڕیاردانـەی کـەوا شـیرو سێوە ساغ و وەریـوەکـان بـۆ بـەرازەکـان بێـت ڕازی بـوون و ورتەیان لێوە نەدە هات و بێ دەنگ دەبوون .

*

## بەشی چوارەم

*

لـە کۆتـایی هـاوینی ئـەو سـاڵەدا دەنـگ و بـاس و ڕووداوەکانی قەڵای ئاژەڵان دەنگی دایەوەو لە تەواوی ئـەو نـاوەدا بڵاو بۆوەوە(سنەوباڵ)و(ناپلیۆن)هەموو ڕۆژێک کۆترەکانیـان ڕا دەسپارد و دەیان ناردنە مەزراکانی تر هـەتـا لـەو مـەزرایانـەی هاوسێکانیان دا دەنگ وباس و ڕووداوەکانی قـەڵای‌ئـاژەڵان بـۆ ئەوانی تر بڵاو بکـەنـەوەو داسـتانی شـۆڕش بـۆ ئـاژەڵـەکـانی دەرەوەی قەڵای ئاژەڵان شیّ بکەنـەوەو پێیـان ڕایگـەیـەنـن و سرودی ئاژەڵانی ئینگلستانیان بۆ بخوێننەوەو فێریان بکەن.لەو ڕۆژانەش دا(جۆنز)لە مـەیخانـەی( شـێری سـووور)دا سـەرو کەللەی پەیدا ببوو ، بۆ هەموو ئەوانەی کە حـەوسـەلـەی گـویّ ڕاگرتنیان لە(جۆنز)بوایە ، ئـەوا باسـی ئـەوەی بـۆ دەگێڕانـەوە کەوا چۆن ، کۆمەلیّ لە ئاژەڵان زۆر بـیّ بایـەخانـە ئـەویـان لـە مەزراکەی کە مەزرای( مانر)ە دەرپەڕاندووەو چۆن زولمیان لـیّ کردووەو گەلێک بە نـاڕازی بوونـەوە باسـی شۆڕشـی قـەڵایـی ئاژەڵانـی دەکـرد ، تـەواوی جوتیـارەکـانی تـر هـاوڕازی و پـیّ

ناخۆش بوونی خۆیان بۆ(جۆنز)دەردەبڕی و خۆیان زۆر هەڵ دەکێشا ، بەڵام لە هەوەل جارەوە هیچ یارمەتیەکی(جۆنز)یان نەدا کەوا شایەنی باس کردن بێتن ، هەموویان بیریان لەوەش دەکردەوە کەوا بە چ شێوەیەک بتوانی لەم کلۆلە(جۆنز)ەوە ڕزگاریان ببێ و بتوانن سودێک لەم بەسەر هاتەوە وەربگرن و قازانجێک بکەن ،لە ناو خاوەن مەزراکانی ئەوناوەیەدا خۆشبەختانە هەمیشە ناکۆکی و ناڕێکیەکی زۆر هەبوو ، مەزرا فراوانەکەی (فاکس وود)کە هاوسێی مەزراکەی(مانر)بوو خاوەنەکەشی ناوی(پیلکینگتن)بووکابرایەکی زۆر تەوەزەل و تەمەل بوو ، زۆر بە کەمی کاری دەکردن ، کێڵگەکەی هەروەک بلێی لە بیر کرابوو ، تەواوی پەرژین و سابات و ڕێگەو بانەکانی تێک چووبوو ، خانوەکانی ببون بە کەلاوە ، هەموو زەوی و زارەکانی پڕ لە گیای بژارو دڕک و داری بێ سود بووبوون(پیلکینگتن)ی خاوەنی ئەو مەزرایە ، زۆربەی زۆری کاتەکانی خۆی بە ڕاوە ماسی دەبردە سەرو زۆری گوێ بە کارو بارەکانی مەزراکەی نەدەدا ، کێڵگەیەکی تریش لەو ناوە هەبوو کە ناوی کێڵگەی(پێنجفیلد) و خاوەنەکەشی ناوی (فریدریک)بوو ، ئەو مەزرایە بچکۆلە تر بوو باشتر خزمەتی دەکراو(فریدیریک)ی خاوەنی ئەو کێڵگەیە کابرایەکی زۆر تووڕەو تۆسن بوو ، لە گەل ئەوەش دا زۆر هوشیارو زیرەکیش بوو ، ئەو کابرایە هەمیشە خەریکی مەحکەمەو مەحکەمەکاری

بوو بە هۆی مامەلەی خراپ و کارە نابەجێکانی لە گەل ئەم و ئەو دا ، ئەم دوو خاوەن کێلگەیە واتە(پیلکینگتن)و(فریدریک) هەمیشە دژی یەک بوون و بەربەرەکانی یەکتریان زۆر دەکرد ، لەگەل ئەوەش کە لە بەرگری کردنی ئاژەڵانی مەزرای (مانر)دا زۆر هەراسان و تووڕە بووبوون ، هەمیشە وریای ئەوەبوون کە ئەو شۆڕشەی قەڵای ئاژەڵان بڵاو نەبێتەوەو دژی هەموو پڕو پاگەندەو دەرچوونی ناوی ئەو شۆرشەی ئاژەڵان بوون و ڕێگەیان لە بڵاو بوونەوەی ئەو دەنگ و باسانە دەگرت کە لە ناو ئاژەڵانی تر بڵاو نەبێتەوە ، لەو بارەوە هەمیشە بە قاقای پێکەنین و مەسخەرە بازیەوە دەیانگوت :بەڕاستی جێگەی سەرسوڕمان و سەیرە کەوا کێلگەی(مانر)ئاژەڵان بە ڕێوەی ببەن ، دەیانگوت :ئەم کارە لە هەفتەیەک زیاتر سەر ناگرێت ، ئەم شۆڕشە لە ناو دەچێت ، ئەوان ئەوەیان لە ڕوو نەدەهات کەوا کێلگەی (مانر) بە قەڵای ئاژەڵان ناو ببەن و هەمیشە بە ناوە کۆنەکەی مەزرای (مانر)ەوە ناویان دەبرد و دەیانگوت: هاکا بینیتان کە تەواوی ئاژلەکانی مەزرای(مانر)دەکەونە گیانی یەکتری و هەمووشیان لە برسان دەمرن ، بەڵام کە ماوەیەکی بە سەر چوو ، بیریان لەوە کردەوە کە ئەوەی دەیانگوت وانیە ، ئەوان واتە (فریدریک) و (پیلکینگتن)شێوەی قسەو ڕەفتارەکانیان گۆڕی و پڕو پاگەندەیەکی تریان دژی قەڵای ئاژەڵان بڵاو دەکردەوە و

دەیانگوت:خراپە وفەساد و کوشتن وبڕینی خۆ بەخۆیی لـە نـاو قەڵایی ئاژەڵان دا بـڵاو بـووەتـەوەو زۆری پـەرەسـەنـدووە و وا خەریکن یەکتری دەخۆن و کەس دۆستی کەس نیـە و یـەکتـر ئازاردان و شکەنجەیان لە ناو دا یـەکجـار زۆر بـووە ، تـەواوی ئاژەلەمێیەکان لە ناو نیـرەکـان دا هاوبـەشـن ودەیـانگوت:کـە تەواوی ئەو ڕووداوانە سەرەنجامی سەرپێچی کردنە لە یاسایە سروشتیەکان.

ئەم داستانەی قـەڵای ئـاژەڵان زۆر بـە تـەواوی جێگـەی بڕواکردن نەبوو ، کەوا بەو شێوەیە ئاژەڵان بکارن کەوامرۆڤ لە کێلگەی(مانر)دا ڕاو بنێن و دەریان پـەڕێـنن ، ئـەو داسـتانەی قەڵای ئاژەڵان بە زۆر شێوەی جۆراو جۆرباسی لێوە دەکرا.هـەر لەو سالانە دابوو کە هەڵگـەڕانـەوەو یـاخی بـوونێکی زۆر دەورو بەری قەڵای ئاژەڵانی گرتەوە ، ئەو گایانەی کـە هـەمیشـە ڕام بوون ئەوا کێویانە ڕەفتاریان دەکرد ، مەڕەکان پـەرژینـەکانیـان دەشێلاو تێکیان دەدا ، بە  پـاوان و قـەرسـیلەکـان وەردەبـوون وتخوب و سنورەکانیان دەبەزاند و لێی دەردەچوون ، چێلەکان و گامێشـەکـانیش بـە لـەققـە دیـزە شـیرەکانیـان وەردەگێـڕا ، ئەسپەکان لە کاتی ڕاو کردن دا ساتمەیـان دەکـرد و بـە سـەر کۆسپ و تەگەرەکان ملیان نەدەناو دەغەزریـن وسـوارەکانیـان دەگلانـد ، لــە هــەمــوو ئــەوانــە گرنگتــر ئــەوەبــوو کــەوا سرودی(ئاژەلانی ئینگلستان)بە شێوەیەکی سەرسـوڕهێنەرەوە

لە تەواوی ئـەو دەورو بـەرەی قـەڵای ئـاژەڵان دابـڵاو ببـووەوە ، هەمویان وشەکانی سرودی(ئاژەڵانی ئینگلسـتان)یـان دەزانـی هەرچەندە کە مرۆڤەکان وایان نیشان دەدا کـە ئـەمـە شـتێکی مەسخەرەو گاڵتە پێکـراوەو زۆر بـێ نرخـە ، بـەڵام مرۆڤـەکـان ئەوەیان نەدەتوانی کەوا لەڕاســـــت ئـەوەدا بـێ دەنـگ بـن و گوێی پێ نـــەدەن و دەیانگوت:کە چۆن دەبێتن چوار پایەکان ئامادە بن و بە ئـاوازەوە ئـەم سـروودە بـێ نرخـە بچـڕن ، هـەر ئاژەڵێک لە کاتی خوێندنەوەی ئەم سرودە بگیرێتن  ئـەوا تێـرو پڕ بە خوترمەو مەترەق دەیـان کـوتن  ،  لـە گـەڵ ئـەوەش دا سرودی (ئاژەڵانـی ئینگلسـتان)نـەدەبڕایـەوەو پێشـگیری لـێ نـەدەکـراو بـێ دەنـگ نـەدەکرایـەوە  ،  هـەر بـڵاو دەبـووەوە ، باڵندەکان لە سەر دارو لێواری پەرژینەکـان بـە جریـوە جریـو و جوکە جوکەوە سرودیان دەچڕی ، کۆترەکان بە گمـە گمیانـەوە سرودیان دەچڕی ، ئاوازی سرودی (ئاژەڵانـی ئینگلسـتان)لـە دەنگی زەنگی کلیسەکان ولە گـەل چـەکـوچی ئاسـنگرەکـان و دەنگ وڕەنگی دەدایەوەو بە تاخی ئاسمانەوە دەچـوو ، بیسـتنی ئەو ئاوازەو هەواڵەکانی قەڵای ئاژەڵان ترسێکی زۆری خستبووە ناو دڵی خەڵکـەوە ، مرۆڤـەکـان ئایـەنـدەیـەکـی زۆر خـراپ و شومیان تیادا وەدی دەکرد.

لە سەرەتای مـانگی ئۆکتۆبـەری ئـەو سـاڵە دا ، کـە داناش و دانەوێڵە دروێنە کرابوو ن و گەلێک لە خەرمانەکـانیش

گێرە کرا بوون و کوترا بوون ، دەستەیەک لە کۆترەکان لە حەواوە چەرخێکیان لێ داو زۆر بە پەلە و پەشۆکاویەوە لە حەوشەی قەڵای ئاژەڵان دا نیشتنەوەو هەواڵیان بە ئاژەڵان ڕا گەیان کەوا دوژمنان هێرشیان هێناوە.

(جۆنز)لە گەل شەش کەسی تر کە سەر بە مەزرای(فاکس وود)و (پێنجفیلد)بوون لە دەروازەی قەمتەرەکەی قەڵای ئاژەڵان  دا هاتوونەتە ژوورەوە ، وا بەرەو پێشەوە دێن ، جگە لە(جۆنز)کە تفەنگدارەو وەپێش هەموان کەوتووەو ئەوانی تریش هەموویان خوترمەو گۆپال بە دەستەوەن و دیارن کە نیازیان خراپەو نیازیان هێرش  کردنە بۆ سەر  قەڵای ئاژەڵانەوە و دەیانەوێ کە قەڵای ئاژەڵان داگیر بکەنەوە ، ئەوەش وەنەبێت کە چاوەڕوانی لێوە نەکرابێت ، ئاژەلەکان هەموویان وشیارو ئامادەی بەرگری کردن لە دەستکەوتەکانیان دژ بە هەموو هێرشێکی مرۆڤەوە بوون(سنەوباڵ) کە دەربارەی جەنگەکانی(ژۆلسزار)ەوە لە پەرتوکە کۆنەکانەوە خوێندبۆوەو لەوە فێری بەرگری کردن لە کاتی هێرشەکانی دوژمنان بووبوو ، یەکسەر کە هەواڵی هێرشی مرۆڤەکانی بیست ، فەرمانی پێویستی دەرکرد ، لە ماوەی دەقیەقەیەک دا تەواوی ئاژەڵان ئامادەی بەرگری کردن بوون(سنەوباڵ)یەکەم هێرشی دەست پێ کرد ، کۆترەکان کە ژمارەیان سی و پێنج کۆتر دەبوو لە حەواوە جقنە بارانی

مرۆڤە نەیارەکانیان دەست پێ کرد ، تا مرۆڤەکان خەریکـی لـە ناو بردنی ئەو گرفتاریە بوون ، مراویەکان لە ناو پەرژینەکانـەوە لێیان ڕاپەڕین وپەلاماری جومگەوپا و قاچ و قولی مرۆڤەکانیان دەداو زۆر بە توڕەیی و قینـــەوە بـە گـەزەو دنـوک لـێ دانیـان دایان دەگرتن ، ئەم بەرگریە تەنیا تاقی کردنەوەیـەک بـوو بـۆ سەر لێ شێواندن ، مرۆڤە نەیارەکان توانیان کە بە ئاسانی بـە خوترمـــەو گۆپللـــەکانیانـــەوە مراویـــەکـــان ڕاو بنـــێن ، ئەمجارە(سنەوباڵ)دوەم هێرشی دەست پێ کردەوە(مۆریل)ی بزنە سپی قۆچ دارو (بنیامین)ی کەرەدێزەش بە هەمـوو هێـزو تواناییانەوە لە هەموو لایەکەوە مرۆڤەکانیان دایـە بـەرهێـرش و پـەلـەماردانـەوە ، بـە قـۆچ و لـەقـە وەشـاندنیانەوە هـەرچـی هێزوتاقەتێکی کە هەیان بوو بە کاریان هێنان ، بەڵام خوترمـەو پێلاوە بزمار دارەکانی مرڤەکان لـە خـۆ ڕاگرتنـی ئـاژەلـەکـان بەدەربوو ، بەو نەعرەتـەی کـە (سـنەوبـاڵ)دای بـە نیشـانەی کشانەوە بەرەو دواوە ، تەواوی ئاژەلەکان لە ڕێـڕەوەکـە بـەرەو دواوە کشانەوە ، مرۆیەکان هاواری سەرکـەوتنیـان کـرد ، کـە دوژمنەکانیان بەو شێوەیەراو ناو وا هەڵاتن ، مرۆڤەکان زۆر بە ناڕێکی و کەمتەرخەمی کەوتنە دوای ئاژەلـەکـــان ، نـەیـان دەزانی کە ئەمـەتـەکتیکـی (سـنەوبـاڵ)بـوو کـە دەیـەویسـت دوژمنەکانیان واتە مرۆڤەکان زیاتر بچنە ناو قولاییەوە ، ئەوسا ئاژەلەکان دەستی تەواوی خۆیـــان بوەشـێنن ، لـەو کاتـەدا

کە مرۆڤەکان بە کۆلانە تەنگەبەرەکە بەرەو تەویلەکەوە دەڕۆیشتن ، ئەوسێ چێرو بەرازانەی کە لەوێ سەنگەریان لێ گریبوون و لە کەمین دا بوون ، لە ناکاو لێیان هاتنە دەست وپەلاماری مرۆڤەکانیان داو ڕێگەیان لێ گرتن ، ئەوجا(سنەوباڵ)بە نیشانەوە فەرمانی هێرشی تەواوی ئاژەڵانی داو بۆ خۆشی ڕاستەوخۆ هێرشی کردە سەر(جۆنز)و پەلاماری دا و (جۆنزی)ش یەکسەر ڕووی لە(سنەوباڵ)کردو فیشەکێکی لێ خاڵی کردو ساچمەیەکی ئەو گوللەیەپشتی(سنەوباڵ)ی کەمێک زامدار کردو مەڕێکیشی کوشت ، ئەوسا (سنەوباڵ)یش بە بێ چەند و چوون ، بەو جەستە زلەی خۆیەوەخۆی هاویشتە سەر(جۆنز)ەوەو بە زەویا داداو تفەنگەکەی لە دەستەوە پەڕاندە ئەولاوە ، لەوەش سامناکتر ئەوەبوو کە(باکسەر)هەستابۆوە سەر پاشییان و بە هەموو هێزو توانای سمە گەورەناڵدارەکانی خۆیەوە ڕای دەوەشاند و سەرو گێلاکی مرۆڤەکانی دەکوتاو یەکەم چەپۆکی بە هێزی بە کەللەسەری یەکێک لە کرێکارەکانی(فاکس وود)ی دادا و جێ بەجێ لەوێی خستیەسەر زەویەوەو کارگەرەکە وەک مردویەک یەک بە زەوی خۆی ڕاکێشا ، ئەم دیمەنە بۆ تەواوی مرۆیەکانی تر زۆر ترسناک بوو ، یەکسەر هەندێکیان خوترمەکانیان فڕێ داو بۆی دەرچوون ، لەو کاتەش دا کە هەندێکیان هەڵاتن ، ئەوانی تریش ترسێکی

زۆر دای گـرتن ، ئـاژەڵـەکـانیش بـە تـەواوی لێیـان هاتنـە دەستەوەو لەدەورو بەری حەوشەکـەوە پـەلاماریـان دان ، بـە قۆچ و لەققە و گەزەو جووتەوە کونەمشـکیان لـە مرۆڤـەکانـەوە کرد بە قەیسەری و شەپرزەیان کردن ، پشیلەش لە ناکاوەوە لە سەر یەکێ لە خانوەکانەوە خۆی فڕێ دایە سەر شانی یەکی لە پاوانەکان و چڕنوکی تێژی خـۆی بـە تونـدی لـە گـەردەنـی گاوان دا گرت و گاوانیش یەک بە خۆی هاواری لێ هەستاو زۆر بە پـەلـە ڕای کـرد و قوچانـدی ، هـەر لـە گـەل ئـەوەی کـە هێرشکەرە مرۆڤەکان ، هەڵیان بۆ ڕەخسا بە پڕە پـڕەوە ڕایـان کرد و ، لە شەقامەکەی سەرەکـی قـەڵای ئـاژەڵانـەوە تێیـان تەقاندو هەڵاتن و لەو ناوە نەمان ، تەنانەت پێنج دەقیقەش لە دوای هێرشەکەوە خۆیان پـێ ڕا نـەگیـراو تێـک شـکان ، لـە کاتێ کە مرۆیەکان هەڵ دەهاتن ، ئاژەلەکان وەدوایان کەوتن و مراویەکان بە جووقـە جـوق و قیـژە قیـژەوە جومگـەو قـاچی مرۆڤەکانیـان گـاز دەگـرتن و تـا لـە قـەڵای ئـاژەڵان دەریـان پەڕاندن و ڕاویان نان ، مرۆیەکان هەموویان قوتار بوون جگـە لە یەکێکیان کە کە بە لەققـــەی(باکسـەر) کـەوتبوونـە سـەر زەوی و لە سەر زگ لێی کەوتبوون (باکسەر) دەیەویسـت کـە بە سمە گەورەکانی وەری بگێڕێتە سەر پشت و بزانێ ماوە یـان مردووە ، بەڵام کابرا نققەی لێ بڕا بوو(باکسەر)یش کەئاوای دیت مردووە گـوتی:مـن نـەم دەویسـت ئـەم کـارە بکـەم ،

ئەوەم لە یاد چوو بوو کەوا نالی سمەکەم ئاسنە ، هیچ مەبەستێکی کوشتنی ئەم کابرایەم نەبوو ، بەڵام کێ باوەڕ دەکاتن کەوا من مەبەستی کوشتنم نەبووە ؟(سنەوباڵ)یش کە هێشتان خوێن لە برینەکانی دا بازڕقەی دەکردو نەڕاندی و گوتی:هاوڕێ (باکسەر)سۆز و دڵسۆزی پێویست ناکات ، شەڕ هەر شەڕە ، تەنیا مرۆڤێکی مردوو مرۆیەکی باشە(باکسەر)یش لە کاتێک دائەسرین لە چاوەکانی زەنگول زەنگول دەهاتە خوارەوە ، دووبارەی دەکردەوەو دەیگوت:من نەم دەویست ئەم کارە بکەم و دەست بخەمە گیانی هیچ بوونەوەرێکەوە ، تەنیاگیانی مرۆڤیش. لەو کاتەدا یەکێک لە ئاژەڵەکان گوتی:ئەی هاوڕێیان کوانی(مالی)خۆ ئەو دیار نیە؟دەبێ چی وەسەر هاتبێتن؟ ماوەیەک ترسێکی زۆریان لێ نیشت ، لەوە دەترسان کە دوژمنەکان زیانێکیان بە (مالی)گەیاندبێتن ، لە دوای گەڕان و سوڕان دەرکەوت کە(مالی)لە لای ئاخوڕەکەی خۆیەوە دۆزرایەوە کەوا سەری بردۆتە ژێر وێنجەوەو لەوێ خۆی شاردۆتەوە ، هێندەی پێ نەچوو دیان کە کابرای بێ گیان و کەوتوو وەسەر زەوی دا کە بێ هۆش بووبوو و ئەو نەمردبووو هاتۆتەوە هۆش خۆی و وا ڕا دەکات ، ئەو دیمەنە سەرکەوتووە ، تەواوی ئاژەڵەکانی شاد و دڵخۆش دەکردو ئەوەندەکامەران و خۆشحال بوون کەوا یەک بە دەنگی خۆیانەوە هاواریان دەکردو داستانی پڕ لە

سەرکەوتن و سەربەرزی خۆیان لەو جەنگە دا دەگێڕایـەوەو بـۆ یەکتریان ڕاڤە دەکرد ، بەبێ هیچ خۆ ئامـادە کردنێـک جـەژنـی سەرکەوتنیان ساز کرد و ئاهەنگی سەرکەوتنیان بەرپاکرد ، ئالا بەرز کرایەوە ، سرودی (قەڵای ئاژەڵانی ئینگلستان)یان چەنـد جارێک لە دوای یەک خوێندەوە و چڕانـدیان ، ئـەوسا زۆر بـە ڕێکی و سەربەرزیەوە تەرمـی مـەڕەکـەیـان ناشـت و چـەپکـە گولیان لە سەر گۆڕی مەڕەکە داناو ئەوسا(سنەوبـاڵ) لـە سـەر مەزاری مەڕە کوژراوەکە دا وتارێکی خوێندەوەو گـوتی:دەبێـتن تەواوی ئاژەڵان خۆیان لە پێناوی قەڵایئاژەڵان دا بەخت بکـەن و ژیانی خۆیان بکەنە قوربـانی و ئامـادەبـن تـا دوا هـەناسـەی ژیانیان بەرگری لـە قـەڵای ئـاژەڵان بکـەن (سـنەوبـاڵ)ئـەم قسانەی دوبارە دەکرنـەوە ، ئـەوسـا ئـاژەلـەکـان بـە تێکڕایـی بڕیاریان دا کە میدالیای ئازایەتی و گیان بەخـت کـردن دیـاری بکرێت بۆ تەواوی ئاژەڵانی نەترس و ئازاو لە خۆ بوردو کـە لـە ئاوا ڕۆژانێک دا ئازایەتی دەنوێنن ، ئـەمـەش پـەسـەنـد کـراو میدالیای پلەی یەکەم درا بە(سنەوبـاڵ)و(باکسـەر)یـش ئـەو میدالیایەی کەلە ژووری ئەسپەکاندا لە زین و کورتانەکان دۆزرا بـۆوەوە و ڕەنگێکـی زەردو نایـابی هـەبـوو ، واش بڕیـاردرا کـە ڕۆژانی یەکشەموان لە کاتی حەسانەوەدا میدالیاکە بەسنگیانەوە هـەڵواسـن ، میـدالیای پلـەی دووەمـیش دیـاری کـرا و درایـە مەڕەکوژراوەکە ، پاش ئەم بڕیارە درێژەیان بە کۆبوونەوەکەداو

لەو كۆبوونەوەیەدا باسی تەواوی شەڕەكە و سەركـەوتنیـان بـە سەر هێرشی مرۆڤەكان دا كـرد ، بیریـان لـەوە كـردەوە كـەوا ناوێك بۆ ئەو شەڕە دیاری بكرێت ، بـە تێكڕایـی بڕیاریـان دا كە ناوی ئەو شەڕە ببێ بەجەنگی (مۆلگا)چونكە لەوێوە واتە لە مۆلگاوە هێرش دەستی پێ كرابوو ، تفەنگەكەی(جۆنزی)یـش كە لـەسـەرزەوی دا كـەوتبوولـە گـەل تـەواوی فیشـەكـەكـان هەڵگیرایەوەو بڕیاردرا كە وەك شتێكی گرنگ بپارێزرێـت و لـە خوارووی ئالای قەڵای ئاژەڵان دا هەڵبواسرێت و لە سـالێكیش دا دووجاران لە ڕۆژی دوازدەی ئۆكتۆبـەرەوە و لـە نـاوەڕاستی وەرزی هـاوین دا بـە یـادو بیـرەوەری سـەركـەوتـن لـە جەنگی(مۆلگا) و سەركـەوتنـی ئـاژەڵان لـەو شـەڕەدا وەسـەر مرۆڤان و سەربەرزی قەڵای ئاژەڵان و بـەرپـا بـوونی شۆڕشـی قەڵای ئاژەڵان تەقەیەكی پێ بكرێت و هەڵبگیرێت.

*

## بەشی پینجەم

ساردو سڕی زستان و بەفرو بووران تا دەهات نەزیکتر دەبۆوە(مالی)یش ڕۆژ بەڕۆژ گیرو گرفتەکانی زۆرتر دەبوون ، هەموو ڕۆژێک مالی بە بەهانەی زۆرەوە درەنگترلە ئاژەلانی تر لە خەو هەڵ دەستاو درەنگ دەهاتە سەرکارکردنەوە ، هەرچەندە کە (مالی) لە خواردن دا هیچ بەلایەکی لێ نەبوو و زۆربەباشی خواردنی دەخوارد ، بەلام هەمیشە خۆی وا نیشان دەدا کە ئەو نەخۆشیەکی نادیاری هەیەو گەلێ ڕەنجی گێوە دەکێشێتن ، زۆری بڕوبیانووی بۆ خۆی دەدۆزیەۆە و ، بە بچوکترین بە هانە کاری بەجێ دەهێشت و دەچۆوە سەر گۆماوەکەو لەوێ زۆر بە گەوجانە دەیڕوانیە وێنەی خۆی کە لە ناو ئاوەکەڕەنگی دەدایەوە ، گەلێ گڕو گاگەندەو قسەوقسەلۆکیش بە ڕاست و درۆ لە دواوەی مالی دەکرا ، ڕۆژێکیان(مالی) لە حەوشەکەی قەلای ئاژەلان گیاسەی

دەکرد و هێواش هێواش کلکە شۆڕەکەی خۆی ڕادەوەشاند و وێنجەی دەخواردو لەوکاتەدا(کلۆر) ئەوی بانگ کردە ئەولاوە و بە(مالی) گوت:شتێکی گرنگ هەیە کە دەمەوێ گێت ڕا بگەیێنم و باست بۆ بکەم ، ئەویش ئەوەیە کەئیمڕۆکەبەیانی من تۆم لە لای گەرژینەکەوە دیوەو سەیری ئەودیوی گەرژینت دەکردو لە مەزرای(فاکسوود)مۆڕ بووبیەوە ، یەکێک لە مرۆکانی ئەو مەزرایە لەودیوەوە وەستابوو ، هەرچەندە من دوور بووم لێتان ، بەڵام تۆ ڕوخسەتت بەو کابرایە مرۆڤە دابوو کە دەست بە سەرو لموزی تۆیا دابێنێتن و قسانت لە گەل دا بکاتن ، ئەمە یانی چی؟تۆ چ وەرامێکت بۆ ئەو گرسیارە هەیە؟(مالی)یش دوای ئەوەی کە ئەولا ئەولای ڕوانی و ئەوسا بە جووتە هاویشتن و لەققە کوتانەوە هاواری کرد وگوتی وا نیەو دەستی بەسەر لموزی من دانەهێناوە و هەرگیز من ئەم کارەم نەکردووەو ئەمە درۆیە(کلۆر) ڕووی کردە (مالی)و گوتی سەیری چاوی من بکە و سوێند بخۆ بلێ کە تۆ ئەم کارەت نەکردووە و ئەو کابرایە دەستی بە سەر لمۆزی تۆوە نەهێناوە(مالی)هەرچەندی دەکرد نەیدەتوانی کە تەماشای(کلۆر)بکاتن و سوێند بخواتن ، بەڵام دیسان هەر حاشای لێ دەکردو دەیگوت ئەمە درۆیە ، ئیتر لەو ڕۆژەوە(مالی) ڕۆیشت و قەڵای ئاژەڵانی بەجێ هێشت و لەوێ نەماو بۆی دەرچوو.

(کلۆر) بەبێ ئەوەی کە هیچ شتێ بە کەس بلێت چووە لای ئاخوڕەکەی (مالی) لەوێ بە سمە گەورەکانی هەموو کاو وێنجەکەی ناو ئەو ئاخوڕەی سەرو بن کردو بە وردی دەگەڕا تا چەند کلۆ شەکرو ڕێشمەیەکی ڕەنگاو ڕەنگی لە ژێر وێنەو گیای ناو ئاخوڕەکەی(مالی)دا کە شاردرابۆوە دۆزیەوە ، لە دوای هەفتەیەک لە ون بوونی(مالی)دا کۆترە هەوال دەرەکان هەوالیان هێنا کەوا(مالی)یان لەوبەری مەزرای(ویلنگدن)ەوە لە گێش دەرگای مەیخانەکەوە کە گالیسکەیەکی سورو سپی بە دواوە بوو و مرۆڤێکی سورەی خرگن و گوگن کە لە کرێکارەکان دەچوو دەستی بە سەر لمۆزی(مالی)وە دا دەهێناو وردە وردە کلۆ شەکری دەدایە (مالی)ئەویش دەیکرۆشت و دەیخوارد ، کۆترەکان دەیانگوت وا دەردەکەوت کە (مالی) لە مێژ نەبوو قەشە کرابوو ، ڕێشمەیەکی بنەوشیان بە سەر و کەللەیەوە هەڵواسی بوو ، کۆترەکان دەیانگوت(مالی)وا دیاربوو کە زۆر لە وەزعی خۆیەوە ڕازی بوو ، ئیتر لەو کاتەوەئاژەڵان باسی (مالیان) نەدەکرد و لە بیرەخۆیان بردەوە.

مانگی ڕێبەندان هات و سەرماو سۆلێکی زۆری ئەو زستانە بە تەواوی هێرش هێناو شەختەو سەهۆل بەندانێکی تا بلێی سەخت و ساردو سڕ بوو ، تەواوی کارو بارەکانی قەڵای ئاژەڵان گەکی کەوتبوو و هەمووی ڕاوەستا بوو ، ئاژەلەکان زوو زوو کۆبونەوە وسمینارەکانیان ئەنجام دەدا ، بەرازەکان

سەرگەرمی نەخشەکێشان و کارو بارەکانی داهاتوو بوون ، تەواوی ئاژەلەکان دانیان بەوە دانا بوو کەوا بەرازەکان زیرەک و زیاترن وهەر ئەوانیشن کە دەتوانن نەخشەو گیلانەکان و کارو بارەکانی قەڵای ئاژەڵان دابڕێژن و دیاری بکەن ، ئەو کاروبارانە هەر بەبەرازەکان دەکرێت ، بەڵام دەبێت هەموو نەخشەو گیلانێکیش ڕای هەموانی لە سەر بێتن ، ئەگەر (ناپلیۆن)و (سنەوباڵ)یەکگرتوبان ئەوا تەواوی کارو بارەکان لە جێگەی خۆیاندا بەڕێوە دەچوون ،

بەڵام ئەو دوو نێرە بەرازە لە تەواوی کارو بارەکان دا هەمیشە دژ بە یەکتر بوون بۆ وێنە ئەگەر یەکێ بیگوتبایەکەوا باشترە ئیمسال جۆی ڕەش بچیندرێت ئەویتر قیت دەبۆوەو دەیگوت نەخێر وا باشترە کە ئیمسال جۆی سپی بچیندرێتن ، یان یەکێکیان ئەگەر بیگوتبایە فلانە زەوی بۆ چاندنی کەلەم باشە ، ئەویتر دژایەتی دەکرد و دەیگوت نەخێر ئەو زەویە بۆ چاندنی چەوەندەر گەلێ باشترەو لە بارترە ، ئا بەو شێوەیە ئەو هەردو بەرازە دژ بە یەکتر بوون و هەمیشە مشت و مڕیان بوو لە گەل یەکتری ، هەر یەکێکیش لەو بەرازانە لایەنگری خۆیان هەبوو ، بە هۆی ڕەوانی و قسەی گوخت و ڕوختی(سنەوباڵ)هەمیشە لە تەواوی مەسەلەکان دا دەنگی زیاتری لە(ناپلیۆن)دەهێناو لایەنگری گتیر هەبوون ، لەدەرەوەی کۆبوونەوەکانیش دا هەردەم (سنەوباڵ)سەرکەوتووتر بوو ، بە تایبەتی لە ناو

مەڕەکان دا لایەنگری زیاتری هەبوو ، لەو دواییە دا مـەڕەکـان فێر بووبون ، کە بە باعە باعەوە بڕگەکەی بڕیـارەمـی(چـوارگێ باشەو دوو گێ خراگە)یان لە جێ و بێ جێ دا بـە باعـەباعـەوە دەگوتـەوە و دەیـان چڕانـدو زۆر جـاران بـەو باعـە باعـەیـان کوۆبوونـەوەکـەیـان  لێـک دەدا بـە تایبـەتـی لـەو کاتـەدا کـە (سنەوباڵ)قسەی کردبایە ، (سنەوباڵ)چەند گـەڕتـوکێکی لـە بارەی جوتیاری و مەڕداری و مالات بە خێو کردن  خوێندبۆوکـە لە ڕووی ئەو کتێبانەدا گەلێک نەخشەی کارو بارەکانی جـوتێری و مەزرا فێر بـوو بـوو ، لـە بـارەی جوتیـارو گـەینـی کیمیـایی و ڕێخستن دا زۆر لێزانانە دەگەیقی و گەلێک نەخشـەی گرنـگ و گـــوختی بـــۆ کـــارو بـــاەکـــان کێشـــا بـــوو کـــە بـــە گێـــی نەخشەکانی(سنەوباڵ)ئاژەلـەکـان هـەمـوو گـەینـەکانیـان لـە شوێنێکی دیارکراودا دادەنا ، (ناپلیۆن)هیچ نەخشەیەکی نەبـوو ، تەنیازۆر بە لە سەر خۆییەوە دەیگوت نەخشەکانی(سنەوباڵ) بە هیچ ئەنجامێک ناپاتن ، دیابوو کـە (نـاپلیۆن) بـە تـەمـای هەلێکی لەباربوو ، دەربارەی ئاشی با دروسـت کـردن مشـت و مڕێکی زۆر کرا ، کە بۆ هیچ کارو بارێکی تر ئا بەو شێوەیە مـڕە مڕ نەکرابوو(سنەوباڵ)لە دوای شێ کردنەوەیەکی زۆر گوخت و لە بارگوتی : گێویستە کە (ئاشی با)لەو شوێنە بەرزەی مـەزرای ئـاژەلان دروسـت بکـرێتن کـە کـەمـێ لـە خـانوەکـان دوورەو گردێکی لە بارو جێگەیەکی زۆر باشە بۆ ئەو مەبـەسـتە ، لـەوێ

دەتواندرێت بە(ئاشی با) کارەبای تەواوی قەلآی ئاژەلآن دابین بکرێتن ، ئەوساکە هەموو ئاخوڕەکان ڕێگەو بانەکانی قەلآی ئاژەلآن بەو کارەبایە ڕوناک دەبێتەوەو تەواوی ئامرازە گێویستەکانی میکانیکی مەزرا وەک مشاری کارەبایی و ماشێنی خەرمان کوتان و وێنجە ورد کردنی کارەبایی و ماشێنی شیر دۆشین و تەواوی ئامێرازەکانی تر بە هۆی کارەبای ئاشی بایێ دابین دەکرێتن ، ئاژەلەکانیش کە تا ئێستا ئەم کەل و گەلانەیان نەدیبوو و تەنانەت ناویشیان نەبیستبووچونکە تەواوی کەل و گەلاکانی قەلآی ئاژەلآن سەرەتایی و کۆن بوون ، هەر بۆیەش بوو کە زۆر بە سەرسوڕمانەوەگوێیان بۆ (سنەوبالْ)شل دەکردو کە باسی ئەو کەل و گەلانەی بۆ دەکردن گوێی خۆیان قەلآیغ دەکرد(سنەوبالْ)شێوەی کارکردن و سود وەرگرتن لەو ئامێرە جۆراو جۆرانەی بۆ ئاژەلەکان ڕون دەکردەوەو و باسی بۆ دەکردن ، دەیگوت کە ئەو ئامێرە عەنتیکانە خوێندن و لەوەڕگای ئاژەلآن و بیرکردنەوەیان زیاتر بەرەو گێشەوە دەباتن و تەواوی ئاژەلآن لەم کێلگەیە لە هەموو ڕویەکەوە دلْنیاتر دەبنەوە(سنەوبالْ)هەموو کارو بارەکانی ئاشی بایێی بە تەواوی نەخشەکچشا بوو ، بۆهەموو کارێک بە شێوەیەکی لە بارەوە تەواوی ڕێکخستبوو کەوا چی بکەن باشە ، سنەوبالْ ئەو هەموو نەخشەو شارەزایی و زانینانەی لە گەڕتوکەکانی

کتێبخانەی مالی جۆنزەوە سودی لێ وەرگرتبوو ، هەمـوو ئـەو زانیاریانەی کە وەری گرتبوو لەم سێ کتێبانە فێر بووبوو:

1-هەزار کاری بە سـود بۆمال.

2-هەموو دەتوانن ببن بە ئەندازیار.

3-فێربوونی کارەبا بۆ تازە کاران.

ئەو ڕۆژەی کە (سنەوباڵ)کارو بارەکانی نەخشـەکێشـانی تیـادا ئەنجـام دەدا ئـەو ڕۆژە بـوو کـەلـە گێشـو ژووری سـەربرینـی جوجەکان بوو ، ئەو شـوێنە جێگـەیـەکـی لـە بـار بـوو بـۆ ئـەو مەبەستە ، بۆیەکە( سنەوباڵ) ڕۆژێ چەند جارێک دەچووە ئـەو ژوورەو خەریکی دانانی نەخشەکێشان و ئەنجام دانـی تـەواوی کارو بارەکانی قەڵای ئاژەڵان دەبـوو ، هـەمـوو ڕۆژێـک چـەنـد جارێک دەچووە ئەو ژوورەو دەرگای لـە سـەر خۆیـا گالـە دەداو لەوێ خەریکی دروست کردنی نەخشەکانی کارو بارەکان دەبوو ، کتێبەکانی دەکردەوەو ئەو شوێنەی مەبەستی بایە ئـەوا پـەلـە بەردێکی لە سەر دادەناو موتالای دەکـردن ، گارچـە گـەچێکـی باریکی لە نێوان هەردو سمەکانی دەگرت و زۆر بە پـەلـە گـەل بەملاو ئەولا دەهات و دەچوو و هێلی بـە سـەر ئـەو شـوێنانە دا دەهێنا کە مەبەستی بوایە ، لە خۆشیانیش هەر ویزە ویزی بـوو ، نەخشەکەی ئاشـی ئیـدەبـاییێ وەک خـەتـی خـوارو خـێچ و لاترڕقـەوچ و ددانـەداری وەک هینـدڵی ئوتومبێـل لێـک گیـر کردبوون و ئـاوا دەهاتـە بـەر چـاوان ، ئـەم نـەخشـەیـەی بـۆ

ئاژەلەکان ڕوون نەبوو کەوا چیە؟ئاژەلەکان هەرکات کە دەچوونە سەر ئەو نەخشەیە وشت دەبوونەوەو بە وریاییەوە لە خەتخەتۆکەکان مۆڕ دەبوونەوەو گوێیان قوت دەکردەوە ، کە هەموو ڕۆژێک جارێک دەهاتنە شوێنەکەی (سنەوباڵ)تەماشای ئەو نەخشەیان دەکرد ، مامرەکان و مراویەکان کە دەهاتنە ژوورەوە زۆر بە وریایی ورد دەبوونەوەو هەنگاویان دەهاویشت لەبەر ئەوەی کە نەبادا گێ لە هێلەکانی نەخشەکان بنێن و ڕەش ببێتەوە ، تەنیا ئەو ئاژەڵانەی کە خۆی دەخستە گەناوە ئەوە(ناپلیۆنی)ی نێرە بەراز بوو کە هەمیشە خۆی لاتەریک دەگرت و لەم کارە نارەزایی خۆی  دەردەبڕی ، هەتا ڕۆژێکیان لە ناکاو خۆی کرد بە ژووراو زۆر بە قولی لە نەخشەکەی (سنەوباڵ)ورد بۆوەو بۆ زیاتر تۆژینەوە لەو نەخشەیەدا بەولاو ئەملای نەخشەکەدا دەسوڕایەوەو زۆر بە سەر سوڕمانەوە تەماشای ئەو نەخشانەی دەکرد و بیری لێ دەکردەوەو هەر لەو کاتەدا کەمێ لە سەلایەکی نەخشەکە ڕاوەستاو بەلاچاوێکەوە خێسەی لێ دەکرد و زۆر بە مۆڕیەوەتێی دەڕوانی و ورتەیەکیشی لێوە نەدەهات و تا لە گڕ گای خۆی بلند کرد و لە نەخشەکەی میست و ئەوسا چووە دڕەرەوە.

تەواوی خەلکی قەڵای ئاژەڵان دەربارەی دروست کردنی (ئاشی ئیدەبایێ) ببون بە دوو بەشەوە ، (سنەوباڵ)نکۆلی لەوەوە نەدەکرد کەوا دروست کردنی (ئاشی بایێ)دژوارو

سەختەو کاری زۆری دەوێـتن ، چونکـە نـەخشـەکـە بـە خـۆی دایناببوو دەیزانی کە دروست کردنی دیواری ئەو ئاشە گێویستی بە بەردو چەگل و زیخێکی زۆر هەیـە ، دوای ئـەوەش دەبێتکـە گەروانەیـەکـی زەبـەلاحـی بـۆ دروسـت بکـرێتن بـۆ سـوڕانی بەرداشەکەجگە لەوانەش گێویستی بە دینام و تەلـی ئـەسـتور ئەستور هەیەکە (سنەوباڵ)بۆ گەیدا کردنی ئەو کەل و گـەلانـە هەمیشە بێ دەنگی لێـوە دەکـرد و باسـی نـەدەکـرد ، لـە گـەل ئەوەش دا باوەڕی وابوو کە بۆ ماوەی سالێکیش تـەواوی کـارو بارەکانی (ئاشی بایێ) تەواو دەبێـتن و لـە دوای تـەواو بـوونی ئەوکارە ، ئیتر دەکەونە خۆشیەوەو کـارەکانیـان ئـەوەنـدە کـەم دەبێتەوە کە وای لێ دێتن لە هەفتەیەک دا تەنیا سێ ڕۆژان کار دەکەن .

لە لایەکـی تـرەوە (نـاپلیۆن )دەیگـوت :کـە گـەورەتـربن ، گێویستی بە زێدە کردنی بەرو بـوومی خـۆراکی ڕۆژانـەیـە ، بـۆ ئەوەش دەبێت خەباتڤکی زۆر بکرێـت و هـەول بـدرێتن ، خـۆ ئەگەر ئاژەڵان تەواوی کاتی خۆیان بۆ دروست کردنـی (ئاشـی بایێ) بە فیڕۆ بدەن ئەوا هەموو لەبرسان دەمـرن و گرانیـەکـی تەواو دادێتن.جا بۆ ئەو مـەبـەسـتەش ئـاژەڵان ببـون بـە دوو بەشەوە ، بەهۆی ڕای جیای (سنەوباڵ)و (ناپلیۆن)لـەیـەکتـر ، بۆ ئەو مەبەستەش تەواوی ئاژەلەکان ببون بـە دوو بـەشـەوە ، کـاتێ کـە ئـەمـە خرایـە دەنـگ دانـەوە ، هـەنـدێک دەنگیـان

دایە(سنەوباڵ)و بۆ سێ ڕۆژ کارکردن هەندێکیشیان دەنگیان دایە(ناپلیۆن) بۆ خۆراکی زیاتر، تەنیا ئەوەی کە دەنگی بە هیچ لایەکەوە نەدا ئەوە(بنیامین)ی کەرە دێزە بوو کە بۆ بەرژەوندی هیچ لایان دەنگی نەدا، چونکە باوەڕی وابوو کە نە خۆراک زیاد دەبێ و نە (ئاشی بایێ)ش دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی کار (بیامین) دەیگوت: (ئاشی بایێ)هەبێ و نەبێ ژیانی ئاژەڵان هەر وەک خۆیەتی و هیچ گۆڕانێک وەدی نایەت و ئەوەی هەیە هەروا بە گڕو گوچی دەمێنتەوە.

جگە لە دروست کردنی (ئاشی بایێ) شتێکی گرنگتر هەبوو کەوا باسی لێوە بکرێتن ئەویش بەر گری کردن لە قەڵای ئاژەڵان بوو، هەرچەند مرۆڤەکان لە هێرشێکییان کە کردبویانە سەر قەڵای ئاژەڵان تێک شکێندرابوون بەڵام شتێکی ڕوون و دیار بوو کە مرۆڤەکان واز ناهێنن و ئەمجارەش بە شێوەیەکی باشتر و ئامادەبوونێکی چاکتر دیسان گەلاماری قەڵای ئاژەڵان دەدەنەوە و بە هیوای تێک شکاندن و داگیرکردنەوەی قەڵای ئاژەڵان هێرشێکی بەهێز تر بۆ گەڕانەوی (جۆنز) دەکەنەوە، بە تایبەتی لەوکاتەدا کە سەرکەوتنی قەڵای ئاژەڵان و ڕاگەڕاندنی (جۆنز)لەم کێڵگەیەو دەنگ و باسەکانی سەر کەوتنی شۆڕش لەم مەزرایەدا دەنگی دابۆوەو مقۆ مقۆ کەوتبوە ناو مەزراکانی تری دەورو بەری قەڵای ئاژەڵان و باس لەو شۆڕشە بە زۆری دەکرا زۆربەی وڵساتەکانی مەزراکانی تر لەو

ناوە بەرگێچیان لە جێ بەجێ کردنی کارو بارەکان و فەرمانەکانی مرۆڤ دەکرد ، ئەم هەڵس و کەوتەی ئاژەڵان لە تەواوی مەزراکان دا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر گەرەی دەسەند ، هەر بۆیەش بوو کە مرۆڤەکان زیاتر بیریان لە هێرشێکی زووتر بۆ سەر قەڵای ئاژەڵان دەکردەوەو خۆیان بۆ ئەو مەبەستە ئامادە دەکرد.

(سنەوباڵ)و (ناپلیۆن)لەو بارەشەوە هەر دژی یەکتر بوون ، ڕای (ناپلیۆن)وابوو کە دەبێت چەکی ئاگردار بۆ بەرگری لە خۆ کردن گەیدا بکرێتن و گرنگی بە چۆنیەتی بە کار هێنان هەولێکی باشی بۆ بدرێتن ، بەلام(سنەوباڵ)گێی وابوو کە دەبێتن بۆ بێ هێز کردنی مرۆڤەکان زیاتر هەول بدرێتن کەوا شۆڕش بۆ دەرەوەی قەڵای ئاژەڵان بنێردرێتن و کارێکی زۆریش بکرێتن تا ئەو شۆڕشە لە دەرەوەی قەڵای ئاژەڵان وەدی بێتن و سەر بگرێتن ، ئەوەش بە هۆی گڕوگاگەندەی زۆر و ناردنی کۆترەکان بۆ مەزراکانی تر ، تەواوی ئاژەڵان ئاگادر بکرێن و فێر بکرین کە دژی ئاغاکانیان ڕاگەڕن و شۆڕش بکەن ، ئەگەر بێت و لەم کارە سەرکەوتوو بن ئەوا مرۆڤەکان لە گەل و گۆ دەکەون و زیاتر بێ هێز دەبن و بیری هێرش و گەلاماریان بۆ قەڵای ئاژەڵان نامینێتن و لە تاقەت و هێز دەکەون ، بەلام ناپلیۆن گێی وابوو ئەگەر بێت و ئاژەڵانی مەزراکەیان ، هێزی بەرگریان نەبێت ئەوا مرۆڤەکان لە هێرش

کردن بۆ سەر قەڵای ئاژەڵان سەردەکەون ، بەڵام (سنەوباڵ) گێی وا بوو کە ئەگەر شۆڕش ڕوو بداتن لە مەزراکانی تـر ئـەوا گێویستی بە بەرگری نیـە چونکـە مرۆڤـەکـان توانـای هێـرش کردن لە دەست دەدەن.

ئاژەلەکان گوێیـان لـە (نـاپلیون)و(سـنەوبـاڵ) ڕادەگـرت ، بەڵام نەیان دەتوانی کەوا دەست نیشانی ئەوە بکەن کامیان بۆ چونەکەی ڕاست ترە ، لە ڕاستی داکامە لەم دوانەکە قسـەیـان کردبایە ئەوا ئاژەڵان لەو ساتی قسـە کـردن دا بـەویـان بـاوەڕ دەکرد ، نەخشەکانی(سنەوباڵ)تەواو و ئامادە بووبو بڕیـار وابـو کە لە کۆبونەوەی دوایی دا کە لە ڕۆژی شەموو ئەنجام درا بـوو مەسەلەی  دروست کردنی(ئاشی بایێ)بۆ وەرگرتنی هەموو بیر و ڕاکان بخرێتە ڕووی باس و لێکۆلینەوە.

کـــاتێ کـــە تـــەواوی ئـــاژەڵان لـــە تـــەویلـــە کۆبوونەوە(سنەوباڵ)هەستاوە سەر گێ و زۆر بە لەسەرخۆییەوە ڕووی لە ئاژەلەکان کرد و دەیەویسـت کـە زۆر بـە چـاکی ئـەو مەسەلە گرنگە ڕوون بکاتەوەو بە تەواوی شێی بکاتەوە ، بەڵام باعــەبــاعی مــەڕەکــان دەبــووە هــۆی گێــرە شــوێنی ، بەڵام(سنەوباڵ)قسەکانی خـۆی نـەدەبـڕی وهـەر گـەرەی بـە وتەکانی خۆی دەداو هەر شتێکی کە لەو بـارەوە دەیزانـی و بـە خـــەیـــالی دادەهـــات باســـی بـــۆ دەکـــردن ، گاشـــان(نـــاپلیۆن)هـــەســـتایەوەو زۆر بـــە ئارامیـــەوە

گوتی: هاوڕێیـان (ئاشـیبایێ) شـتێکی گـڕو گوچـە ، ئـەوەی ڕا گەیاند کە هیچ کەسێ بـۆ دروسـت کردنـی ئـەو ئاشـە دەنـگ نەداتن و دوای ئەم قسانەی کە سێ سانیەی زیـاتر نـەخایانـد (نـاپلیۆن) ڕاسـتەو خـۆ ڕوونیشـتەوە ، وا دیـار بـوو کـە هـیچ گرنگیەکی نەدەدایە کارتێکردنی قسەکانی (سـنەوبـاڵ) دیسـان هەستایەوە ئەمجارە بە توڕەیی چاوی لە مەڕەکان سور کـردەوە ، چونکە دیسان ئەوان بە باعە باعەوە دەسـتیان کـرد بـە گێـرە شوێنی و دەیان ویست وتەکانی (سنەوبـاڵ) ببـڕن ، ئـەمجـارە زۆر بە گەرمی و ڕەوانـی و گوخـت و ڕوختـی ، دەربـارەی وەدی هاتنی (ئاشیبایێ) دەدوا و باسی دەکـر ، قسـەکـانی ئـەوەنـدە گوخت و ڕەوان بـوو کـە گارسـەنگـی ڕای ئـاژەلـەکـانی تێـک وەرشێلا ، چونکە بە شێوەیەکی گڕ لە تـام و بـۆوە و لـە بـارەوە سیمای ئەو ڕۆژانەی بـەختـەوەری وێنـە دەکێشـاو باسـی لێـوە دەکردن کـە لـەو ڕۆژە دا بـە هـیچ شـێوەیـەک خراگـەکـاری و ناڕەوایی کردن و زۆلـم و زۆرداری نـامینێتن ، هـەمـوو ئـیش و کارێ لە ئامێری خەرمان کوتـان و شـێلم ورد کـردن ، تـەواوی دەزگا میکانیکیەکانی تری جوتێران دێتە کایەوەو زۆر باشتر بـە ڕێوە دەچێتن ، ئەو دیگوت: کە هێزو توانـای کـارەبـا دەتوانێـت هەموو گێویستیەکی چارەسـەربکـاتن ، ماشـێنی جـۆخین گـاک کردنەوە و کوزر کوتـان  وەکـار بخـات و تـەواوی ئـامێرەکـانی زەوی کێلان و ڕاست کردنـی شـۆو و وەردو و هـەمـوو زەوی و

زارەکان ئەنجام بداتن ، ئاخوڕ و تەویلەکـان هـەمـووی ڕونـاک بکاتـــەوە ، ئـــاوی ســـاردو ســـازگار زۆر دەبێـــتن تـــەواوی گێویستیەکانی ژیانی ڕۆژاگارانمان چارەسەر دەکاتن و لە کارەبا بۆ ژیان باشتر نیە ، ئیتر لە دوای وتەکـانی (سـنەوبـاڵ)گومـان لەوە دا نەما کە تای کام لا بەلای ئـەویتـر لار بـووەتـەوە ، لـەو کاتە دا(ناپلیۆن)هەستایەوەو بـە تیلـە چـاوێکێکی سـەیرێکـی (سنەوباڵی)کردو بە دەنگێکی زۆر سەیرەوە لێـی مڕانـد کـە تـا ئەو کاتە ئەو جۆرە دەنگـەیـان لـە (ناپلیۆنـە)وە نـە بیسـتبوو ، ڕاستەو خۆ لە دوای ئەو دەنگەی (ناپلیۆن)حەگەحەگێکی زۆر و ترسناک لە دەرەوە بەرەو شوێنی کۆبونەوەکە دەهات ، لە ناکـاو نـۆ دانـە سـەگـی زەبلـلاح کـە هـەموویـان زەنجیریـان بـە گەردەنەوەبوو لە عەمارەکەوە خۆیان کـرد بـە ژووراو یـەکسـەر گەلاماری (سنەوباڵیـان)دا ، خـۆ ئـەگـەر سـنەوبـاڵ چوسـت و چالاک نەبوایە ئەوا هەر لەوێندەرێ گارچە گارچـەیـان دەکـرد ، ئیتر(سنەوباڵ)بـەرەو دەرەو ڕای کـرد سـەگـەکـانیش وەدوای کەوتن و ئاژەلەکانی تریش زۆر بە سـەرسـامی و ترسـەوە کـە هەموویان زمانیان گیرا بوو و بە تەواوی حەگـەسـا بـوون  و لـە گـێش دەرگاکـەوە سـەیـری سـەگـەکـان و (سـنەوبـاڵ)یـان دەکرد(سنەوباڵ) بە ناو مێرگەکانەوە تا هێزی لە بەر بوو زۆر بە تونـدی بـەرەو ئـەو  شـەقامـە سـەرەکیـەی کـە بـە دەرەوەی مەزراکەوە دوایی دەهات ڕای دەکرد(سنەوباڵ) بە شـێوەیـەک

هەڵدەهات  کە تەنیا بەرازێـک دەتوانێـت ئـەوهالـە ڕا بکـاتن ، سەگەکانیش ڕاستەو خـۆ لـە دوای گاشـقولی (سـنەوبـاڵ)ەوە بوون وشالاویان بۆدەبرد ، لە ناکاو سنەوباڵ خلیسـکێکی بـرد و کەوت ، تەواوی ئاژەڵان وایان زانی کە سەگـەکـان دەیگـرن و گارچە گارچەی دەکەن ، بەڵام (سنەوباڵ)زوو هەستایەوەو زۆر بە توندتر ڕای کردەوە ، دیسان سەگەکان بە دوایـەوە بـوون و زۆری لێ نەزیک ببوونەوە و یەکێک لە سەگـەکـان گـەلامـاری کلکی(سنەوباڵ)ی داو گرتی ، بەڵام (سنەوباڵ) تەکـانی دایـە خۆی و زۆر بە هێزەوە کلکی لە دەمی سەگەکەوە ڕزگار کـردەوە ،لـــەو کاتـــەدا کـــە زۆری نـــەمـــابوو ســـەگـــەکـــان بگەن(سنەوباڵ)تەکانێکی تری بـەهێـزی دایـەخـۆی و لـەنـاو کونێکەوە کە لە ژێر گەرژینەکەوەبوو بـۆی دەرچـوو و نـەگیـراو ئیتر نەدیترایـەوە ، تـەواوی ئـاژەلـەکـانیش کـە ئـەو دیمـەنـە ترسناکەیان بە چاوی خۆیانەوە دیت ئیترزۆر بێ دەنگ بـوون و هەمویان بەرەو تەویلەکـە خـزان ، هـەنـدەی گـێ نـەچـوو کـە سەگەکان بە مرەمـڕ و ڕەگـەڕەگـەوە گـەیـدا بوونـەوە ، گـاش ماوەیەک بۆ ئاژەلەکان ڕوون بۆوە کە ئەو سەگانە هەمـان تولـە سەگەکانن کـە کـاتی خـۆی(نـاپلیۆن)لـە دێلـە سـەگـەکـانی دایکیانیان جیا کردەوە و بۆ خۆی ئـاوای گـەروەردە کـردن ، لـە گـەل ئـەوەش کـە هێشـتان بـە تـەمـەنـی ئاسـایی خۆیـان نەگەیشتبوون بەڵام هەر نۆ دانە تولە سەگەکان وا ڕسکا بـوون

کە هەر لە گورگ دەچوون ، هەموو سەگەکان لە دەورو بەری (ناپلیۆن) دا وەستا بوون و کلکە لەقێیان بۆ (ناپلیۆن)دەکر ، ئاژەلەکان زۆر بە وردی لە سەگەکان موورِ ببونەوەو سەیریان دەکرن کەوا سەگەکانی خواجە(جۆنز)ی خاوەن کێلگەی گێشو چۆن بەرامبەر بە (جۆنز)رِەفتاریان دەکرد دەیان بینی کە ئەو سەگانەش هەر ئاوا رِەفتار دەکەن بەرامبەر(ناپلیۆن)و بە هەمان شێوە نوسکە نوسک و کلکە لەقێنەیان دەکرد.

(ناپلیۆن)لە کاتێک دا کە تەواوی سەگەکان دەورا دەوریان ئابلۆقە دابوو ، ئەویش لە سەر هەمان سەکۆکەی کە مێجەری گیری نێرە بەراز خەونەکەی بۆ لەویَ گێرِایەوە وەستا بوو(ناپلیۆن) بە ئاژەلانی رِاگەیاند وگوتی : لەم رِۆ رِا کۆبوونەوەکانی رِۆژانی یەکشەموو نابەسترێت و گێویست ناکاتن کە کاتی خۆمان بە فیرِۆ بدەین ، لە مەو دوا هەموو ئەو کارو بارانەی کە گەیوەندی بە قەلای ئاژەلانەوە هەبێت ئەوا لە کۆبوونەوەکانی تایبەتی دا ئەنجامی دەدەین و لێیان دەکۆلینەوە ، هەموو کۆبوونەوەکانمان لە مەو دوا تایبەتی دەبن و تەوای برِیارەکان لەو کۆبوونەوە تایبەتیانە برِیاری لە سەر دەدرێتن و گاشانیش ئەو برِیارانەی کە گێویست بوو ئاگاداری هەموتان دەکرێتەوە ، لە تەواوی رِۆژەکانی یەکشەموو دا سەر لە بەیانی زوو کۆ دەبینەوە بۆ رِێز گرتن لە ئالای قەلای ئاژەلان و چرِاندنی سرودی(ئاژەلانی ئینگلستان)ئەم سرودەش بە

تێکڕای دەگوترێت و گاشانیش تەواوی بڕیارەکانی هەفتەیی ڕا دەگەیەندرێت ولە دوای گفت و گۆ لە سەر کردن و موناقەشـە کردنیان ئەنجام دەدرێتن.

ئەو ترس و لەرزەی کە ئاژەلەکان بە هۆی ڕاگـەڕانـدن و ڕاو نانی (سنەوباڵ)ەوە کەوتبوە سەریانەوە هێشـتان هـەر مـابوو و ورەیان گەلێک نزم بووبـوو ، زۆریـان لـە ئـاژەلـەکـان ئـەگـەر توانایان هەبووایە و ڕێگەیەکی بەرهەڵستیان بوایە ئەوا دەنگـی خۆیان دژی ئەو کردەوە نالـەبـارە و ترسـناکەی کـە بـەرامبـەر (سنەوباڵ)ئەنجام درا بە ئاشکرا دەریان دەبڕی(باکسەر)یـش لەو کردەوەیە بە شێوەیەکی کەوا بە سەر خۆیا نەدەهێنـا زۆر نـا ئارام بووبوو ، هەمیشە گوێچکەکـانی خـۆی مـوت دەکـردەوەو سەری خۆی تەکان دەداو بیری دەکـردەوە و زۆری لـە خۆیـەوە دەکرد کەوا هەرچی لە دڵی دایە کۆی بکاتەوەو شتێکی لە بـارو بـاش بلێـتن و دەری ببـڕێتن ، بـەلاّم بـەبـێ سـود بـوو بـۆی نەدەکرا(باکسەر)پێوەیەوە دیار بوو کەوا ناڕازیە دڵـی شـکاوە و بەلایەوە ناخۆش بوو کە دژی(سنەوباڵ)ئەم کارە ئەنجام درایە بەلاّم ترسی نەبوونی بەتـەوای دەربڕینـی ڕێگـەی دژایـەتـی کردنی لێ بڕیبوو.

لە ناکاو چوار دانە بەرازی دابەستە لە ناو بەرازەکان کە لـە پێشەوە دا هـەڵتوتکـا بـوون وێکـڕان ڕەخنـەیـان لـەو کـارەی (ناپلیۆن)گرت و هەستانەوە سەرگێ و باسیان کرد ، بـەلاّم لـە

ناکاو سەگەکانی کە دەورو بەری (ناپلیۆن)یـان ئابلۆقـە دابـوو لەو بەرازانەیان مڕاند وبە هـڕەشـەو گـوڕەشـەوە بـێ دەنگیـان کردن و لە جێگەی خۆیان دایان نیشـاندنەوە ، لـەو کاتـەش دا مەڕەکان هەسـتانەوەودەسـتیان کـردە باعـە بـاع و بـە گـوتنی فەرمانی (چوار گا باشەو دووگا خراگە)کە نـەزیکـەی چـارەگـە سـعاتێکی خایـان کۆتاییـان بـە هـەمـوو بـاس و خواسـێکی چاوەڕوان کراو لەو بارەوە هێنا ، گاشانیش(سکۆئیلر) ڕاسپێردرا کە ڕێکخستنی تازە بە ئاژەڵان ڕا بگەیێنی و بۆیان باس بکـاتن ، ئەو وای ڕاگەیانـد و گـوتی:هاوڕێیـان مـن بـاوەڕم وایـە کـە تـەواوی ئـاژەڵان خۆشـەویسـتی و ڕێزیـان هـەیـە بـۆ هاوڕێ(ناپلیۆن) کە ئـەو ئێسـتاکە لێگرسـراوەتـی زیـاتری بـە ئەستۆی خۆیەوە گرتووە و هەیەتـی ، درێـژەی بـە قسـەکـانی خۆی داو گوتی:هاوڕێیان ، وابیر مەکەنەوە کـە ڕابـەرایـەتـی و لێگرسراوەتـی هـۆی کامـەرانـی و شـادمانی و دڵخۆشـیە ، بـە گێچەوانەوە ئەم کـارە گڕیـەتـی لـە سـەر ئێشـی و وردەکـاری لێگرسـینەوە ، کـەسـێک نیـە کـە بـە ئـەنـدازەی هـاوڕێ (ناپلیۆن)باوەڕی بە یەکسانی ئاژەڵان هەبێتن ، ئەو کەسـەیـە کە زۆر خۆشحال دەبوو کە چارەنوسـی خۆتـان بداتـەو دەسـت خۆتانەوە ، بەڵام خوا نەخواستە ئێوە توشی هەڵە کـردن بـبن و لە ڕێبازدا لا بدەن و بڕیاری هەڵە بدەن ، ئەگەر ئێوە لـە بـارەی بۆچوونەکانی(سنەوباڵ)ئەو (سنەوباڵ)ەی کە تـا ئێسـتا ئێمـە

دەزانین لە ڕێزی تاوانباران دایە و بڕیـارێکی ناڕاسـت   خـراگ بە رامبەر( ئاشی بـایێ)بـدەن چـی ڕوو دەداتـن؟ لـەو کاتـەدا یەکێک هەستاوە گوتی(سنەوبـاڵ)لـە شـەڕی (مۆلگـا) دا زۆر ئازایانە جەنگاو بەرگریەکی زۆری کـرد وکـارێکی بـە دوژمنـان کرد نەبێتەوە(سکۆئیلر) لە وەرام دا گـوتی:تـەنیـا ئازایـەتـی و نەترسان بەس نیە ، کارزانی و لێ هاتوویی گوێ ڕایەلی کـردن لە هەموو شتێک گرنگترە ، من باوەڕم وایـە کـە ڕۆژێـک دێـتن دەربارەی جەنگی (مۆلگا) گـەلێـک شـتتان بـۆ ڕوون دەبێتـەوە کەوا دەربارەی (سنەوباڵ) و نـەخشـەکـانی لـەو شـەڕە دا گـرِ گۆییەکی زۆر کـرازوە ، هاوڕێیـان(دیسـیگلین ، دیسـیگلین)ی ئاسنین دروشمی ئیمڕۆی ئێمەیـە ، یـەک هـەنگـاو هاویشـتنی هـەڵـەو و کـەم تـەرخـەمـی کـردن دەبێتـە هـۆی هاتنـەوەی دوژمنانمان و سەرکەوتنیان بـە سـەرمـان دا ، شـتێکی ڕوون و دیارە کە هیچ یەکێک لە ئێوە داخوازی گەڕانەوەی (جۆنز) نـین ، ئەم باسەی گەڕانەوەی (جۆنز)ئاژەلـەکـانی بـێ دەنـگ کـرد چونکە هیچ ئاژەلێ نەبوو کە حەز بە گەڕانەوەی (جۆنز) بکـاتن وحەز لە چەهرەی ئەو بکاتن(سکۆئیلر) تا ڕادەیەک تـوانی کـە کاریـان تـێ بکـاتن خـۆ ئـەنجـام نـەدانـی کۆبوونـەوەوکـانی یەکشەموو زۆر چاکتر بوو لە گەڕانەوەی (جۆنز)

(باکسەر)ماوەیەک بوو زۆری بیر دەکردەوەو زۆریشی لـە خـۆی دەکـرد تـاوەکوبتـوانێ ڕای خـۆی کۆبکاتـەوەو شـتێک

دەربېرێ ، هەستاوەو گوتی:ئەگەر ئەو قسانەی کە تۆی واتە(سکۆئیلر)کردت هاورێ(ناپلیۆن)وای گوتبێ ئەوا شتێکی ڕوونە کە ڕاستەو ئاوایە ، ئیتر لەو ڕۆژە دا دروشمی (باکسەر) هەر ئەوە بوو کە هەق بە (ناپلیۆن)ەو هەمیشە دروشمە تایبەتیەکەی خۆی کە (من زیاتر کار دەکەم) دەیگوتەوە و دوگاتی دەکردەوە.

سەرماو سۆلی زستانی ئەو ساڵە وردە وردە نەماو دەشکا ، هیواش هێواش بەهاری ڕەنگین و جوان بە هەموو ناز و عیشوەیەکەوە دەهات و هەوای گڕ لە شادی و خۆشی نەزیک بووەوە ، چاندن و تۆ کردنی وەرزی بەهار دەستی گێ کرد ، دەرگای ئەو ژوورەی کە نەخشی (ئاشی بایێ)ی تیادا کێشرا بوو گالە درا بوو ، وا گریمان کرابوو کە تەواوی نەخشەکانی(سنەوباڵ) بە تەواوی لە سەر زەوی گاک بووەتەوە ، هەموو ڕۆژانی یەکشەموو ئاژەڵەکان لە کاتژمێری 10دەی سەرلە بەیانی بۆوەرگرتنی فەرمانەکان کۆ دەبونەوە.کەللە سەری (مێجەر)ی گیرە نیرەبەراز کە تەنیا هێسکەانی مابۆوە لە دیوارەکەی باغ دەرهێنرا بوو ، لە لای ئالای قەڵای ئاژەڵانەوە لە تەک تفەنگەکە هەڵواسرا بوو ، وا بڕیار درا یوو کە لە دوای بەرز کردنەوەی ئالاکەیان گێش ئەوەی کە بچنە ناو عەنبارەکەوە بۆ ڕێز زگرتن لەمێجەر و بیرەوەری ئەولە گێش ئەو کەللە سەرەدا بە ڕێژەوە بڕۆن.ئاژەڵەکان لەو سەردەم و

ڕۆژگارانەدا ڕەفتارو ڕەوشتیان گۆڕا بوو وەک جاران نەمابوون (ناپلیۆن) و (سکۆئیلر) و بە رازێکی ترکە ناوی(مینیماس )بوو کە ئەو بەرازە لە ئاهەنگسازی و شیعر هۆنینەوە دەستێکی بالای هەبوو ، تا بلێی زیرەک و ڕەوان بوو ، ئەوان هەر سێکیان بە یەکەوە لە سەر سەکۆیەکەوە ڕوو دەنیشتن ، هەر نۆ دانە سەگە زەبەللاحەکانیش ئابلۆقەی ئەوانیان دەداو گاسیان دەکرد ، تەواوی بەرازەکانی تریش لە گشت ئەوانەوە جێگەی خۆیان دەگرت ، ئاژەلەکانی تریش لە ناوەندی عەنبارەکەوە لە بەر دەمی بەرازەکان مۆل دەبوون ، و جێگەی خۆیانیان دەگرت(ناپلیۆن) بە دەنگێکی زۆر ناخۆش و تیژەوە ، دەستورەکانی هەفتەیی بۆ ئاژەلەکان دەخوێندەوە و گاشانیش سرودی(قەڵای ئاژەڵان)بە تێکڕایی دەخوێندرایەوەو ئەوسا بڵاوەیان لێ دەکرد.

لە سێیەم ڕۆژی یەکشەموو دا دوای ئەوەی کە(سنەوباڵ)ڕاونرائاژەلەکان زۆر بە سەر سوڕمان و سەیرەوەلە(ناپلیۆن)یان بیست کەوا ئاشی بایێ دروست دەکرێتن ، هیچ بەلگەیەکیشی بۆ گۆڕینی بیرو ڕای خۆی نیشان نەدا ، بە هیچ شێوەیەک باسی لێوە نەکرد ، هەرچەندە کە لە مەو گێش گوتبووی کە دروست کردنی( ئاشی بایێ)کارێکی زۆر گرو گوچەو دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی خۆراک و ئازۆقەی ئاژەڵان(ناپلیۆن)بە ئاژەلانی ڕاگەیاند کە لە ماوەی سێ

هەفتەی ڕابووردوو دا تەواوی کارو بارەکان لە لایـەن کۆمیتـەی تایبەتی بەرازەکانـەوە ڕێکخـراوە ، بـە هیـواین کـە لـە مـاوەی دووسالان دا خانووی (ئاشیبایێ) و ئـەوانـی تـر تـەواو بێـتن و ئامـادە بکـرێتن. گـاش نیـوەڕۆی ئـەوڕۆژەش(سـکۆئیلر)بـە شێوەیەکی تایبەتی بە ئاژەڵانی ڕا گەیاند کەوا(ناپلیۆن)هەرگیز دژی دروست کردنی(ئاشی بـایێ)نـەبـووەبـەلکـو لـە هـەوەل ڕۆژەوە لایەنی دروست کردنی ئەو ئاشە بووە ، ئەو نەخشەیەی کە(سنەوباڵ) لە ژوورەکـە داکێشـا بـوووە ، ئـەوە نـەخشـەی (ناپلیۆن)بوو لە ناو کەل و پەلەکانەوە دزرا بووگـوتی:داهێنـانی (ئاشی بایێ)هی خودی داگلیۆن بوو ، ئەوسا لە(سکۆئیلر)ئـەم گرسیارە کرا و گوتیان ئەی بۆچی(نـاپلیۆن)وا سـەرسـەختانـە دژایەتی (ئاشی)بایێی دەکرد؟لەو کاتەدا(سکۆئیلر)چاوێکی لـە زیرەکی ئەو ئاژەلە کرد کە ئـەو گرسـیارەی کـرد و ئـەوسـا لـە وەرام دا گـوتی:ئـەمـەش هـەر لـە بلیمـەتـی و زیـرەکایـەتـی (ناپلیۆن) بوو ، تەنیا مەبەستی هاوڕێ(ناپلیۆن)لەوەدا بوو کـە وا نیشـــان بـــداتن دژ بـــەو کـــارەیـــە تـــاوەکـــو لـــە شـــەڕو گێچەلی(سنەوباڵ)کە زۆر خەتەر ناک و بێ کەلک بوو ڕزگـاری ببێ ، بەڵام ئێستاکە کە خۆ تێ هەڵقوتانی ئەو خەتەرناکـەو بـێ کەلکە لە نێوان دا نەماوە دەتوانـدرێت (ئاشـی بـایێ) ببـێ بـە کردەوە(سکۆئیلر)لە سەر ئەو قسانە ڕۆیـی و گـوتی:ئـەمـەش ئەو شتەیە کەوا گێی دەلێن تاکتیک ، لە کاتێک دا کلکی تەکان

دەداو ورشـــەی دەهـــات و بـــەمـــلا و ئـــەولا دادەهـــات و دەچوودووگاتی دەکردەوە و دەیگوت:بەڵێ(تاکتیک) هاوڕێیـان (تاکتیک) ئاژەلەکـانیش بـە تـەواوی لـە مانـای ئـەو قسـەیـە واتە(تاکتیک)نەدەگەیشتن و نەیان دەزانـی مانـای چیـە ، لـە کاتێـک دا کـە(سـکۆئیلر)زۆر بـە تونـدو تیـژی دەئاخافـت و سەگەکانیش لە گەل ئەو توندو تیژیەی ئەو دەستیان دەکـردە مڕە مڕ و هەڕەشە کردن ئیتر ئاژەلەکانیش بە ناچـاری و بـەبێ چەند و چوون گوتن ڕازی بوون و ڕەخنەی تریان نەگرت.

# بەشی شەشەم

لــە ســەرەتــای ئــەو ســالەدا ئــاژەڵان هــەروەک کۆیلەیەک کاریان دەکرد و ، لە گەل ئەوەش دا کە ڕازی بــوون و دڵنیــاش بــوون لــە کــارو بــارەکــانی خۆیانــەوە ، لــە هــەول و تێکۆشــانیان دا بــە هــیچ شــێوەیــەک خۆیــان لــە کــار کــردن نەدەشاردەوەو کەمتەرخەمیان نەدەکرد ، چونکە ئەوەیان زۆر بە باشی دەزانی کەوا کار کردن و هەول دانیان تەنیا بــۆ خۆیــان و نەوەکانی دوا ڕۆژیانەو نەک بۆ بۆ دەستەیەک مرۆڤی بە تــەمــاع ودزو تەمەل .

لە سەرتاسەری وەرزی بە هارو هاوین دا لە هەر هەفتەیەک 60 سعات کاریان دەکرد و زۆریان ئارەق دەڕشت ، لــە مــانگی

خەرمانانی ئەوساله دا(ناپلیۆن)به ئاژەلانی ڕاگەیاند کەله کـاتی گاشنیوەڕۆیانی ڕۆژانی یەکشـەمـووش دا دەبـێ کـار بکـرێتن ، ئەلبەته ئەم کارەش به تۆبزی نیەو به حەز لێ بوونه ئەوەی کـه بیەوێ کار بکات و ئەوەی نەشیەوێ کەیفی خۆیەتی ، بەلام لـه کاتی دیار نەبوونی ئاژەلێک لـه سـەر کـاردا ئـەوا ئـالیکی ئـەو ئاژەله نیوەی لێ کەم دەکرێتەوە ، ئەم شێوە دەربڕینەش بوو به هۆی گشت گوێ خستنی کارو باری مەزراوە ، بۆ وێنه خەرمـان کوتان و هەلگرتن وەکو سالی گێشو به ڕێوە نەدەچوو ، ئەو دوو گارچه زەویەی که لەمەو گێش دەکران شکارتەو دەچێندران به بەلگەی شۆوو وەرد نەکردنیان لەو سـاله دا لـه کـاتی خـۆی دا ئامادەی چاندن و تۆ کردنیان نەکرابوو ، واش گێشـبینی دەکـرا کەوا زستانی داهاتوو زسـتانێکی یـەکجـار سـەخـت و سـارد و سڕی و گڕ له بەفرو بوران بێتن ، (ئاشی بایێ)توشی به گەلـێ گیرو گرفتی چاوەڕوان نەکراو هاتبوو ، لـه نـاو کێلگـەیٔ قـەلای ئاژەلان دا گەچ گەیدا دەبوو ، هەندێ زیخ و چەمەنتۆی کۆنیش له یەکێ له حەوشەکانی تەویلەکەدا له بەردەستان بوو ، بـەلام بەردی گێویست دەبوایەلەت لـەت کربـاو  بشـکێندرابایە ، کـه ئەمەش کارەێکی سەخت بوو بۆ ئاژەلەکانو بۆتـەواوی ئـاژەلان کارێکی وا ئاسان نەبوو ، بۆ ئەم کارەش گێویستیەکـی  زۆر بـه باریەو کوتکی ئاسنی سەنگین و هەندێ کەل و گەلی تر هەبـوو ، تەواوی ئەو کەل و گەلانەش بۆ بەرد شـکاندن گێویسـتی بـه

وەستان لە سەر دووگێیانەوە بوو ، کە ئەمەش لـە توانـای هـیچ ئاژەڵێکەوە نەبوو ، بەڵام لە دوای چەند هەفتەیەک دا یەکـێ لـە ئاژەڵەکان بیری لـەوە کـردەوە کـە سـود لـە هێـزی ڕاکێشـانی گاسـن وەرگـرن کـەوا گـوریس و کنـدڕ و کـەژی لـە دەورەی بەردەکان وەرگێچن و بە هێزی تەواوی ئاژەڵان ڕایبکێشن و لە کاتی گێویستیش دا خودی بەرازەکانیش هاوکاری لەڕاکێشانی بەردە زلەکان دا بکەن و بەرەو هەورازیان ببـەن و ئـەوسا لـەو بەرزاییەوە گاشە بەردە گەورەکان بەرەو خـوار غلـۆر بکـەنـەوە تاوەکو وردو خاش ببێتن و گیرو گرفتی بـەردە شـکاوەکـان کـە ئەوسا گارچە گارچە دەبێت و کێشانەوەیان بۆ شـوێنی (ئاشـی بایێ)ئاسان دەبێتن ، ئەو کارەیان زۆر سەرکەوتوانە ئەنجـام دا ، ئەوسا ئەسپەکان بە داشقەکانیانـەو ملیـان لـە بـەردە کـەرت کەت بووەکان دەناو بۆ دەیان کێشانەوە بۆشوێنەکـەی (ئاشـی بـایێ) ، تـەنانـەت (بنیـامین)و (مۆریـل)ی بزنـە سـپیش عارەبانەیان لە خۆ دەبەستاو بەشدار بوونێکی کاریگـەرانـەیـان لەو کارەدا دەکرد ، لە ئاخرو ئۆخری ئەوساله دا هەندێ بـەردی گێویست کۆ کرایەوەو لە ژێر چـاوەدێـری بـەرازەکـان دەسـت کرایە دروست کردنی دیواری(ئاشی بایێ)بەڵام کارو بارەکـان بە هێواشی بە ڕێوە دەچوون ، زۆربەی کاتەکانیان بەوە دەڕۆیـی کە دەیان ویست بەردێک بۆ سەرەوە ڕابکێشن وتـا بـۆ شـکان لەوسەرەوە غلۆری بکەنەوە ، گەلێ جـارانیش کـە بـەردێکیـان

دەبردە سەرەوەو تلیان دەکردەوە لە دوای ئـەو هـەمـوو مانـدوو بوونە یان بەردەکە نەدەشکاو ڕەنج بە خەسار دەبوون ، ، هـیچ کارو بارێک بەبێ (باکسەر)نەدەکراو بەڕێوزە نەدەچوو ، چونکـە هێزو توانای لـە ڕادەبـەدەری(باکسـەر)بـەرابـەر هێـزو توانـای تەواوی ئاژەڵەکانەوە بـوو ، لـە کاتێـک دا کـە دا کـە بـەردێـک کندرەکانی لێ دادەکەلاو بەرەو خزین دەڕۆیی ئەوا ئـاژەڵـەکـان قیژەیان لێ لـێ هـەڵ دەسـتاو هاواریـان دەچـووە ئاسـمانەوە ، ئەوساکە هەر (باکسـەر)بـوو کـە خـۆی دەکـردەگارسـەنـگ و بەردەکەی ڕا دەگرت و لە جێی خۆی دەچەقی ولێ نەدەگەڕا کە بە هیچ کلۆجێک بەردەکە بخزێتن بەرەو خـوار ، قوربـانی دان و گیانی هەست کردن بە لێگرسینەوەی ئەو هەموو هەول و ڕەنـج و ماندووبوونەی(باکسەر)لە بڕینی ئەو هـەورازە سـەختـە ببـوە جێگەی سەرسـوڕمانەوەو هـۆی زیـاتر خۆشـەویسـتی و بـاس کــردن و گیـا هــەڵگــوتنی ئــەو لــە نــاو دڵــی ئــاژەڵانــەوە ، (کلۆر)هەمیشە بە باکسەری دەگـوت:ئـەوەنـدە خـۆت مانـدوو مەکەوخۆت ئەوندە ئەزیەت مەدە چەنکە دوایی تـوش دەبـی و ئازارت زۆر دەبێ ، بەڵام(باکسەر)گـوێی بـەو قسـانە نـەدەداو هەمیشە دەیگوت:من زیـاتر کـار دەکـەم و هـەقـیش هـردەم بە(نـاپلیۆن)ە ، ئـەم دوو دروشـمەی کـە لـە مێـژ بـوو هـەڵـی گرتبـوون و هـەمیشـە دووبـارەی دەکـردەوەو وای دەزانـی کـە دەربڕینی ئەو دوو دروشمە وەرامی هەموو گیرو گرفتێکە.

(باکسەر)لە گەل (جووجە کەلەشێر)یش دا وا گێک هاتبوون کە بڕیاروابوو لە هەموو بەیانان دا لە جیاتی نیو سـەعـات سێ چارەگە سعات وا بکتن کە زووتر لە خەو هـەڵبسـتێ تـاوەک و (باکسـەر) زووتـر لـە هـەمـوان بچێتـە سـەر کـار کردنـەوە(باکسـەر)لـە گـەل ئـەوەش دا کـە هـەڵێکـی بـۆ هەڵکەوتبایە بە تەنیایی دەچـووە لای تـەگۆلکـەکـەوە و بـەردە کـەرت کـەرت بـووەکـانی کـۆ دەکـردەوەو بـە داشـقەکـەوە دەیکێشایەوە شوێنی کار کردنەوە ، بە هەناسە سواریەوەو سمە گـان و گـەورەکـانی لـە زەوی گیـر دەکـرد وبـە هـەمـوو هێـزو توانایەکی خۆی بە کار دەهێنا ، کە لە ئارەقە ڕەش و شین هەڵ دەگـەڕاو خـۆی زۆر مانـدو دەکـرد تـاوەکـو بـەردەکـانی بـە داشقەکەوە سەردەخست ، (باکسـەر) بـەوگـەڕی دڵسـۆزیەوە کاری دەکرد ، هەرکێ کە (باکسـەر)ی بـەو شـێوەیـە دەدیـت سەری سوڕ لە هێزو توانای ئـەودا دەمـاو زۆریـان گـێ هـەڵ دەگووت و ستایشیان دەکرد.

بە درێژایی هاوینی ئەوسالە لـە گـەل ئـەوەش دا کـەوا کـار کردنی ئاژەلەکان زۆر سەخت و تا بلێی ناخۆش بوو و بە باشـی بەڕێوە دەچوو ، ئەگەر چی لە زەمـانی (جـۆنز)دا ئالیکیـان گتـر نەبوو بەلاَم کەمتریشیان بەش نەبوو ، تەواوی ئـاژەلـەکـان بـە شتێکی باشیان دەزانی کەوا ئـەوان ناچـار نـین کـە بـۆ چـەنـد مرۆڤێکی دەست بلاَوو مشەخـۆر کـار ناکـەن و ڕەنجـی شـانی

خۆیان بەوان نادەن ، کە ئـەمـە شـتێکی زۆر گرنـگ بـوو ، کـە زۆربەی کەم و کوڕی و نالەباریەکانی ئاژەڵانی دا دەگۆشی ، لـە زۆر کارو بارەکان دا چاکتر لە مرۆڤەکـان کـارەکانیـان بـە ڕێـوە دەچوو و ئیشیشیان کەمتر دەبۆوە ، بۆ نمونە هەڵکـەنـدنی گیـاو گۆل ئەوەندە بە باشی بەڕێوە دەچوو کە هەرگیز مـرۆ وایـان بـۆ نەدەکراو ئاوا فیری نەبووبوون ، هیچ ئاژەلێـک دزی نـەدەکـرد ، گێویستیان بـە دانـانی تخـوب و دیوارکێشـان و جیاکردنـەوەی گاوان و لەوەڕگاکان و زەوی زارەوە نـەبـوو ، هـەربۆیـەش بـوو گاراستن و وریا بوون لە هەنـدێ شـت دا هـیچ گێویسـتیەکـی نەبوو.

لە گەل بە سەر چوننی وەرزی هاوینی ئەو سـالە دا هـەنـدێ کەم و کوڕی چاوەڕوان نەکراو دەرکەوتن ، کە بۆ ئاژەڵان چـارە سەر کردنی ئەو گیرو گرفتانە سەخت بوو ، نەیان دەزانی کە بە چ شێوەیە چارەی بۆ بدۆزنەوە ، ڕۆژێ لە ڕۆژانـی یـەکشـەمـوو دا(ناپلیۆن)ئاگاداری کردن کە بیـر و بۆچـوون و سیاسـەتێکـی تازە و نوێ لە ئارا دایەو ڕەچاو کراوەو بڕیـاری لـە سـەر دراوە ، ئەویش ئەوەیە کە لە مەو دوائێمـە واتـە( قـەلای ئـاژەڵان)لـە گەل دراوسێکانمان دا گەیوەندی دەبەستین ئەمەش بـۆ ئـال و گۆڕی کارو بارو گێویستیەکانمانە ، ئـەمـەش نـەک لـە گێنـاوی بازرگانی کـردن دا بـەلکـو بـۆ وەدەسـت هێنـانی ئـامێرەکـانی گێویستی قەلای ئاژەڵان(ناپلیۆن)گوتی (ئاشی بایێ)گێویسـتە

و دەبێت لە گێش هەموو شتێکەوەبێت و کاری بۆ بکرێتن ، ئێستا کە هەندێ گەنم و جۆ و وێنجە لە بەردەستانە ئەوانە دەفرۆشین ، ئەگەر گێویستی ترمان بە گارەو گولی زیاتر هەبێت ئەوا بە هێلکە فرشتن تەواوی دەکەین کە هێلکە هەمیشە ڕەواجی هەیە ، دەیبێت بۆ ئەو مەبەستە تەواوی( مامرەکان ) زیاتر خۆیان ماندوو بکەن و تێ بکۆشن بۆ تەواو کردنی( ئاشی بایێ)و بە هیچ شێوەیەک کەم تەرخەمی نەکەن ، ئاژەلەکان لە دوای قسەکانی(ناپلیۆن)بە شێوەیەکی نهێنی نارەزایی خۆیان لەو بارەوە دەر بڕی و بیریان لەوە دەکردەوە و دەیانگوت مەگەر گەیوەندی کردن لە گەل مرۆڤ و مامەلەی گارەو ئال و وێری کردن لە گەل مرۆڤ و بازرگانی کردن و گارە بە کار هێنان لە یەکەم کۆبوونەوەی سەرکەوتن قەدەغە نەکرابوو؟تەواوی ئاژەڵان ئەو بڕیارانەیان لە یاد مابوو و بیریان لێ دەکردەوە کە شتێکیان لەو بڕیارەوە دێتەوە یاد ، گاشان هەرچوار بەرازەکەی کە لە نەکردنی کۆبوونەوەی ڕاوێژکارییەکەی شەموان ڕەخنەیان لە(ناپلیۆن) گرتبوو ، ئەمجارەش بە هاویشتنی ئەو هەنگاوانە ڕەخنەیان گرتەوەو نارەزایی خۆیان دەربڕی ، بەڵام ئیسان بە هەڕەشەو گوڕەشەی سەگەکان و مڕەمڕیان و چاو لێ سورکردنەویان لە وان قڕو قەگیان گێ دەکردن و زەندەقیان دەبردن و دەمکوتیان دەکرنەوە ، دیسان هەروەک ئاسایی خۆیان بە باعەباعەوە

دەستیان کرد بە خویندنەوەی دروشمی (چوارگاباشە و دووگاخراگە) کە کەمی نائارامی ئاژەلەکانیان لەو کاتەدا کەمتر دەکردەوە ، گاشان (باگلیۆن) بۆ نیشانەی بێدەنگی ۆ کگ کردنی ئاژلەکان قاچی گیشەۆەی خۆی بەرز کردەوەو گاشانیش گوتی:هەموو شتێک ڕوو بەڕا کرایەو جیَ بەجیَ بووە ئیتر گێویست بەوە ناکاتن کە ئاژەلەکان لە گەل مرۆڤەکان دا گەیوەندی ببەستن ، کە ئەمەش بە شێوەیەکی ڕاست و دروست ویست و داخوازی هیچ یەکێک نیە ، هەر بۆیەشە کە تەواوی ئەو کارو بارانە هەمووی دەخاتە ئەستۆی خۆی(ویمپەر)ناوێک کە ڕاوێژکاری ماف گەروەریەو لە دانیشتوانی مەزرای(ویلنگدن)ە بۆ گەیوەندی نێوان (قەلاّی ئاژەلاّن)و دەرەوە قەبوول کراوەکە لە ڕۆژانی یەکشەموان دا سەر لە بەیانی بۆ وەرگرتنی بڕیارە گێویستەکان بۆ( قەلاّی ئاژەلاّن)دێتن ، ئیتر(ناپلیۆن)هەروەک هەمیشە بە هاواری بژی(قەلاّی ئاژەلاّنی ئینگلستان)کۆتایی بەو کۆبوونەوەیە هێناو ئاژەلەکانیش لە دوای چڕاندنی سرودەکە ئیتر بلاّوەیان لیَ کرد.

گاش ئەوەی کە (سکۆئیلر)گەشتێکی لە دەورەی( قەلاّی ئاژەلاّن)کردو ئاژەلاّنی دلّنیا کردەوە لەوەی کە تا ئێستا هیچ بڕیارێک دەربارەی مامەلە کردن و ئالوگۆڕی و گارە بە کار هێنان نەدراوەو تەنانەت باسیشی لێوە نەکراوە ، ئەمە تەنیا خەیالێکە و

فڕی بە سەر ڕاستیەوە نیە ، ئەوەش یەکێکە لە درۆکانی (سنەوباڵ)بەڵام ئاژەڵەکان ئەمەیان باوەڕ نەکردو هێشتان گومانیان لەوەدا ما بوو کە لەوبارەوە شتێک لە ئارا داهەیە ، بەڵام(سکۆئیلر)زۆر زیرەکانە لەوانی دەگرسی و دیگوت:هاوڕێیان ئایا لەوە دڵنیان کە کە ئێوە خەونتان نەدیوە؟ جا لەبەر ئەوەی کە هیچ بەلگەو مەدرەکێک بە دەستەوە نەبوو بۆیەکە ئاژەڵەکان کەمێ باوەڕیان بە قسەی (سکۆئیلر ) هات کەوا بە هەڵە داچووینە.

هەموو ڕۆژانی دووشەموان(ویمپەر)ی ناو براو بە گێی بڕیاری گیشوو دەهاتە ناو (قەڵای ئاژەڵان)ەوە ، ناوبراو کابرایەکی خریلەو کەمێ بە خۆوە بوو بوو ، ڕاوێژکەرو مافگەروەرێکی زیرەوک زۆر وریا بوو ، لە گێشەوەی هەموو کەسێکەوە بیری لەوەکردبۆوە کە (قەڵای ئاژەڵان)گێویسی بە گەیوەندی کردن هەیەو ئەو کارەش سودێکی سەرنج ڕاکێشەری دەبێتن ، ئاژەلەکان لەوە زۆر نگەران بوو بوون کە(ویمپەر)هات و چۆی(قەڵای ئاژەڵان دەکاتن)تا ئەوەندەی کە توانایان هەبوو خۆیان لەوە دوور دەکردەوە و خێسەیان لەو دەکرد ، بەڵام ئاژەلەکان کە ئەوەیان دەدیت(ناپلیۆن)ی چوارگا فەرمان بە(ویمپەر)ی دوو گا دەداتن ، ئەم کارە بەو شێوەیە غرووری ئاژەلەکانی دەجولاندەوە ، تا ڕادەیەک نگەرانیەکانیان کەمتر دەبۆوە ، گەیوەندی ئاژەڵان و مرۆڤ وەک

جاران نەبوو ، بەڵام نەفرەت و قینـی مـرۆڤ بـەرامبـەر قـەڵای ئاژەڵان هەروەک جاران بوو ، مرۆڤ باوەڕی بەوە هەبوو کـە زوو یادرەنگ (قەڵای ئـاژەڵان) بـە شـکەسـت و لـە نـاوچوون ڕوو بەڕوو دەبێتەوە ، دەربارەی( ئاشی بایێ)دەیان گوت کە بەهیچ ناپات و ئاژەڵان لەوە سەرکـەوتـوو نـابن ، مرۆڤـەکـان کـە لـە مەیخانەوە کۆ دەبوونـەوە بـاس و خواسـی(ئاشـی بـایێ)یـان دەکرد و باوەڕیان وابووکە ئەم کارە بـە هـیچ شـێوەیـەک سـەر ناپرێتن و تێک دەچیتن ، وە ئەگـەر تێکـیش نـەچێـت نـاتوانن وەک گێویست سودی لێ وەربگرن ، مرۆڤەکان هەرچـەنـدە بـە گێچەوانەی مەیلی خۆیان باوەڕیان بەوە هێنا بوو کە ئاژەلەکـان توانایان هەیە کە کار بکەن و کاروباری خۆیان بە ڕێـوە بـەرن ، یەکێک لە دیاردەکانی ئـەو بـۆ چونـەیـان ئـەوە بـوو کـە نـاوی کێلگەی(مانر)یان بە (قەڵای ئـاژەڵان)نـاو دەبـردو (جـونز)ی خاوەن کێلگەی (مانر)هیچ باوەڕێکی بە گەڕانەوەی کێلگەکـەی خۆیەوە نەمابوو(جـۆنز)بیـری لـە بـەشـێکی تـر و شـتێکی تـر دەکردەوە ، بەڵام هیچ کـەسـێک گشـتوانی و لایـەنگـری لێـوە نەدەکرد.

جگە لە(ویمپەر)لە نێوان قەڵای ئاژەڵان و دەرەوە دا هـیچ کەسێکی تر گەیوەندی لە گەل(قەڵای ئاژەڵان)ەوە نەدەکـرد ، بەڵام ئەو گرو گاگەندەیە زۆرباو بوو کە گوایە(ناپلیۆن) بڕیاری ئـــەوەی داوە کـــە لـــە گـــەل (گیلکنگـــتن)ی خـــاوەنـــی

کێلگەی(فاکسۆد)و خـاوەنـی کێلگـەی (گێنجفێلـد)گـەیمـانی مامەلە کردن ببەستێتن ، ئەم مامەلە کردنەش لە هیچ کاتێـک دا بەیەکەوە لە گەل خاوەنی ئـەو کێلگـا بـە یکـەوە نـەدەکـرا ، هەرسێ لا گێکەوە یەکتریان نەدەدی و ئاگایان لە یەکتر نەبـوو لەو بارەوە.

لەو سەردەم و کاتانەش دابوو کەلە ناکاو دا بەرازەکان جێگـەی خۆیان گواستەوە ناو خانوویێکی مەزراکەوە و ئەوێندەرێیان کرد بەبنکەی خۆیان و لەوێ وە نیشتەجێ بوون ، دیسان داوەرەکان ئەوەیان وەبیر هاتەوە کە لە هەوەل جـار بڕیارێـک لـەو بـارەوە درابوو کە ڕونیشتن و ژیان  لە ناو خانوودا بۆ ئاژەلاَن قەدەغەیە ، بەلاَم دیسان(سکۆئیلر) باوەڕی بـە ئـاژەلـەکانـەوە هێنـا کـە بەڕاستی بەو شێوەیە نەبووە کە ئەوان واتە ئاژەلەکان بیری لـێ دەکەنەوە(سکۆئیلر)گوتی:بـەرازەکـان مێشـکی بیرکردنـەوەی (قەلاَی ئاژەلاَن)ن بۆ ئـەوەش پێویســــــــتیان بـە شـوێن و جێگەیەکی ئارام و چۆل هەیە کە ئەوان واتە بەرازەکان بتـوانن بە تەواوی بە شێوەیەکی باش و لە بار بیـر بکـەنـەوەو بڕیـاری سەرکەوتوانە بدەن ، لە گەل ئەوەش دا خۆ سەرکردەو گێشـەوا ئەو مافـەی هـەیـە کـەوا شـوێنێکی باشـی هـەبێـتن ، لـەو دوا دواییانە دا(سکۆئیلر)ناوی(نـاپلیۆن)ی هـەر بـە گێشـەوا نـاو دەبرد ، ئەو گوتی:خۆ نابێت کـە گێشـەوا لـە شـوێنی بـەرازان نیشتەجێ بێتن و دەبیت کە شوێنێکی تایبەتی هەبێتن ، لە گەل

تەواو بوونی قسەکانی (سکۆئیلر)هەندێ لە ئاژەڵەکان بە بیستنی ئەو هەواڵانەی کەوا بەرازەکان نە تەنها چێشتخانەکەیان کردۆتە شوێنی خواردن و هەڵس و کەوتی خۆیان و لەوێ خواردن بۆ خۆیان ئامادە دەکەن بەلکو ئێستا لە سەر تەختیش دەخەون و ئەمانە هەمووی ببوە هۆی ناڕازی بوون و دڵتەنگی و نگەرانی ئاژەڵان(باکسەر)هەمیشەو وەک جاران بە گوتنی دروشی هەمیشە هەق بە(ناپلیۆن)ە ئەو باس و خواسانەی دەبڕیەوە ، بەڵام(کلۆر)بیری لەوە دەکردەوە کە ئایا ئەو بڕیارە هەیە کەوا نابێتن ئاژەڵان لە سەر تەخت بخەون یاخێر؟بۆیەکەلەوێ هەستاو چوو بۆ لای هەفت فەرمانەکەی کە هەڵواسرا بوون و دوای هەول دانێکی زۆر نەیتوانی کە فەرمانەکان بخوێنێتەوە ئەو گرسیاەی خۆی وەرام بداتەوەو حەلی بکاتن ، چونکە (کلۆر)تەنیا هەندێ گیتی جیا جیای کەمێ لە یەک دەکردەوە و سەری بە تەواوی لە خوێندنەوە دەر نەدەچوو ، تا بە(مۆریل)ی بزنە سپی گوت:وەر بەندەکانم بە تەواوی بۆ بخوێنەوەو بزانە بەندی چوارەم لەو فەرمانانەو بڕیارلنەدا چی ئێژێ؟(مۆریل)یش بەندی چوارەمی بۆ خوێندەوەکە ئەوهالە نوسرابوو( نابێت ئاژەڵان بە چەرچەف لە سەر تەختی خەودا بخەون)سەیر ئەوە بوو کە(کلۆر)نەدەهاتەوە یادی و باوەڕیشی نەدەکرد کە ئەو بەندە ئاوا نوسرابووبێتن و وشەی چەرچەفی تیا نوسرابێتن ، بەڵام لە

بەر ئەوەی کە ئـەم وشـەیـەی تیـادا بـوو لـە سـەر دیـوارەکـە هەڵواسرا بوو دەبێت ئەوە وا بوو بێت و دیارە کە ئەمە ڕاستە.

لەو کاتەدا (سکۆئیلر)بە خۆی و هەر سێ سەگـەگـەروەردە کـراوەکانـەوە بـەوێ دا تـێ دەگـەڕیـن و گـوتی:هاوڕێیـان ، زانیوتانە کە ئێمەی بەرازەکان لە سـەر تـەخـت دا دەخـەویـن؟ ئەی بۆ لە سەر تەخت نەخەوین؟ ئەوەشتان بە خەیال دانێـتن کە هیچ یاسایێک هەبێتن بڕیاری لە سەر تەخـت نـەخـەوتنـی تیادا بێت و حەڕامی کـردبێتن ، خـەوتـن لـە سـەر تـەخـت بـە شێوەیەکی سادە شوێنێکە کە لـەسـەری دەخـەون ، خـۆ کـای تەویلەش هەر جۆرێکـە لـە تـەخـت و ئـاژەڵانـیش لـە سـەری دەخەون ، یاسا تەنیا خەوتنی لەسەر تـەخـت بـە چـەرچـەفـی تەنک قەدەغە کردووە ، ئێمە تەواوی چەرچەفە تـەنکـەکانمـان فڕێ داوەو وەلامان ناوە و بە گەتوو لە سەر تەختەکان دەڕازین ، تەخت بە تەواوی ئارامەو بۆ نوسـتن باشـە بـەڵام نـەک بـەو ئەندازەوە کە ئێمە ئەوەندە بیری لێ بکەینەوە ، چونکە بەڕاستی ئێمە گێویستیمان بە شوێنی لـە بـار تـرو ئـارامتریش هـەیـە ، هاوڕێیان:شـتێکی ڕوون و ئاشـکرایە کـە ئێـوە لـەو گایـەنـین کەبتانەوێ ڕێگەی ئاسـایش و ئـارامی و حـەسـانەوەمـان لـێ بگرن و گێتان خۆش بێت کە ئیمە نا ئـارام بـین ، چونکـەهـیچ کەسێک لە ناو ئێوە دا نیە کە بیەوێت ئێمە هەمیشە ماندوو بین و نەتوانین کە کارو بارەکـان بـە ڕێـوە ببـەیـن ، خـۆ ئـەمـەش

شـتێکی ڕوون و دیـارە کـە هـیچ یـەکێـک لـە ئێـوە داخـوازی گەڕانەوەی (جونز)ی بۆ( قەلاى ئاژەلان)ەوە هەبێتن ، لە دوای قسەکانی (سکۆئیلر) ئاژەلەکان بەرازەکانیان دڵنیا کردەوە کە لە مەو دوا لەو بارەوە واتە باس و خواس لە سەر تـەخـت نوسـتن نەکەن ، لە دوای ئەوەش ڕا گەیەندرا کە بەرازەکان لە مـەو دوا سەعاتێک درانگتر لـە ئـاژەلـەکـان لـە خـەو  هـەڵ دەسـتن و کەسێکیش ڕەخنەی لەوە نەگرت و هەموویان بێ دەنگ بوون .

لە وەرزی گایزی ئەو سالە دا تەواوی ئـاژەلـەکـان زۆر ماندوو بووبوون ، لەگەل ئەوش دا تـا بلێـی دڵخـۆش و شـادان بوون ، سالێکی سەخـت و گـڕ لـە ناخۆشـی و مانـدوو بـونێکی زۆریـان بـردە سـەرلـە دوای فرۆشـتنی وێنجـە و دانـەوێلـەو بەروبوومی تریان ، ئالێک و ئازۆقەی ئەو سالەشـیان چـەنـدان زۆر نەبوو ، بەلام لەو باوەڕە بوون کە (ئاشی بایێ) هەموو کەم و کوڕیەکان گڕ دەکاتەوەو هەموو تەنگ و چەلەمەیـەک لـە نـاو دەباتن ، لە دوای هەڵگرتنی خەرمانان و کۆ کردنەوەی کشـت و کاریـان ،  هـەوا وشـک و برینـگ و ئاسـمان ڕوون بووبـوو ، ئاژەلەکان بیریان لەوە دەکردەوە کە دەرهێنانی بناغـەی ئاشـی بایێ و بلند کردنی تەنانەت یەک ڕێز دیواری ئەو ئاشـە نرخـی تەواوی ڕەنج و ئـازارو کـوێرەوەریـەکـانی ئـەوانیـانی هـەیـە ، ئەوەندە دەهێنێ کە بە هەموو هێـزو تواناییانـەوە هـەولـی تـەواو کردنی بدەن ،  هەر بۆیەش بوو کە بۆ ئەو مـەبـەسـتە زۆریـان

ڕەنــج و زەحمــەت دەكێشــاو خۆیــان گــڕ مانــدوو دەكــرد ، (باكســەر)شــەوانــەش دەچــووە ســەركــارو لــە ژێــر ڕۆنــاكی مانگەشــەوان دا یــەک دوو ســەعـات كـاری دەكـرد ، تـەواوی دەوارەكانی تریش لە كاتی بەتالیان دا لـە دەورو بـەری ئاشــی بـایێ دەســوڕانەوەو كـون و كـەلـەبـەری دیـوارەكـەیـان گـڕ دەكردەوەو ڕێكیان دەخسـت ، ئـەوان كـە لـەو كـارە گرنگـەی خۆیان دەڕوانی ئیتر سەریان لەو كارانەیان سـوڕ دەمـاو دڵیـان زۆر گێ شاد دەبوو ، تەنیا(بنیامین)ی كـەرە دێـزە لـە دروسـت كردنــی ئاشــی بـایێ هــیچ دڵخۆشــیەكــی نیشــان نــەدەدا بــە شێوەیەكی گڕ لە سەیرو سەمەرەوە دەیگوت:كەران تەمەنێكی درێژیان هەیە.

مانگی ســەرمـاوەز هـات و بـاوو بـووران و زریـانێكی زۆر توندوتیژ و زستانێكی زۆر سەختی لە گـەل خـۆی دا هێنـا ، بـوو بەتەڕو توشیەكی یەكجار سەخت و ناخۆش ، ئـەوەش بـوو بـە هۆی كار وەستان چونكە نە دەتواندرا كە چەمەنتۆ بە كـار بێـنن تا دیوارەكان گێ تەواو بكەن ، شەوێک لە ناكـاو زریـانێكی زۆر توند و بەهێز هات  كە زۆربەی خانوەكانی (قـەڵای ئـاژەڵانـی) هەڵتەكاند و تەواوی جەمەلۆن و سەربانـەكـانی ئـەو خانوانـەی تێـک شــكاندو فڕێــی دایــە خــوارەوە ، مریشــكەكـان زۆر بــە گەشۆكاوی و بە قیڕە قیڕەوە لە خەودا ڕاگەڕیـن و وایـان زانــی كەوا ئەو دەنگەی كە گوێیان لێ بووە ئەوە دەنگی تفەنگـەو لـە

دەرەوە ڕا هاویشترایە ، بەیانی کە ئاژەلەکان لە خەو هەستان و لە شـوێنی خۆیـان وەدەر کـەوتـن ، چاویـان بـەوە کـەوت کـە ئالاکەیان کەوتووەو درەختێکی زۆر گەورەی دار بەڕوو لـە بـن و بۆتکەوە دەرهاتووەوکە چاویشیان بە ئاشی بایێ کـەوت زۆر بـە نا ئومێدی لە ناخی دەروونیانـەوە هاواریـان کـرد ئـەها ئاشـی بایێش وێران بووە و بە سەر یەکـادا تـەگیـوە ، هـەموویـان بـە تێکڕایی بەرەو شوێنی ئاشـەکـە ڕایـان کـرد و چوونـە شـوێنی ڕووداوەکە ، (ناپلیۆن)کـە هـەمیشـە زۆر بـە لـەسـەرخۆییـەوە دەڕۆیشت ، بەڵام ئەمجارە لە گێش تەواوی ئـاژەلـەکـان بـەڕا کردن بەرەو شوێنی (ئاشی بایێ) بۆی دەرچـوو ، کـە چاویـان بە(ئاشی بایێ)کەوت دییان کە ئەو هەموو زەحمەت و ڕەنـج و ئازارانـەی کـە لـە مـەوگـێش کێشـاویانە هـەمـووی بـە فیـڕۆ ڕۆیشتووە ، هەموو ئەو دیوارەی کە دروستیان کردبـوو بـەسـەر یەکا دا تەگیوەو لە گەل خاک دا یەکسان بووە ، ئەو بـەردانـەی کـە بـەو هـەمـوو کـوێرەوەری و ڕەنجـەوە وردیـان کردبـوو و کێشابوویانەوە ئەو شوێنە هەمووی گەرت و بڵاو بـووەو بـا هـەر بەردەی بەلایەکا فڕێ داوە ، تەواوی ئاژەلەکان کە چاویان بـەو دیمەنە کەوت و( ئاشی بایێ) یان ئاوا دیت هەموویان لـە داخ و حەسرەتان تاسابوون و تـا بلێـی مـات و خـەمبـار بووبـوون ، هەموویان لەو بەردە گەرش وبڵاوەکانی  کە لە کـەلاوەکـە دوور کەوتبونەوە مووڕ ببونەوە ، سەریان سـوڕ مـابوو(نـاپلیۆن)یـش

**لەو ناوەدا بە ورشــە ورشــی کلکیــەوە دەهــات و دەچــوو ، جــارو بارش زەوی بۆن دەکرد و بە بەلگـەی زۆر بیـر کردنـەوە کلکـی تەکان دەداو قیتی دەکردەوەو وای نیشان دەدا کەوا بـە ئاکـامێ گـــەیشـــتووەو لـــە گـــڕ وەســـتاو ڕووی کـــردە ئـــاژەڵان و گوتی:هاوڕێیان دەزانن کە بەرگرسیاری هەمو ئەو خراگکاریانە کێیە؟ئایا ئەو دوژمنەی کە بە دزی و لە تاریکی شـەودا هاتۆتـە ئێرە (ئاشی بایێ)ی ئا بەو شـێوە تێـک و لێـک داوە دەیناسـن یاخێر؟ئەوە خودی(سنەوباڵ)ە و ئیتر دیسان هـاواری کـردەوەو بە دەنگێکی بەرزەوە گوتی(سنەوبـاڵ)ە (سـنەوبـاڵ)کـە ئـەم کارەی ئەنجام داوەو ئەو خائینە هەربە یادی سەرنـەکـەوتـن و تێک دانی تەواوی نەخشەکانی ئێمەوە بـوو ، بـۆ سـەندنـەوەی تۆلەی ئەو ڕەداوی دەرکردنە گڕ لە شەرمەزاریەکەی لە( قەڵای ئاژەڵان)ەوەدا سودی لە تاریکایی شـەو وەرگرتـووەو هـاتووە و ئەو هەموو ڕەنج و زەحمـەتـەی کـە ئێمـە لـە دوای سـاڵێک دا کێشاوامانە ئاوا لێی بە فیـڕۆ داویـن بۆیـەکـە هـەر ئێسـتا لـەم شوێنەوە فەرمانی لە سێدارە دانی (سنەوباڵ)ی خائین دەدەین ودەلێم گاداشی گلەی دووەم و نیو کیلـۆ سـێوی زیـاد بـە هـەر ئاژەلێکـیش دەدەیـن کـە دادگـەروەری بـە سـەر ئـەو خائینـە واتە(سنەوباڵ)دا گیادە بکاتن و بـە جـەزای خـۆی بگـەیێنـێ ، یەک کیلۆ سێویش گاداشی هەر ئاژەلێکـە کـە (سـنەوبـاڵ)بـە زینـــدووی بگـــرێتن و دەســـتگیری بکـــاتن ، تـــەواوی ئـــەم**

گەیڤانەی(ناپلیۆن)تا بلێی کاری کردە سەر ئاژەڵەکان کەوا(سنەوباڵ)تا ئەو ئەندازەیە گڕو گووچ و نالەبارە، تەواوی ئاژەڵان بە تێکڕایی نا ئارام و دڵتەنگ بوون، هەموویان لەو یادەوە دابوون کەوا چۆن بتوانن لە کاتی گەڕانەوەی (سنەوباڵ)دابە سزای خۆی یان دەستگیری بکەن و تەسلیم بە دادوەری بکەن، بۆ ئەو مەبەستەش بە تێکڕایی هاواریان دەکرد، ئیتر لەو ناوە شوێن گای بەرازێکیان دۆزیەوە، بە دوو شوێنەکەدا کەوتن(ناپلیۆن) شوێنی ئەو گایەی بۆن دەکرد و دەیگوت:ئەوە شوێن گێی(سنەوباڵە)لەوانەیە لە لای کێلگەی (فاکسود)ەوەڕا هاتبێتن، ئیتر وەدوای شوێن گاکەوە ڕۆیشتن تا لە کولانەیەکەوە چووبۆوە دەرەوەی قەڵای ئاژەڵان، گاشان (ناپلیۆن) گوتی:ئیتر گێویست بە وەدوا کەوتن ناکاتن، دەبێ هەولی ئەوە بدەین کە لەم ڕۆ ڕاوە دەست بە تازە کردنەوەو چاک کردنەوەی (ئاشی بایێ)بکەینەوە، لەم زستانەدا تەواوی ئەو ڕۆژانەی کەوا لەبارەو خۆشەو باو بووران و باران نیە، بۆ کار کردن دەشێ دەبێتن هەولێکی باش بدەین، تاوەکوو کارو بارەکانی (ئاشی بایێ)ڕوو بەڕا بکەینەوەو لەو بارەوە هەرگیز نەوەستین، تاوەکو بەو خائینە بلێین:کە ئەو ئەوتوانایەی نیە کەوا بتوانێتن ئاوا بە ئاسانی کۆل بە ئێمە بداتن و کاری ئێمە لە ناو بەرێتن، هاوڕێیان: دەبێت کە ئەوەتان لە یاد بێتن کە نەخشەکانی ئێمە هیچ گۆڕانکاریەکی تیا دا نیەو تیا نابێتن،

دەبێ ئەم کارەش لە کاتی خۆی دا سەرکەوتوانە تەواو بکـرێتن ، هاورێیان بۆ گێشەوە بە رەو سەرکەوتن و هـەر بـژی (ئاشـی بایێ)و هەر سەرکەوتوو و سەربـەرزو کامـەران بێـتن (قـەڵای ئاژەڵان).

## بەشی حەوتەم

زستانێکی هەتا بلێی ساردو سڕو گڕ لە بەفرو بووران بوو ، شەختەو زریان و کڕێوە لەوگەڕی توندو تیژی دابوو ، مانگی بەفرانبار هەتا بلێی بە ئالۆزی و ناخۆشی و هەوای ساردو کڕێوەی دای هێنابوو ، هەموو وڵساتەکان تا ئەو ڕادەیەی کە توانایان هەبوو لە هەول و کار و کۆشش دا نەوەستان ، بۆ دروست کردنەوەی (ئاشی بایێ)لە هیچ شتێک کەم تەرخەمیان نەدەکرد ، چونکە ئاژەلەکان لە ڕووداوەکانی دەرەوەی (قەڵای ئاژەڵان)بە تەواوی ئاگادار بوون ، ئەوەیان زۆر بە باشی دەزانی کە سەرنەکەوتنیان لەو کارەیان دەبێتە هۆی دڵخۆشی نەیاران و گێ هەڵکارانی دژ بە قەڵای ئاژەڵان و هەموو ئەوانەی کە حەز بە سەرکەوتنی قەڵای ناکەن.

گڕو گاگەندەی تەواوی مرۆڤان ئەوە بوو کە دەیانگوت هۆی ڕوخانی ئاشی بایێ تەنیا هۆی نەزانین وشارەزایی لە کارو بارەکان دا ، هەروەها باریک دروست کردنی دیواری (ئاشی بایێ)بووەتە هۆی ڕوخانی ئەو دیوارە نەک (سنەوباڵ)

هەرچەندە ئاژەلەكان ئەو گرِوگاگەندانەيان باوەرِ نەدەكرد بەلام ئەمجارە برِياريان دا كە ديوارەكەى(ئاشى بايێ) بە بناغەيەكى لە بارترو باشتر دابنێن و ديوارێكى ئەستوترو قايم تريش لە جارى يەكەم بە پانتايى هەژدە ئينج دروست بكەن ، ئەمەش شتێكى ديارەو رِوونە كە دەبێتن خۆيان زياتر ماندوو بكەن و زياتر كاربكەن ، مانەوەى بەردو كەل و پەلەكانى كار كردن لە ژێر بەفر دا ببوە هۆى ئەوەى كە كارو بارەكانيشيان بە رِێوە نەچێتن و بۆ ماوەيەكى زۆر لە كاركردن بووەستن ، لە هەركاتێكێش دا كە هەورو هێر نەدەما و خۆرەتاو وەدەر دەكەوت و ساردو سرِى كەمێ دەشكا ئەوا خۆيان لێ هەلّ دەكرد و دەست بە كار دەبوونەوەو كارو بارەكانيان بەرەو گێشەوە دەبرد ، ، هەرچەندە كەوا شۆل كردنيان گرِ لە زەحمەت بوو ، ئەو هيواو ئاواتەى جارانيشيان كەمتر ببوەوە ، سەرما كارى تێ دەكرن ، برسيەتيش تەنگى گێ هەلّ دەچنين ، تەنيا (باكسەر)و(كلۆر)بوون كە هێشتان ورەيان بەر نەدابوو و خۆيان نەدابووە دەستى نا ئومێدى و رِوخانەوە ، (سكۆئيلر)گەلێ قسەى گان و گۆرِو جۆراو جۆرى بۆ ئاژەلان دەكردو دەربارەى كارو كۆشش و هەول دان زۆر دەدواو ئاژەلەكانى فرە هان دەدان و وەدەيگوت: هەول و خەبات و ماندوو بوونى هەريەكە هەميشە باسى لێوە دەكرێتن وهەرگيز لە ياد ناكرێتن ، هەميشە زياترى تيخ تيخەى ئەوانى دەدان بۆ

کار کردن و دەیگـوت: هـەول و مانـدوو بـوون لـە کـار کـردن هەمیشە جێگەی شانازیە بۆ هەر یەکێ کە خۆی ماندوتر بکاتن ، هەموو ئاژەڵانیش لە هێزو توانـاو دڵسـۆزی(باکسـەر)بـۆ کـار کردن و هاواری هەمیشەیی و نـەبـڕاوەیـی کـە دەیگـوت(مـن هەردەم زیات کار دەکەم) ئەوەش ببوە هۆی هان دان و زیـاتر باوەڕ کردن بە قسەکانی(سکۆئیلر) و ئـاژەڵان بـەوە گـەرمتـر دەبوونەوەو ورەیان بەرز دەبۆوە بۆ کار کردنیان.

لە مانگی سـەرمـاوەزی ئـەوسـالە دا ئازۆقـەو ئـالیکی ئاژەڵان کەمتر ببۆەوە ، دانەوێلەو خۆراک وەک جاران نـەمـابوو ، ئاگاداری ئەاژەلەکان کرایـەوە کـە لـە جیـاتی کـەم بوونـەوەی ئالیکی ئەوسالەدا هەر ئاژەلێک دانەیەک گەتاتەی زیاتری گـێ دەدرێـتن ، گـاش ئـەوەی کـە سـەیـری گـەتاتـە عـەمبـار کراوەکانیشیان کرد بینیان کەوا بە هۆی چاک ئاگا لێ نەبـوون و خزمەت نەکرن لە کاتی عەمبار کردن دا زۆربەی ڕزیـوەو ڕەش هەڵگەڕاوەو کەڕەکیفەی هەڵێناوە ، جگە لە هەندێ گەتاتە کەبـە کەمی مابوونەوە ، ئەوەی کە هـەش بـوو هـەمـووی نـەرم بـوو بوونەوە و ڕەنگیان هەڵبزڕکاو کەڕەکیفەیان هەڵێنابوو ، ئەوە کە کەمێ بە کار دەهات ئەوانیش بـەرەو خـراگ بـوون دەچـوون ، وڵساتەکان هەندێ ڕۆژان لە بەیانی تا ئێوارە هیچیان نـەدەبـوو کە بێخۆن ، تەنیا هەندێ وێنجەو چەوەندەرو کەمـێ گیـاو گـۆل

مابوو ئەویش لە (قەڵای ئاژەڵان)دابـەرەو نـەبـوونی و بـڕان و گرانی قات وقڕی دەچوو.

شـاردنەوەی تـەواوی ئـەو دەنـگ و باسـانەی (قـەڵای ئاژەڵان)گێویستی سەر شان و فەرمانێکی ژیـان بـوو ، خـەراگ بوونی ئاشی بایێ تەواوی مرۆڤەکانی بێ گەروا تر و دڵخۆشـتر کردبوو ، گەلێ درۆی زل و تازەیان بۆ ئاژەڵان هـەڵبـەستابوو ، گڕوگاگەندەی زۆریان دژی(قـەڵای ئـاژەڵان)بـڵاو دەکـردەوە ، هـەمـوو درۆ و دەلـەسـەکـانی مـرۆڤ بـەرامبـەر(قـەڵای ئاژەڵان)گەرەی سەندبوو ، تازە بڵاویان کردبۆوە کـەوا هـەمـوو دەوارەکان بە هۆی گرانی و قات و قڕی وا خەریکن لـە برسـان مندالانی یەکتـری دەخـۆن و بـەربوونـەتـە گیـانی یـەکتـری و هەمیشە شەڕ و شۆڕیانە.

(ناپلیۆن)زۆر بە چاکی سەرەنجامەکان و نالەباری و کـەم بوونەوەی ئازۆقەی هەست گێ کردبوو ، بۆیەکە بڕیـاری دا کـە لـە(ویمپـەر)ی مرۆڤـەوە سـودوەرگـرێتن ، ئـەو هـەمـوو گـڕو گاگاندانەی کە دژ بە قەڵای ئاژەڵان دەکرێتن و بڵاو بـووەتـەوە هەولی لە ناو بردنیان بداتن ، هەتا ئەو کاتە گەیوەندی لە گـەل (ویمپەر)دا هەفتەی جارێـک بـوو ، لـەو سـەردەمانـەدا چـەنـد ئاژەلێک کە زۆربەیان مەڕ بوون هەڵبژاردران کە بە شێوەیەکـی ڕێکەوتووانە بـە (ویمپـەر)ی مـرۆڤ ڕا بگـەیێـنن کـە ئـالیکی ئـاژەڵان لـە (قـەڵای ئـاژەڵان)دا زیـاد بـووە ، هـەر لـەو

کاتەشەوە(ناپلیۆن)فەرمانی دا کە تەواوی جـەوالـەکـانی نێـوە خالی هەموو گڕ بکەن لە زیخ و بەردو سەرەکەش واتـە زیـخ و چەوەکان  بە ئالیک دابگۆشن تا لێواری سەرەوەی جەوالـەکـان ئازۆقەی لە سەر بکەن و بنەوەشیان  گرلە زیخ و چـەو بێـتن و کەمێکی سەرەوە بە ئالیک دا بگۆشرێتن و  وا دیار بێتن کەئـەو جەوالانە هەمووی گڕە لە دانەوێلە ، بەو شێوەیە لە عەمبارەکـان بە ڕێز بە سەروارایی  دایان بنێن  ، ئەوکارەیان ئەنجام دا ، لـە هەڵێکی باشیش دا(ویمپەر)یان برد بـۆ بینینـی عـەمبـارەکـانی ئازۆقە ، بەم شـێوەیـە(ویمپـەر)ی مـرۆڤ خافـل کـرا تـەواوی جەوالەکان بن زیخ و چەوو سەر ئازۆقەکان بە (ویمپەر) نیشان دران (ویمپەر)یش لەو کـارە بـێ ئاگـاو هـەوالـەکـانی دەبـردە دەرەوەو دەیگوت: کە ئاژەڵان هیچ کەم و کوڕیەکی ئازۆقەیـان نیەوعەمبارەکانیان تەژی ئازۆقەیـەو دەهـا جـەوال ئازۆقـەیـان داگرتووە.

لە کۆتایی مانگی بەفرانباران  دا  ئـەوە سـەلمێنـدرا کە گێویستە و دەبێتن هەولی گەیدا کردنی ئازۆقـەلـە دەرەوەی (قەلای ئاژەڵان) بدرێتن(ناپلیۆن)یـش لـەو ڕۆژانـە دا زۆر بـە دەگمەن  وەدەر دەکـەوت ، هـەردەم لـە نـاو خـانووەکـەی نـاو کێلگەکەدا کە سەگەکان گاسەوانیان لێ دەکـرد دەمایـەوەو زۆر بە کەمی  دەهاتە دەروە ، لەو کاتەی کە دەهاتە دەرەوەش ئـەوا سـەگـەکـان بـە مـڕە مـڕەوە هـەرچـوار لایـان گـەمـارۆ دداو

گاسـەوانیـەکـی زۆر بـە تونـدیان لـێ دەکـردو هـەرکـێ لـە (ناپلیۆن)نەزیک ببوایەوە ئەوا لێیان دەمڕاند و گێی دەحەگـین و چاویان لێ سور دەکردەوە ، لەو سـەردەمانـەدا(نـاپلیۆن) لـە کاتی هاتنە دەرەوەی دا تا بلێی بە قان و قوون بووبوو ، ئەو لـەو کاتانـە دا بـەشـداری کۆبوونـەوەکـانی ڕۆژانـی شـەمووشـی نەدەکردولەوێ ئامادە نـەدەبـوو ، بـە هـۆی یـەکـێ لـە ڕابـەرە بەرازەکان فەرمان و ڕاسپاردەکانی خۆی ڕا دەگەیانـد ، بـۆ ئـەو مەبەستەش هەمیشـە(سـکۆئیلر)ی نوێنـەر بـوو(نـاپلیۆن) بـۆ تەواوی فەرمانەکان(سکۆئیلر)ی دەنارد تا بڕیارو فەرمانـەکـان ڕا بگەیەنێتن.

(سکۆئیلر) لـە کۆبوونـەوەیـەکـی ڕۆژی شـەمـوو دا ڕای گەیاند کە مریشکەکان بە هێلکە هاتوون ، بـۆ ئـەوەش دەبێـتن هێلکەکان ئامادە بکەن بۆ وەرگرتن ، چونکە(ناپلیۆن)لە ڕێگەی (ویمپەر)ەوە گەیمانێکی بەستاوە کە دەبێ لـە هـەفتـەیـەک دا چوارسەد هێلکە ئامادە بکـرێتن و نرخـی هـەر هێلکـەیـەکـیش دانەوێلەو بژیوی ڕۆژانەی ئالیک و خۆراکی ئاژەڵانی کێلگـەیـە ، تا هاوین دێتن و وەزعێکی باشتر و چاکتر وەدی دێتن وئـەڕزاق مسۆگەر تر دەبێتن ، کاتێ کە مامرەکان ئەوەیان بیست کەوتنە ناڕازی بـوون و قرتـە قـرت کردنێکـی زۆر سـامناکەوە ، لـەوە گێشەوە ئەوەیان بە گوێ کـەوتبـوو کـە کـارێکی ئـەوهالـە لـە گێشەو لـەوانـەیـە گێویسـت ببێـتن ، بـەڵام گیـادە کردنـی ئـا

بەوشێوەیە باوەڕ نەدەکرا کە وەدی بێتن ، هەموو مریشکە کـان خۆیان بۆ ئەوە ئامادە کرد کە لە بەهاری داهاتوودا کورک ببن و بەو شێوە دەست بە سەردا گرتنی هێلکەکانیـان بـە گونـاهێکی گـەورە دەزانـی ، لـە دوای ڕاگـەڕانـدنی (جـۆنز)لـە(قـەڵای ئاژەڵان)ەوە ئەوە بۆ یەکەمجارە کە نیمچـە شۆڕشـێک بـەرگـا دەبێتن کەوا مامرەکان بە ڕابەرایەتی سێ مامری ئـەسـپانیایی بەرگێچی لە فەرمانەکانی(ناپلیۆن)دا دەکەن ، هەر بۆیـەش لـە شوێنی لێژ و سەرەو خوار دا مریشکەکان هێلکەیـان دەکـرد تـا سودیان لێ وەرنەگیرێتن و هێلکەکانیان غلۆر ببنەوەو بشکێن و بە فیرۆ بڕۆن(نـاپلیۆن)یـش دژ بـەو کـارە زۆر بـێ بـەزەییانـە ئازۆقەی مامرەکانی بڕی و فەرمانی دەرکرد کە هـەر ئـاژەلێـک یەک دانە دانەوێلە بدات بە مریشکان ئەوا سزای لـە دار دانـە ، سەگە گاسەوانەکانی(ناپلیۆن)یش خۆیان بۆ جێ بەجێ کرنـی تەواوی فەرمانەکانی (ناپلیۆن) ئامادە کردبوو.

مریشکەکان توانیان کە بۆ مـاوەی گێـنج ڕۆژان خۆیـان ڕا بگرن ، بەڵام لە دوای ئەو گێج ڕۆژە ئیتر ورەیان بەرداو نـەیـان توانی گەرە بەو کـارەیـان بـدەن و ناچـار مـان کـە خۆیـان بـە دەستەوە بدەن ، هەموویان گەڕانەوە کۆلیتەکانیان هەریەکـە لـە شوێن ڕاوکەکەی جارنی هیلکەی دەکرد ، لەو مـاوەیـە دا نـۆ دانە مامر بوونـە قوربـانی هاوڕێکانیـان و لـە نـاو بـاغی مێـوەدا نێژران ، وا بڵاو کرایەوە کە ئەو مریشکانە بـە هـۆی نـەخۆشـی

جیقنەسپیلکە مردوون(ویمپەر) شتێکی لەو بارەوە نـەدەزانــی و نەی بیستبوو ، لە کاتی دیاری کراو دا تەواوی هێلکەکانی ئامادە کراوی وەرگرت ، ئەو هەمیشــە بـە ئوتومبێلـەکـەی بـەققـالی هەفتەی جارێک دەهاتـە (قـەلأی ئـاژەلأن) و هێلکـەی خـۆی دەبرد.

لەو ماوەیەش دا هیچ هـەوالێـک لـە (سـنەوبـاڵ)ەوە نـەبـوو ، ئەوەش دەزاندرا کە لە یەکێک لە مەزراکانی دراوسـێی(قـەلأی ئــــاژەلأن)واتــــە مـــــەزرای(گینجفیلـــــد)یــــان(فــــاکس وود)دا(سنەوباڵ)بزرەو خۆی شاردۆتەوە.

گەیوەندیەکانی (ناپلیۆن)لە گەل جوتیارەکـانی  دراوسـێکان لە جاران چاکتر بوو ، ئەو تەختـە دارانـەی کـە مـاوەی دەسـال دەبوو لە عەمبارەکەدا مابوونەوە بـە تـەواوی کـۆن بـوو بـوون و وشک هەڵگەڕا بوون ، ئەوتەختەدارانە هـەمـووی لـە دار بـەڕوو بوون و تەختەداری زۆر باش و گڕ سودو لە بار بـوون(ویمپـەر) بۆ (ناپلیون)ی گێشنیاری کرد کە ئەو تەختە دارانـە بفرۆشـن و گوتی(گیلکینگتن)و (فریدریریک)یـش هـەردوکیـان کڕیـاری ئەو تەختانەن(ناپلیۆن)یش لـەو کـارە دا دوو دڵ بـوو کـە ئـەو تەختە دارانە بە کامەیان بفرۆشێتن ، هەر کاتێک کە مامـەلـەی لـــە گـــەل (فریـــدریک)دا دەکـــرد وا بـــلأو دەکرایـــەوە کـــە (سنەوباڵ)لە مەزرای(فاکس وود) دایـەو خـۆی شـاردۆتەوە ،

کـەمامـەلـەی لـە گـەل (گیلکنگـتن)دا دەکـرد دەیـانگوت کە(سنەوباڵ)لە مەزرای(گێنج فیلد) دایەو خۆی شاردۆتەوە.

لە سەرەتای وەرزی بەهاری ئەو سالەدا وا بـلاو کرایـەوە کـە(سـنەوبـاڵ)شـەولنـە بـە دزی هـاتوچۆی (قـەلای ئاژەلان)دەکاتن و زۆر کاری گڕو گوچ و گـەمـژەلانـە ئـەنجـام دەداتن ، ئەم گڕوو گاگەندەیە تەواوی ئاژەلەکـانی شـێواندبوو ، وایـان لـێ هـاتبوو خـەولـە چاویـان نـەدەکـەوت ، وا دەزاندراکە(سـنەوبـاڵ)لـە تـاریکی شـەودا دێتـە نـاو (قـەلای ئاژەلان)و دزی و جەردەیی دەکاتن و هاتووە مەنجەلـی شـیری وەرگێڕاوەو هیلکەکانی شکاندووەو دەغل و دانی دزیوەو چوزەلە دارو موتربـەکـانی دارە میـوەکـانی قرتانـدووەو قـەرسـیل و شکارتەو هەرچی شیناوەردە هەمووی شێلاوە و ئیتر ئاتـاری لـە سەر گاتاری نەهێشـتووەو زەرەرو زیـانێکی یـەکجـار زۆری لـە قەلای ئاژەلانەوە داوەو هەمو کارێکی خراگ کە گـێش دەهـات ئەوا وەگال (سنەوباڵ)یان دەدا ، ئەگەر شوشەی گەنجەرەیـک دەشکا ، یاخود بەری جۆگەیەکی ئاو دەگیـرا ئـەوا ڕاسـتەو خـۆ دەیانگوت ئەوە (سنەوباڵ)ە لە تاریکی شەوانە دا هـاتووە ئـەو کارانەی ئەنجام داوە ، هەرکاتێ کلیلی ئەنبـارەکـان ون دەبـوو ئەوا تەواوی ئاژەلان لەو باوەڕە دابوون کەوا خودی(سنەوباڵ)ە هاتووە کلیلی ئەنبارەکانی دزیـوەو لـە نـاو بیرێـی هاویشـتووە ، بەلێ لە هەمووی سەیر تر ئەوە بوو کاتێ کە کلیلی ژوورێک ون

دەبــوو و گاشــان لــە ژێــر کیســەیــەکــی ئازۆقــەدا دەنــدراو دەدۆزرایەوە ئیتــر ئـاژەلـەکـان هـەر لـەو بـاوەڕە دابـوون کـە سنەوباڵ دزیویەتی ، هەموو وڵساتەکان بە تـەواوی لـەو بـاوەڕە دابوون کە(سنەوباڵ)لە تاریکی شـەو دا بـە دزیـەوە دێتـە نـاو (قەڵای ئاژەڵان) و لـە کـاتی خـەوی مانگاکـان دا هـەموویـان دەدۆشێتن و شیرەکانیان دەخواو دەدزێـتن ، وا گـەتـا بـوو کـە مشکە بیابانیەکانی خەرابکار  لە زستان دابوونەتە هـۆی ئـازارو گیــرو گرفــت بــۆ ئــاژەڵان و هــەموویــان دەســتیان لــە گەل(سنەوباڵ)دا تێکەلاو کردووەو خراگـە کـاری دەکـەن ، لـە لایەن (ناپلیۆن)ەوە ئەو بڕیارە درا کـە بـەرامبـەر ئـەو هـەمـوو خراگکاریەی کە لە لایەن(سنەوبـاڵ)ەوە ئـەنجـام دەدرێـتن و گێویستە چارەسەریەکی باش بدۆزرێتەوە وئەنجام بدرێتن ، لـە کاتێک دا کە سەگەکانی(ناپلیۆن)دەورەیان لێ دابوو و تـەواوی ئاژەلەکان بۆ ڕێز گرتن لە (ناپلیۆن) لە دواوە دەڕۆیشتن ، ئـەوا زۆر بە وردی و دیققەتەوە هـەمـوو کـون و قـوژبنێکی (قـەڵای ئاژەڵان)یان زۆر بە چاکی دەگشـکنی(نـاپلیۆن)لـە گـەل هـەر هەنگاوێکی داکە دەڕۆیشت سـەرنـج ڕاکێشـەرانـە زەوی بـۆن دەکــردو ئــەمــەش بــۆ ئــەوەی بــوو کــەشــوێنگای (سنەوباڵ)بدۆزتەوەو هەڵبگرێتن ، تـەواوی تـەویلـەو کـۆلیتی مریشکان و ناو باخچەکان و هەموو گاوان و مێرگ و زەویەکاندا بە تەواوی گەڕان و(ناپلیۆن) لە هەموو ئەوشوێنانەدا شـوێنگای

ســەنوبــالی دەدۆزیــەوەو لمــۆزی بــە خــاک دا دەهێنــاو بــە هەناسەیەکی ساردەوە گشوی هەڵـدەکێشـاو بـە دەنگێکـی زۆر سامناک و گڕ لە ترسەوە دەیگوت: کەوا (سنەوبـاڵ) لێـرە لـەم شوێنانە بووەو شوێنی گاو بۆنی سنەوباڵ دەناسمەوە ، کە نـاوی (سنەوباڵ) دەهات ئیتر سەگەکان دەستیان دەکر بـە وەڕیـن و حەگەحەگەوە و کەلبە تیژو درێــژەکانیـان نیشـان دەداو دەیـان مڕاند ئەوەندە ترسناک بوون بە شێوەیەکـەوە کـە خوێنیـان لـە لەجەستە دا دەوەستاند ، ئاژەلەکانیش بە تەواوی ترسـیان لـێ نیشتبوو چونکە وایـان بـەرجـەسـتە کردبـوو کـە (سـنەوبـاڵ) بوونەوەرێکی نەبینراوەو هەموو ئاسمان و دەورو بەری ئـەوانـی گرتۆتەوەو بە هەموو شوەیەک هەڕەشـەیـان لـێ دەکـاتن. ئـەو ڕۆژە شەو هات و (سکۆئیلر) تەواوی ئاژەلەکانی کۆ کردەوە ، لـە کاتێک دا کەترس و سامێکی زۆرئاسمانی ئەو ناوەی داگرتبـۆوە گوتی: شتێکی گرینگ هەیەکە شایانی باس کردنـەو دەمـەوێ گێتانی ڕا بگەیەنم ، بـە مـڕو مۆچیـەکـی زۆر و ڕوو گرژیـەکـی بێتامەوە گوتی: (سنەبال) بە تەواوی خۆی بە فریدریکی خاوەن مەزرای (گێنج فیلدەوە) فرۆشتووەو نیازیشیان وایـە کـە هێـرش بکەنە سەر (قـەلای ئـاژەلان) و واش بڕیاریانـە کـە لـە کـاتی هێرش هێنانیان (سنەوباڵ) ڕێ نیشاندەری (فریـدریک) بێـتن ، لە سەر قسەکانی خۆی ڕۆیـی و گـوتی: بـاس و خواسـی لـەوە گرینگتر هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئێمە وامان بیر دەکـردەوە کـە

بەلگەی هەڵگەڕانەوەی(سنەوباڵ) لە خۆ بایی بوون و کورسی گەرستی خۆیەتی ، بەڵام هاوڕێیان لەوە بە هەڵە دا چووبووین ، ئەگەر هۆی سەرەکی هەڵگەڕانەوەی (سنەوباڵ) نازانن ئەوا گێتان ڕا دەگەیەنم کە(سنەوباڵ) لە هەوەلجارەوە لە گەل(جۆنز)دا هاوگەیمان بوون ، بۆ ئەو مەبەستەش بەلگە نامەی زۆ هەیە کە لەوەوە بەجێماوەو لەم دوا دواییەدا دۆزراوەتەوە(سکۆئیلر)گوتی:بە باوەڕی من ئەم باس و خواسە گەلێک شت ڕوون دەکاتەوە ، مەگەر نایەتەوە یادتان کە لە جەنگی تەویلە دا (سنەوباڵ) چەندی هەول دا کە ئێمە واتە (قەڵای ئاژەڵان) لەو شەڕەدا سەرنەکەوین ، بەڵام خۆشبەختانە لەو هەولە دا سەرنەکەوت و ئێمە بە سەر نەیاران دا زال بووین ، تەواوی ئاژەلەکان کاس و وڕ بوو بوون و سەریان لێ شێوا بوو ، ئەمە لەکارەساتی داستانی (ئاشی بابێ)گەلێ خراگتر بوو لە دوای چەند دەقیەقەیک لە قسەکانی(سکۆئیلر)حالی بوون و ئەوسا هاتنەوە سەرخۆ و بیریان لەوە کردەوە کەوا (سنەوباڵ) لە جەنگی تەویلە دا لە گێشەوەی هەموان چۆن هێرشی دەبرد و ئاژەلە گەرت و بڵاوەکانی چۆن کۆ دەکردەوەو چۆن ورەی بەرز دەکردنەوەو هانی شەڕ کردنی دژ بە دوژمنانەوەی دەداو تا ئەو کاتەی کە ساچمەکانی تفەنگەکەی جۆنز گشتی (سنەوباڵ)ی زامدار کرد ئەو هەر لە گەلامار دان دژی لایەنگرانی جۆنز دابوو ، چۆن

ئێستاکە ئەوە باوەڕ بکرێتن کە ئەو هەموو کردەوانەیەی(سنەوباڵ) لایەنگرایەتی کردن لە(جۆنز)ەوەیە ، تا(باکسەر)گرسیاری خۆی نەکرد زۆری بەلاوە سەیر بوو(باکسەر)ڕوونیشت وهەردوو قاچەکانی گێشەوەی خۆی خستە ژێرەوەی خۆی و هەردو چاوەکانی نوقاندو بە هەولێکی زۆرەوە بیرو ڕاکانی خۆی ڕێک خست و گوتی:من ئەوە باوەڕ ناکەم کە ئەمە ڕاست بێتن ، چونکە من بە هەردو چاوانی خۆم ئەوەم بینی کەوا(سنەوباڵ) لە گەرمەی شەڕی تەویلە دا چەند ئازایانەو دڵسۆزانە جەنگا ، مەگەر بۆ ئەو مەبەستەش گلەی ئازایەتی لەو شەڕەمان بە(سنەوباڵ)نەبەخشرا؟

(سکۆئیلر) لە وەرام دا گوتی: هاوڕێ ئێمە بە هەڵە دا چووبووین ، ئێستاکە ئەوەی کە من دەڵێم لە بەلگە نامەکانی کە بە نهێنی دۆزراوەتەوە ئەوەمان بۆ ڕوون بووەتەوە کە (سنەوباڵ)خائین بووە ئەو ویستوویەتی کە ڕێگە لە ئێمە دا ون بکاتن ، (باکسەر) گوتی ئاخر (سنەوباڵ)لەو شەڕەدا برینداربوو ، هەمووومان بە چاوی خۆمانەوە دیمان کە چۆن خوێن لە برینی جەستەی ئەودا دەهاتە خوارەوە(سکۆئیلر)هاواری کرد و گوتی: ئەمە بەشێک بوو لە نەخشەیان ، گوللەی (جۆنز) تەنیا برینێکی سوکی وەدی هێنا ، ئەگەر ئێوە خوێندەواریتان هەبوایە ئەوا هەموو بەلگە نامەکانی خیانەت کردنی (سنەوباڵ)م دەدانێ کە خۆتان بیان خوێننەوە ، گێتان بلێم

نەخشەی ئەوان ئەوەبوو کە(سنەوباڵ) لە هەلّێکی ناسک دا نیشانەی کشانەوە لە شەڕ بداتن و (قەلاّی ئاژەلاّن)تەسلیم بە دوژمنان بکاتەوە ، تا ڕادەیەکیش لەو نەخشەیەدا سەرکەوت ، مەگەر بە خۆتان نەدتان دیت کە (جۆنز)و یاوەرەکانی هاتنە ژووریەوەی (قەلاّی ئاژەلاّن)و(سنەوباڵ) بە چە شێوەیەکەوە و چۆن ڕای کرد و هەلاّت و هەندێ لە ئاژەلەکانیش وەدوای کەوتن؟(سکۆئیلر) لە کاتێک دا کەبە هەڵبەزینەوە دەیگوت:دیارە ئەوشتانەتان لە بیر چوەتەوە کە هەمووتان حەگەسا بوون و وا دەزاندرا کەوا هەموو شتێک لە دەست چووە و (قەلاّی ئاژەلاّن) گیراوەتەوە؟ ئاڵەو کاتەدا کەهاوڕێ(ناپلیۆن) هاتە دەست و بە هاواری مردن بۆ مرۆڤ چۆن بەرەو گێشەوە شالاوی برد و بە ددانە تێژەکانیەوە چۆن قاچ و قولی(جۆنز)و هاوڕێکانی دەدایە بەر گەزەو قەمگارلێدان (سکۆئیلر) لە کاتێک دا بەولاو ئەملادا هەڵدەبەزیەوەو بە دەنگێکی زیق و زۆر بلندو گڕ لە حەماسەتەوە دەیگوت:دیارە کە ئەوانەتان هەمووی لەیاد چووەتەوەو لە بیرتان نەماوە!.

(سکۆئیلر)کاتێ کە تەواوی شتەکانی بە شێوەیەکی زۆر گوخت و ڕوخت و لەبار وێنە کێشاو وای بۆ باس کردن کە ئاژەلەکان وایان هاتەبەرچاو کەوا هەموویان لەبیر ماوە ، خۆ لەو کاتەدا هاتەوە بەرچاویان کە(سنەوباڵ)لە جەنگی تەویلە دا ڕای کرد ، بەلاّم(باکسەر)هیچ باوەڕی بەوە نەدەکرد

کە(سنەوباڵ)خیانەتی کردبێ ، و دەیگوت:من هەرگیز باوەڕ بەوە ناکەم کە (سنەوباڵ)لە هەوەلجارەوە خائین بوو بێتن و ئەو لە جەنگی (تەویلە)دا هاوڕێیەکی گەلێ ئازاو نەترس بوو ، ئەوەی کە لە دوایی دا کردوویەتی ئەوە شتێکی ترە.

(سکۆئیلر)هاواری کردو گوتی:هاوڕێیان ڕابەری ئێمە (ناپلیۆن)ە ئەوەی زۆر بە ڕاستی و دروستی ڕاگەیاندووە کە(سنەوباڵ) هەر لە زووەوە لە گێش ئەوەی کە بیر لە شۆڕش بکرێتەوەوشۆڕش بەخەیاڵ دابێتن بەکرێ گیراوێکی(جۆنز)بووەو خائین بوو ، (باکسەر)گوتی:باشە کەواتە مەسەلەکە شتێکی ترە ، ئەلبەتە ئەگەر هاوڕێ(ناپلیۆن)ئەوە بلێت ئەوە زۆر ڕاستە.

دیسانەکە(سکۆئیلر)بە دەنگێکی زەق و ڕەق و بلندەوە گوتی:ئێستاکە ڕاستی مەسەلەکان دەبینن ، ئەوسا خێسەیکی بە(باکسەر)کردو گوتی:ئاگاداری تەواوی ئاژەڵان دەکەم و گێتان ڕادەگەیێنم کە بە تەواوی وریای خۆتان بن وچاوی خۆتان بە باشی بکەنەوە چونکە هەموو بەلگەکان وا دەردەکەون کە لە ناو ئێمەدا ئا لەم کاتەدا بەکرێگیراوانی (سنەوباڵ)هەن.لە گاش چوار ڕۆژان دا(ناپلیۆن) فەرمانی دا کە کەوا ئێوارە لە حەوشەکەدا کۆ ببنەوە ، ئەو ڕۆژە تەوای ئاژەڵان ئامادەی ئەو کۆبوونەوەیە بوون و چاوەڕوانی هاتنی هاوڕێ (ناپلیۆن)یان دەکرد هەندەی گێ نەچوو کە

(نـاپلیۆن)زۆر بـە نـاز و قـان و قـونێکی زۆرەوە لـە کاتێـک دا هەردوو نیشانەکانی گلەی یەکەم و دووەمی ئاژەلیەتی بە خۆوە کردبوو و هەر نۆدانە سەگـە دڕنـدەکانیشـی ئـەولاو ئـەملایـان گرتبوو بەرەو کۆبوونەوەکە هات وسەگەکان بە مـڕە مـڕو ددان گر کردنەوە و خیسە کردنیان لە ئاژەلەکان کە تەواوی ئاژەڵان نیوە زەندەق چووبوون دەورو بەری (ناپلیۆن)نیان گەمارۆ دابوو ، ئاژەلەکانیش بە کش و ماتی هەریەکە لە جێگەی خۆی دا کـە تەواوی گیانیـان لـە ترسـان دەلـەرزی و سـەری خۆیـان شـۆڕ کردەوەو دەتگوت کە دەزانن فەرمانێکی سامناک و گڕ لە تـرس دەدرێتن و بەبێ دەنگی لەوێ خۆیان کڕ کرد و بێ دەنگ بـوون .،

(ناپلیۆن) بە ڕوییێکی تـا بلێـی تـال و گـرژەوە چـاوێکی بـە ئامادە بووەکان دا گێڕاو بـە مـچ و مۆڕیـەکـی زۆرەوە سـەیـری ئاژەلەانی دەکردو لە ناکـاو مڕیـەیکـی ترسـناکی لێـوە هـات و ئاوڕێکی لە سەپەلەکە دایەوەو گاشان سەپەلەکە خۆیان کوتایە ناو ئاژەلەکان و لە ناکاو گوێچکەی چواردانە بـەرازیـان گـرت و بـە زیقـە زیقـەوەبـە کاتێـک دا کـە بـەرازەکـان خوێنـان لـە گوێچکـەکانیـان دا دەردەگـەڕی ڕایـان کێشـانە گـێش (ناپلیۆن)ەوە سـەگـەل بـە بـۆنی خـوێنی بـەرازەکـان هـارتر بووبـوون ، زۆر بـە سـەر سوڕمانیشـەوە سـێ سـەگ تاویـان دایە(باکسەر)و گەلاماری ئەویشیان دا ، بەڵام (باکسـەر)لـەو

کاتە دا کە زانی وا گەلاماری دەدەن و ئازایانـە هاتـە دەسـت و هـەسـتایەوە بـە سـمە گـەورە بـە هێـزەکانیـەوە لـە ققـەیکـی ڕاوەشاندە سەگەکان و یەکسەر بەر یەکێ لە سەگەکان کـەوت و نێوە گیانی کرد و بە واقە واقەوە کەوتە سەر زەوی و هـەردوو سەگەکەی تـریش خۆیـان گـێ نـەگیراوکلکیـان خسـتەوە نـاو گـەلیـان و تێیـان تـەقانـدن و هـەڵاتـن(باکسـەر)چـاوێکی کردە(ناپلیۆن)تا بۆی ڕوون ببێتەوە کە سەگـەکـە ڕەهـا بکـاتن یان لەژێر گاو سمە گەورەو بـە هێـزەکانیـادا لـە گـەل زەوی دا یەکسانی بکاتن(ناپلیۆن)بە ڕوویێکی زۆر گرژ و تالیـەوە داوای لە (باکسەر)کرد کە وازی لێ بێنێتن ، لە گەر بلند کردنی سمی باکسەر سەگی بریندار بـوو بـە لـوورەلـوورەوە وک دزێـک ڕای کردو هەڵات.

سەرو سەدا کەم بۆوە ، هەرچـوار بـەرازەکـە لـە کاتێـک دا وەک مێژووکـەلـە ترسـان دلـەرزیـن و لـە دەم و چاویـان دا نیشـانەی گوناهکـاری دەخوێندرایـەوە زۆر بـە کـز و دامـاوی چاوەڕوانی فەرمان بوون(ناپلیۆن)داوای لێ کـردن کـە دان بـە تاوانەکانیان بنێن.

ئـەو هـەر چـوار بـەرازە ئـەو بـەرازانـە بـوون کـە لـە کـاتی کۆبوونـەوەکـانی ڕابـووردو ڕووبـەڕووی(نـاپلیۆن)دەبوونـەوەو ڕەخنەیان لێگرتبوو ، ئەو هەر چوار بەرازە لەوێ دانیان بـەوە نـا کە لەو کاتەوە کە(سنەوباڵ)هەڵاتووە ئـەوان بـە شـێوەیـەکـی

نهێنیـوە لـە گـەل ئـەو دا گـەیـوەنـدیان هـەبـووەو لـە تێـک دانی(ئاشیبایێ)دا هاوکاری (سنەوباڵ)یان کـردووەو لـە سـەر ئەوەش گێک هاتوون کە قەڵای ئاژەڵان بدەن بـە(فریـدریک) ئـا زۆری لـە سـەر ڕۆیشـتن و گوتیـان:کـە (سـەنـەوبـال)بـە شێوەیەکی تایبەتی لە لای ئـەوانـەوە دانـی بـەوە نـاوە کـە لـە مەوگێشیش هەر بەکرێگیراوی(جۆنز)بووە ، ئیتـر لـە داوی دان نانی بەرازەکان بە گوناهەکانیان لە بەرچاوی تەواوی ئـاژەڵان ، سەگەل شالاویان بۆ بەرازە تاوانبارەکان برد و بـەبـێ چـەنـد و چوون هەر چوار بەڕرازەکانیان لەوێ گارچـە گارچـە کـرد و لـە ناویان بردن(ناپلیۆن)یش بە مڕەمڕێکـی سـامناکەوە ڕووی لـە تەواوی ئاژەڵان کرد و گوتی:ئایا ئاژەلێکی تر هەیە کە شـتێکی تری هەبێتن و دانی گێوە بنێـتن ، لـەو کاتـە دا سـێ مریشـکی ئەسپانیایی کە لێگرسراوی هەڵگەڕانەوەی مریشکەکـان بـوون کە لەمەو گێش ڕووی دابوو لە بـارەی هێلکـە کردنـەوە ، هاتنـە گێشەوەو دانیان بەوەناو گوتیان(سنەوباڵ)لە کاتی نوستنیان دا هـاتووەو ئـەوانـی خافلانـدووە تـاکو سـەرگێچـی لـەو هێلکـە کردنەمان بکەنەوەو فەرمانەکانی (ناپلیۆن)جێ بەجێ نەکـەن ، ئیر ئەوانیش بە داننـان بـە گوناهـەکانیـان  هـەر جـێ بـەجـێ لەوێندەر کوژران ، لە دوای ئەوانەوە قازێک هات و دانـی  بـەوە ناو گوتی: لە کاتی هەڵگرتنی خەرمانان دا سـێ چلـە فـەریکـە گەنمی بردووە و شەوان بە دزێ خواردویەتی ،  لە دوای قازەکە

مەڕێکیش هاتە گێشەوە و ئەویش دانی بەوە ناو گوتی: لە ناو ئاوێ گۆلێ دا میزتووە، ئەو کارەرش بە قسەو هاندانی (سنەوباڵ)بووە، دوو مەڕی تریش هاتنە گێشەوەو ئەوانیش دانیان بەوە ناو گوتیان: بەرانێکیان لە کاتی کۆخەکۆخ کردن دا ئەوەندە غارغارێنێیان گێ کردووەو تا زۆرماندوو بووەو ئەوسا گساوەو مردووە، دوای ئەو دان گێ نانە ئیتر ئەوانیش هەر لەوێندەر لە بەر چاوی ئاژەڵان هەموویان بڕیاری مەرگیان بۆ دەرچوو و گەل گەل کران.

ئا بەو جۆرە دان گێنان و کوشت وبڕین ئەوەندەی درێژە کێشا کە ئەو ناوە لە لاشەی کوژراوان گڕبوو کە لە دوای هەڵاتنی (جۆنز)ەوە شتی ئاوا ترسناک نەبیندرابوو.

کاتێ کەکوشت و کوشتار تەواو بوو ئیتر هەموو ئاژەڵەکان بەرەو دەرەوە خزان و تەنیا بەرازەکان و سەگەکان لەوێندەر مانەوە، تەواوی دەوارەکان زۆر هەراسان و گەرێشان بوو بوون، نەیان دەزانی ئەوە لێک جیا بکەنەوە کە ئایا هاوکاری کردنی ئاژەڵەکان لە گەل سنەوباڵ گەورەترە یاخود ئەو تۆلە بێ بەزەییانەی کە ئەمڕۆ بە چاوی خۆیان دیتیان کە بەرامبەر هاوڕێکانی خۆیان ئەنجام درا؟ خۆ لە کۆنەوەش ئەم جۆرە دیمەنانەیان زۆر دیبوو بەڵام هەموویان لەو باوەڕە دابوون کە ئەو ڕووداوەی وا لەناو خۆیان ڕووی داوە گەلێ لە ڕووداوەکانی گێشوو واتە لە ڕۆژگارانی (جونز)سامناکترو بێ بەزەییانەترە،

لەو ڕۆژەشەوە کە شۆڕش کراوەو (جۆنز)لـە کێلگـە ڕاو نـراوەو دەرگەڕێندراوەو هیچ ئاژەلێـک دەوارێکـی تـری هـاوڕێی خـۆی نەکوشتووەو تەنانەت مشکێکیش نەکوژراوە ، ئیتر ئـاژەلـەکـان هەموویان بەیەکـەوە بـەرەو (ئاشـی بـایێ)ی ناتـەواو بـە ڕێ کـــــەوتــــــن (کلـــــۆر)و (مۆریـــــــل)و(بنیـــــــامین)و (مانگاکـان)و(مـەڕەکـان)و(قـازەکـان)و(مـامرەکـان)و واتـە هەموویان  لە نەزیک  یەکەوە هەروەک گێویستیان بە گەرمـای یەکتری هەبێتن لەوێ مۆل بوون ، ئەمە جگە لە (گشیلە)کە لـە کاتی کۆبوونەوەکەدا خۆی شاردبۆوەو دیار نـەبـوو ، مـاوەیـەک ئارامی و بێ دەنگی ئاژەلەکانی داگرت ، تەنیا(باکسەر) زۆر بـە نائـارامی و دڵتـەنگیـەوە وەسـتابووو سـەری بـەولاو بـەولادا دەلەقاندو کلکە شۆڕەکەشـی بـەولاو ئـەمـلای تـەنیشـتەکـانی خۆیەوە دا دەداوجارو بارەش حیلەیەکی کـورت و گـڕ لـە سـەر سوڕمانیەوە لێوە دەهات و گاشـان گـوتی:سـەرم لـەم کـارەدا دەرناچێت و هەرگیز لەو باوەڕە دا نەبووم کە ئـەم کارانـە دێتـە کایەوە ، گوتی:لە ناو ئەم قەلاییەمان دا هەموو کەم و کوڕیڕک تەنیا لە ئەستۆی خۆمانەوەیە ، تەنیا ڕێگەی چـارەسـەر کردنـی هەموو ئەو گیرو گرفتانە زیاتر کار کردنە ، لـەم ڕێگـەوە ڕا مـن هەموو بەیانیەک سعاتێک گێش هەڵدەستم و دێمـە سـەر کـار کردن بە هەنگاوی سەنگین و گرانیەوە بـەرەو بـەردە زلـەکـان

ڕۆیشــت و گاشــان بــەردێکــی گــەورەی هــەڵگــرت و بــۆ لای دیوارەکەی(ئاشیبایێ)ی برد و ئەوسا گشوی خۆی دا.

ئاژەلەکان بەبێ ئەوەی مرتەقێک بکەن دەورەی (کلۆر)یان دابووو خۆیان بەوەوە چەسپاندبووو نقەیان لێ بڕابوو ، لـەسـەر ئەو تەگۆلکەشەوە کە دەیڕوانیە تـەواوی مـەزراکـەوەو هـەمـوو لەوەڕگارو قەرسیل و گاوەنەکان و مێرگ و زەنوێرەکـان کـە تـا شەقامی سەرەکی دەڕۆیشتن  هەمووی کێلدرابوو ، تەواوی کـرا بوو بە وێنجەو شکارتەی گەنم و جۆو هەمووی لە بەر چاویان دا سـەوز دەچونـەوە ، شـێروانیە ڕەنـگ سـورەکـانی خـانوەکـانی مەزراکان کە دوکەلیان لەسەر بانان لێ بەرز دەبۆوە هەموو ئـەو دیمەنانەیان لە بەر چاوان بوو و دەیان دیتن ، ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی خۆش و هەوای بەهاری بوو ، هـەمـوو زەوی و زارو مـەزراکـانی سەوزو ڕەنگینی خاک بە تیشکی خـۆرەتـاوی زێڕینـی ڕازاوەتـر بووبو و دیمەنی دڵگیرو هەتا بلێـی نـەخشـین تریـان دەنوانـد ، ئاژەلـەکـانیش لـەو بـەرزاییـەوە کـە ئـەو هـەمــــوو جـوانی و ڕەنگینیەیان لە بەر چاوان بوو دەکـەوتنـە ئـەو یـادەوە کـە ئـەو زەویە گڕ خێرو بەرەکەتەو جوانەبـۆ ژیـان هـەمـووی بسـت بـە بست  هی خۆیانەو خۆیان خاوەنی ئەو هەموو زەوی زارەن ، کە تا ئێستا هەرگیز ئاوا لە بـەر چاویـان دڵگیـر نـەبـووە و نـەیـان دیوە(کلۆر) کە دەیڕوانیە دەورو بەری گردۆلکەکـەوە ، هێـواش هێواش ئەسرینی لە چاوان دەهاتـە خـوارەوە ، ئـەگـەر توانـای

هەبایەو ڕای خۆی دەر بڕیبایە بەبێ گومان دیگوت:ڕاو نان و دەرکردنی مرۆکان لە مەزرای قەلای ئاژەڵان دا بۆ ئەوە نەبوو کە ئاوای لێ بێتن ، واتە ڕاگەیاندنی شۆڕش لە لایەن(مێجەڕ)ی گیرەوە کە لەوانی گەیاندووە بۆ ئەو هەموو کوشت و کوشتارە نەبووە ، ئەگەر(کلۆر) بە خۆی ئایەندەی هێنا بایە بەر چاوان و ئەوا ئایەندەیەکی شادو دوور لە هەموو ئازارو کوێرەوەری و زەبرو زەنگ و ناخۆشیەکانی کۆمەلگای ئاژەڵانی بوو و ئەوەشی لە هەست و دەرونی خۆی دا بۆ ئایەندە بەرجەستە دەکرد کەوا هەمووی یەکسانی و شادی بوو ، هەرکەس بە گێی تواناى خۆی کاری دەکرد و بە هێز بێ هێزی دەگاراست و گەورە بەرامبەر بچوک دلۆڤان دەبوو ، هەروەک چۆن بە خۆی لە شەوی وتارەکەی(مێجەر)ە گیرە جێگەی بۆ جووجەلە مراویەکان کردەوەو کە چۆن ئەوانی گاراست و چاوی لێیانەوە بو و هەمیشە ئاوا دەبوو(کلۆر)هەرچەند لێکی دەدایەوە ئەوەی نەدەزانی کە بۆچی ئاوای لێ هاتووە کەوا هیچ یەکێک لە ترسی دڕندایەتی و هاریەتی سەگەکان ناتوانێ نقە بکاتن و تەنانەت توانای ڕا دەربڕینیش نەماوە ، بە چاوی خۆیان دیان دی کە بە زۆری زۆرداریەوە چۆن دانیان بەگوناهباری هاوڕێکانی خۆیان هێناوەو چۆنیان کوشتن ، کەوا هەرگیز بیری زۆرداری لە مێشک دا نەبوەو و بەلام ئێستا وای لێ هاتووە ، لە گەل ئەوەش دا(کلۆر)ئەوشی باش دەزانی کە

ئەم ڕۆژگارانەیان لە زەمانی(جۆنز) چاکترە ، گرینگترین کار بەرگری کردن لە گەڕانەوەی مرۆڤە بۆ ناو کێلگەکەیان ، ئەوەشی دەزانی کەوا دەبێتن هەمیشە وەفادار بمێننەوەو زیاتر کار بکەن و هەوڵ بدەن و فەرمانەکانی(ناپلیۆن) قەبووڵ بکەن و بە تەواوی جێ بەجێیان بکەن ، هەرچەندە کە ئەو هەموو ڕەنج و ئازارانەی کە تەواوی ئاژەڵان کێشاویانەو خەباتیان بۆ کردووە ئەوە لە گێناوی وەدی هاتنی ڕۆژێکی ئەوهالە نەبووە ، دروست کردنی ئاشی بایێ و خۆ دانە بەر گوللەی(جۆنز)و ئەو هەموو هەوڵ و خەبات و قوربانی دانیان بۆ وەدی هاتنی ڕۆژێکی وەها نەبوو کەئاوا بێتە دی بەلکو بۆ یەکسانی و بەختەوەری تەواوی ئاژەڵان بووە ، ئەمانە هەمووی لە بیروبۆچونی تەواوی(کلۆر)بوو ، هەرچەندە ئەو توانای ئەوەی نەبوو کەئەم هەموو ڕاو بۆچوونەکانی خۆی بە تەواوی دەربرێتن و بیلێتن ، بۆیەکە بیری لە چڕاندنی سروودی(قەڵای ئاژەڵان)کردەوە هەتاکو ئەو هەموو بیرو بۆچونانەی ڕاستی خۆی کە توانای دەربڕینیان نەبوو گری بکاتەوە ، بۆیەکە دەستی بە چڕاتدنی سروودی ئاژەڵان کردو ئیتر تەواوی ئاژەڵەکانی تریش کە لە دەورو بەری (کلۆر)کۆببونەوە لە گەل ئەو دا بە یەکەوە سرودیان چڕی و هەتاکو سێ جاران لە سەر یەک ئەو سرودەیان لە دوای یەک بە ئاوزێکی گڕ لە شادی و سۆزەوە چڕاند کە هەرگیز ئەو سرودەیان ئاوا بە جوانی نەچڕی

بوو ، کە جاری سێهەمیان تـەواو بـوو(سـکۆئیلر) لـە گـەل دوو سەگی زەبەللاح و دڕندە لەوێ گەیدا بوون ، کە بۆ ڕاگەیانـدنی شتێکی گرینگ هـاتبوون(سـکۆئیلر) گـوتی: بـە گێـی بڕیـارو فەرمانی(ناپلیۆن) لە مەو دوا چڕاندنی سرودی قەڵای ئـاژەڵان قەدەغەیە چیتر ئەم سرودە نابێ بخوێندرێتەوە.

ئاژەڵان لە بیستی ئەم فەرمانە واقیان وڕ ماو لە جێگەی خۆیـان حـەگـەسـان(مۆریـل) خـۆی گـێ نـەگیـراو بـە دەنگێکـی بلندەوەگـوتی:بـۆچی؟(سـکۆئیلر) فـەرمـان ڕەوایانـە وەرامـی دایەوەو گوتی:بە بەلگـەی ئـەوەی کـە ئـەم سـرودە سـرودی شـۆڕش بـوو ، خـۆ ئێسـتاش شـۆڕش نـەمـاوە و بـە ئامـانج گەیشتووە ، هـەمـوو خائینـان بـە سـزای خۆیـان گـەیشـتن و دوژمنان چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوە تەفرو تونا بووینەو نەماون و شکەستیان خـواردووە ، کـە ئـەو سـرودە دەخوێندرایـەوە بـە هیـوای ڕۆژێکـی چـاکتر بـووین ، خـۆ ئێسـتاکە بـە و ئاواتـەوە گەیشتووین و ژیانێکی گڕ لە کامەرانی و بەختـەوەری دەبـەینـە سەرو ئێستاش ئەو ژیانەمان هەیەوچڕاندنی ئەم سروودە هیچ مانایەکی نەماوە).

هەرچەند ئاژەلەکان ترسا بوون بەڵام هەندێکیان نیازی ڕەخنـە گرتنیان هەبوو ، کەچی مەڕەکان بە (باعە باعی چوار گا باشـەو دووگا خراگە)ماوەی ڕەخنە گرتنیان بڕی.ئیتر سرودی ئاژەڵانی ئنگلستان لەو ڕۆژەوە نەخوێندرایەوە ، (مینی مـوس)ی شـاعیر

ئەم سرودەی  خوارەوەی داناو لە هەموو ڕۆژانی یەکشەمـوودا کە ئالای قەڵای بەزدکرایەوە دەخوێندرایەوە هەرچەندە تەواوی ئاژەڵان ئەم سرودەیـان وەک سـرودی گێشـوو بـە دڵ نـەبـوو ئەویتریان بۆ چڕاندن لا زۆر خۆشتر بوو بەڵام چارەیـان نـەبـوو ئەوە بڕیارە کە دەبێ ئەم سرودە تازەیان بچڕن.

## بەشی هەشتەم

لە دوای چەند ڕۆژێک و بڕانـەوەی ترسـی کوشـت و کوشتارو ئەو سامەی کە لە ئاژەڵان نیشتبوو ، ئەوە هاتەوە بیری ئاژەڵەکان کە لەمادەی شەشەمی حـەوت فـەرمانـەکـەدا ئـەوە گوتراوە کە (هیچ ئاژەڵێک بۆی نیە کە ئاژەل کوژی بکـاتن)لـە گەل ئەوەش دا کە یەکێک لە بڕیارەکان ئـەو بڕیـارەیـە بـەڵام هیچ ئاژەڵێک بە یادی ئەوەوە نەبوو کە لە لایـەن بـەرازەکـان و سەگەکان ئەوە باسە بکاتن ، هەرچەندە ئاژەڵەکـان هـەسـتیان بەوە دەکرد کەوا کوشتن و بڕینی ئاژەڵان لە لایەن ئـاژەڵانـەوە بە گێچەوانـەی فـەرمانـەکـانی قـەڵای ئـاژەڵانـە(کلـۆر)داوای لە(بنیامین)ی کەرە دێـزە دەکـرد و لـە بـەری دەگاڕایـەوە کـە بـەنـدی شـەشـەمـی بـۆ بخوێنتـەوە بـەڵام (بنیـامین) بـە (کلـۆری)دەگـوت:مـن نامـەوێ بچمـە نـاو ئـەو بـاس و خواسانەوە(کلۆر)یـش چـووە لای(مۆریـل)ی بزنـە سـپیەوە و داوای خوێندنەوەی بەندی شەشەمی فەرمانەکـانی لـەو کـرد و ئەویش بە چاو خشانێک بە فەرمانەکانەوە بەندی شەشەمی بـۆ (کلۆر)خوێندەوە کە ئاوا نوسرابوو(هیچ ئاژەڵێک بەبێ هۆ بـۆی نیە کە ئاژەل کوژی بکاتن)ئاژەڵەکان بەو شێوە هەردوو وشـەی (بەبێ)و وشەی( هۆ)یان لە ناو مێشکا دا لە بیر نـەمـابوو ، بـە هـەر حـاڵ ئـاژەڵان ئـەوەیـان بـۆ ڕوون بـۆوە کـە دیـارە بـە گێچەوانەی فەرمانـەکـانی قـەڵای ئـاژەڵان ڕەفتـار نـەکـراوە ،

ئەوەیان بە تـەواوی بـۆ دەرکـەوت کـە کوشـتن و بڕینـی ئـەو خائینانەی کەوا لە گـەل(سـنەوبـاڵ)هاوکاریـان کـردووە ئـەوە بەلگەو هۆیەکە بۆ ئەنجام دانی سزادانی ئەو خائینانە.

لەوسالەدا هەموو ئاژەلەکان زیاتریان لـە سـالی ڕابـوردوو کار کرد ، تازە کردنەوی(ئاشی بایێ) بە تایبەتـی ئـەسـتور تـر کردنی دیوارەکە بە دوو بـەرابـەرەوە و تـەواوکردنـی لـە کـاتی دیاری کراو دا و جێبەجێ کردنـی تـەواوی کـارەکـانی ئاسـایی کێلگە تا بلێی کوشەنـدە و گـران بـوو ، زۆر ڕۆژان ئـاژەلـەکـان هەستیان بەوە دەکرد کە چەنـد سـعاتێک لـە زەمـانی (حـۆنز) زیاتر کاریان کردووە ، لە گەل ئەوەش دا خواردنی باش و تێـرو تـــەســـەلیـــان نـــەدراوەتـــێ ، لـــە ڕۆژانـــی بـــەیـــانی یەکشەمموودا(سکۆئیلر)گارچە کاغەزێکی درێژی بە یەکـێ لـە قاچەکانی گێشەوەی و سمەکانیەوە دەگـرت وبـۆ ئـاژەلـەکـانی دەخوێندەوەو دەیگوت:بەرهەمەکانی جۆراو جـۆری خـۆراک لـە سـەدا دووسـەد و سـێ سـەد و چوارسـەدو هـەتـا لـە سـەدا گێنجسەدیش چووەتە سەرەوە ، ئاژەلەکانیش بۆ باوەڕ نەکرنـی ئەم قسانەی(سکۆئیلر)هـیچ بـەلگـەیـەکیـان نـەدەبینـی ، بـە تایبەتی کە مەرجەکانی باری ڕابوردویان  لـە بیـر دا نـەمـابوو ، هەندێ ڕۆژان ئاژەلەکـان دەهاتـەوە یادیـان و حـەزیـان بـەوە دەکرد کەوا گێیان خۆشە هەنـدێ ئـالیکی زیاتریـان لـە گـێش دابنێن .

لەو ڕۆژانە دا هەموو فەرمانەکان بە هۆی (سکۆئیلر)ەوە یان بەرازێکی تر ڕادەگەیەندرا ، (ناپلیۆن)تەنیا جارێکیش لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنەکان نەدەبیندرا ، لەو دوا دواییانە دا (ناپلیۆن)کە وەدەردەکەوت تەنیا سەگەکان لە دەورو بەریەوە نەبوون ، بەلکو لەو سەردەمانەدا جووجە کەلەشێرێکی ڕەشیش کە لە جێگەی شەیگورچی داندرابوو لە گێشەوەی (ناپلیۆن)دا دەڕۆیشت و لە کاتی وتارخوێندنەوەی(ناپلیۆن)یش دا ئەوا جوجە کەلەشێرەکە دەیقوقاند.

دەیانگوت(ناپلیۆن)لە خانوێکی تایبەتی و جیا لەوانی تردا دەژیت(ناپلیۆن)خۆراک و خواردنیشی لە ناو قاپ و قاچاغی چینی دا کە لە چێشتخانەکەی(جۆنز)دا هەبوو دەخوارد ، دووسەگیش هەمیشە بەلایەوەن و خزمەتی (ناپلیۆن) دەکەن ، بڕیار وابوو کە لە شەوی لە دایک بوونی(ناپلیۆن)دا هەروەکوو تێگەر بوونی دوو سالانی گێشو تەقەیەکی زۆر بەو یادەوە بکرێتن و جەژن بگیرێت.

ئیتر بەو جۆرە(ناپلیۆن) وەک جاران بەو ناوە بانگ نەدەکرا ، ناوی (ناپلیۆن)بە شێوەیەکی ڕەسمی بووبوو بە(ڕابەرمان هاوڕێ ناپلیۆن)و بەو ناوە ناویان دەبرد ، بەرازەکان دەیانگوت: کە دەبێت هاوڕێ ناپلیۆن بە (باوکی ئاژەڵان و دوژمنی مرۆڤ و گارێزەری مەڕەکان و ڕزگارکەری بالندەکان و

چەند ناوێکی تر ) لەم جۆرە ناوانەبۆ (ناپلیۆن)دیاری بکـرێتن و ڕێزی تایبەتی لێ بگیرێت.

(سکۆئیلر)لە کاتی قسەکانی دا فرمێسکی هـەڵ دەڕشـتن و دەربارەی زانایی و لێ هاتوویی و دڵسۆزی و پاکی (نـاپلیۆن)دا بەرامبەر ئاژەلەکان وتاری دەخوێندەوە ، ئەو لەبـاس و خواسـی ئاژەلە بێ بەشەکانی دەورو بەری قەڵای ئـاژەڵانـەوە هـەمیشـە دەدواو باسی بۆئاژەلەکانی قەڵای دەکرد ، کە چەندە مەغدوورن ، ئیتر وای لێ هاتبوو کـە تـەواوی کـارە سـەرکـەوتـوەکـان بـە ناوی(ناپلیۆن)ەوە لە قەلەم دەدراو بە ناوی ئەوەوە تەواو دەبوو ، زۆر جاران کە مریشکەکان هێلکەیان زیاتر دەکـرد دەیـانگوت لە سایەی سەری(ناپلیۆن)و ڕابەرایەتـی ئـەوە کـە لـە مـاوەی شەش ڕۆژان دا هەر یەکە ( گێـنج)هێلکـەیـان کـردووە ، یـان مانگاکـان کـە لـە گۆماوێکـەوە ئاویـان دەخـواردەوە ئـەوا دەیانگوت:بـە هـۆی ڕابـەرایـەتـی ژیـــــری و لـێ هـاتوویی هاوڕێ(ناپلیۆن)ە کە ئاویش ڕوون و بێ گەردە ، ئەو شـیعرەی (مینیمـاس)ی شـاعیر کـە لـە مـەدح و سـەنـای (نـاپلیۆن)دا هۆنیبوویەوە هەستی تەواوی ئاژەڵانی قەڵایی بە تەواوی بزواند بوو کە شیعرەکەش ئەمەبوو:

هاورێ ناڤلیۆن
هاوڕێ ناپلیۆن
هـاوڕێ ناپلیۆن

تیشکی چاوانت
وەکو نووری خۆر
بۆجیـهان ڕوونە
بە  هەزاران جۆر
چونکە نیگای تۆ
هاتە وجـــــودم
ســــەربەسـت و
ئازاد ئێژمدروودم
تۆ مایەی شادی و
خۆشبەختی ژیانی
ڕابەری مـــــــەزنی
بۆ کامـــــــەرانی
یاری هـــــــــەژارو
گشت بێ کەســـانی
خەمخـــــــۆری
یەتیم حـــامی ژنانی
هاوڕێ ناپلیۆن
هـاوڕێ ناپلییۆن
گەر بە ڕۆژو شـەو
ئێمە زگ تێر بین
یـان لە تەویلە

شادی بژێر بین
لە سـایەی تۆیە
دەژین لە جیهان
شەوان تێردەنووین
دوور لە دوژمنان
هـاوڕێ ناپلیۆن
هـاوڕێ ناپلیۆن
گەر لەوەش زیاتر
بـــــڕۆین بە ڕێوە
لە سایەی تۆیە
دەژیم لەم نێـوە
هەر لە بەر تۆیە
ئەم ڕەنگ و نێوە
گەر تۆمـان نەبی
ناچنـــــــە ڕێوە
هـاوڕێ ناپلیۆن
هـاوڕێ ناپلیۆن
گەرمن بێ شەنگ و
هێــــــز و ئاوازم
گەر خـــودا پێم دا
تـــــووڵە بەرازم

فرچکی دەەم
بە ناوی بەرزت
خزمەت گوزار بێ
بۆ تۆو بۆ ئەرزت
هاوڕێ ناپلیـــۆن
هـاوڕێ ناپلــیۆن
هەرهەستێ کەوا
بێتە نـــــــاو یادم
هەرچی کە دەیلێم
هەر تۆی فریادم
من هەر دەبێــژم
گیانم فیدات بێ
گشت کاتی ژیانم
قوربانی ڕێت  بێ
هـاوڕێ ناپلیۆن
هـاوڕێ ناپلیۆن
گـەورەی بێکەس و
بێ نـــــــەوایانی
مایـەی ڕزگاری و
ئـــــــازادی ژیانی
هەر بژی بۆمان

هەتاهـــــەتایە
بەبێ تۆ ژیانمان
بەبێ مـــــانایە
*

(ناپلیۆن)ئەم شیعرەی پەسەنـد کـرد وزۆری  بـە دڵ بـوو ، بۆیەکە فەرمانی دا کە ئەم شیعرە لە جێگەی هەفت فەرمانەکـە دا لە سـەر دیـوارەکـە هـەڵبواسـرێت و لـە سـەرەوەشـی ئـەو پەیکەرەی خۆی کە (سکۆئیلر)دایتراشی بووکـە بـە ڕەنگێکـی سپیش ڕەنگ کرابوو و لایەکی (ناپلیۆن)ی نیشاد دەدا لەسـەر ئەو شیعرەدا بندرێت و هەڵبواسرێتن.

لەو ماوەیەدا(ناپلیۆن)بە گەرمی  خەریکی ئـەو مامـەلـەیـە بوو کە بە هـۆی(ویمپـەر)ی مرۆڤـەوە لـە گـەل (فریـدریک)و (گیلکینگـتن)دا هـاتبوە کایـەوە ، خـودی(فریـدریک) زیـاتر وەدوای کڕینـی تـەختـە دارەکانـەوە بـوو ، بـەڵام نرخێکـی دادوەرانەی گێشنیار نەدەکرد ، هێشتان هەروا بـڵاو ببـووەوە کـە (فریدریک)و کەسانی تر خەریکی گیلانگێڕانن بۆ هێرش کرنە سـەر قەڵایی ئاژەڵانەوە و تێکدانی( ئاشی بابێ) کەوا ئێرەییان بە قەڵایی ئاژەڵانەوە دەبرد بۆیەکە لـە گـیلان گێـڕان دان و لـە مەزرای(گێنجفیلد)ەوەلە بۆسەدان.

لە ناوەڕاستی هاوینی ئەوسالەدا ئاژەلەکان سەریـان لـەوە دا سوڕ مابوو کەوا سێ دانـە مـامر دانیـان بـەوەدانـابوو کـە بـە

هاندانی (سنەوباڵ)ەوە گیلانی کوشتنی (ناپلیۆن)یان گێڕا بوو کە ئەو سێ مریشکە بە بێ دوا کەوتن لە سێدارە دران ، جا بۆ زیاتر گاراستنی گیانی (ناپلیۆن) گاسەوانی زیاتر ڕەچاو کرا ، هەموو شەوانە چوار دانە سەگی زەبەللاح هەرچوار لای تەختی (ناپلیۆ)یاندەگرت و گاسداریان لێ دوکردبەرازێکی تازە لاویش کە ناوی (گینگتنیال)بوو دیاری کرا بوو بۆ ئەوەی هەمیشە خواردنەکانی (ناپلیۆن)تام بکاتن نەبادا خواردنەکە ژەهراوی کرابێتن ، ئەمانەهەمووی بۆ گاراستنی زیاتری گیانی (ناپلیۆن)ەوە بوو ، لەو سەردەم و کاتانەشدا وا گەتا بوو کە (ناپلیۆن)تەختە دارەکانی بە (گیلکینگتن)فرۆشتووەو هەمووی جێ بەجێ کراوە ، لە مەو دواش مامەلەو ئالو گۆڕی تر لە گەل (فاکس ود)دا دەکرێتن ، هەرچەندە کەمامەلەکردنی (ناپلیۆن) لە گەل (گیلکینگتن) دا لە ڕێگەی (ویمپەر)وە بوو کە تا ڕادەیەک دۆستانەو ئاشنایانە بوو ، ئاژەلەکان باوەڕیان بە (یلکینگتن)ەوە نەبوو ئەوەش بە هۆی ئەوەوە بوو کە ئەویش مرۆڤە ، بەڵام لە گەل ئەوش دا ئەویان لە (فریدریک)ەوە گێ باشتر بوو چونکە هەمیشە لە (فریدریک)هەراسان بوون و نەفرەتیان زیاتر لەو دەکرد.

وەرزی هاوینی ئەوساله ڕابرد(ئاشی بایێ)بەرەو تەواو بوون دەچوو ، لەو کاتەش دا هەمیشە گڕو گاگەندەی هیرش کردنی خائینان و نەیارانی قەڵایی ئاژەڵان زیاتر دەبوو ، ئەوەیان

دەگوت: کـە(فریـدریک)بـە خـۆی و بیســـــت کـەسـی تـری چەکدارەوە چووەتە لای قازی و پۆلیسیشی ئاگادرا کـردووە کـە هەر کاتێک تاپۆ و خاوەنیەتی(قەڵای ئاژەڵان)وەدەسـت بێنێـت و هیچ داواو داواکاریەتی نێتە کایەوە ، ئەوەش دەگوترا کە زولم و زۆرداریەتی (فریدریک)بەرامبەر ئاژەڵانی مەزرای( ێنجفیلد) زۆر نالەبارە ، وا باو بوو کە گوایـە ئـەسـپێکی بـە سـالا چـووی مەزرای(پێنجفیلد)هەتا دوا هەناسـەی کوتـەک کـاری کـراوەو زەبـرو زەنگێکـی زۆرلـە ئارادایـە ، دەیـانگوت: کـە چێـل و مانگاکنیشـان بـێ ئالیـک و بژیـو کـردووەو سـەگێکیشـیان بـە زیندووی چاویەوە خستۆتە ناو تەنوورەوە ، هەروەهـا گوایـە بـۆ ڕابواردن و سەیرانی خۆی(فریدریک)کەلەشێرەکـانی هێنـاوەو تیغی تیژی لە گێیان بەستوون و ئەوسا بە شەڕی هێناون ، ئیتر گەلێ قسـەو قسـەلـۆکی تـر دەگـوتراو باسـیان لێـوە دەکـردو گڕوگاگەندە یەکجار زۆر بوو.

ئاژەڵەکان لەم جۆرە هەوالانە کـەوا (فریـدریک)بـەو کـارە ناڕەوایانە هەڵ دەستێت و دژ بە هاوڕێکانیان ئاوا ڕەفتار دەکاتن خوێنیان دەجۆشا و ددانیان لە (فریدریک)دەقرماندو بە هـاوارو فریادەوە نەفرەتیان لەوکردارانە دەکردو وایـان لـێ هـاتبوو کـە دەیانەویست هێرش بکەنە سەر مەزرای(گێنحفیلـد)و تـەواوی مرۆڤەکان لەو مەزرایـە دەر بکـەن و ڕاویـاغن بنـێن و هاوڕێیـە ئاژەڵەکانیان ڕزگار بکەن ، بەڵام(سکۆئیلر)ئەوانـی ئامۆژگـاری

دەکرد و داوای لێ دەکردن کەلە هەموو کارێکی بزۆزانەو هەڵ نەسەنگێندراو دا خۆیان بگارێزن و گشت بە هوشیاری و زانایی هاوڕێ(ناپلیـــــــۆن)ەوە ببەستن ، لە گەل ئەوەش دا کە بەرهەڵستکاری(فریدریک)گەرەی سەندبوو هەر دەشیهات زیاتر دەبوو ، سەر لە بەیانی ڕۆژێکی زوو(ناپلیۆن)لە عەمبارەکە ئامادەبوو و ئەوەی دەر بڕی کە ئەو لە هیچ کاتێک دا بە یادی ئەوەوە نەبووە کە تەختەکان بە(فریدریک) بفرۆشێتن و گوتی:مامەلە کردن لە گەل یەکێکی ئاوا هیچ و گوچ و خراگ دا لە شان و باهوی خۆیەوە بە دوور دەبینێ ، کۆترەکان کە هێشتان بۆ بڵاو کردنەوەی شۆڕش بۆ دەرەوە دەنێردران ، لە چونیان بۆ مەزرای(فاکسوود)ەوە قەدەغە کرا بوون ، هەرووەها لە جیاتی دروشمی مەرگ بۆ مرۆڤ مەرگ بۆ فریدریک داندرابوو وئەو دروشمە بەرز دەکرایەوە.لە ئاخرو ئۆخی هاوینی ئەو سالە دا گیلانێکی تری(سنەوباڵ) ڕوون کرایەوە ، ئەو گیلانەش ئەوە بوو کەگوایە(سنەوباڵ)شەوانە هاتووە ئالیک و دانەوێلەو ئازۆقەی تیکەلاو گێکەلاو کردووەو و بەرو بوومی گەنم و جۆی گڕ لە دانەوێلەی هەرزن کردوە وگەلێ خراگەو خراگە کاری ئەنجام داوە ، بۆ شایەدی ئەوەش نێرە قازێک ئاگای لەو گیلانە بووە و لە لایەن(سکۆئیلر) دانی بەوەوەدا ناوەوە وبۆیە ئاشکرا بووە ، ئەویش خۆی بە کوارگی ژەهراوی کوشتوە ، ئەوسا ئەو ئاژەلانەی کەوایان بیر دەکردەوە کە

(سنەوباڵ)لە جەنگی تەویلە دا گلەی یەکەمی ئاژەڵیەتی وەرگرتووە ئێستا باوەڕیان بەوە هاتووە کە ئەمە شتێکی ئەفسانەییەو درۆیە(سنەبال)بۆ خۆی ئەم درۆیانەی هەڵبەستووەو سازی کردووە ، ئەمە نەک مەدالیای ئازایەتی دراوەتێ بە لکو بە هۆی ترسنۆکایەتی و لێ نەهاتوویەوە گەلێ سەرزەنش و بە خۆ دا شکێندراوەتەوەو گاڵتەی گێ کراوە ، تەواوی ئاژەڵەکان لە بیستنی ئەو شتانە ئیتر کش و مات دەبوون(سکۆئیلر)ئەمجارەش باوەڕی گێ هێنان کەوا ئاژەڵان شتیان لە بیر چووەتەوەو وەبییانر نایەتەوەو فەرامۆشیان کردووە.

بە ڕەنج و ئازارو کوێرەوەریەکی زۆرەوە گایزی ئەو ساڵەش گەلێ ماندوو بوون و زۆریان کار کردو خەرمانیان هەڵگرتن و کارو بارەکانی (ئاشی بایێشیان)تەواو کردو ، تەنیا کەل و گەلی ماشێن هاڕینی ئاشی بایێ مابوو کە ئامادەی بکەن و ئیتر ئەو ئاشە بکەوێتە گەڕەوە ، ئەوەش وا بڕیار بوو کە(ویمپەر)تەواوی ئامرازەکانی ماشێن ئالاتی ئاشی بایێ و گێویستیەکانی ئەو ئاشە جێ بەجێ بکاتن و بۆیان بکڕێتن.خۆ لە گەل ئەو هەموو بێ ئەزموونی لە کار کردن و نەبوونی ئامرازەکانی کار لە ناو قەڵای ئاژەڵان داو لە گەل ئەو هەموو پیلان و خیانەت و خیانەتکاریانەی(سنەوباڵ)ئاژەڵەکان سەرکەوتوانە توانیان کە (ئاشی با)تەواو بکەن هەرچەندەش

کە گەلێ ماندوو و شەکەت بووبوون و زۆریان ڕەنج و ئـازار لـە دروست کردنی ئاشی بایێ کێشـا ، بـەڵام شـانازیان بـە خـۆوە دەکرد و توانیان کە خانووی ئەو ئاشە تەواو بکەن و هەمیشە لە دەورەی خانووەکەدا دەسوڕانەوەو دڵیـان بـەوە زۆر خۆشـتریش دەبـوو کـەوا ئـەو شـاکارەی خۆیـان بـە شـێوەیـەکـی چـاکترو دیوارێکی ئەستورتر تەواو کردووەو دڵیان پێ گەرمتر دەبووکەوا ئەمجارە جگە لە مەوادی تەقینەوە شتێکی تر نیە کە بتوانی ئەم ئاشـــــەو دیوارەکانی بڕۆوخێنـێ ، بیریـان لـەوە دەکـردەوە و دیانگوت:ئای لە چ کەش و هەوایەکی ناهـەمـوارو سـەخـت دا کاریـان کـردووەو چـۆن بـە سـەر هـەمـوو گیـرو گرفـت و نالەباریەکانی ڕۆژگارانیان زاڵ بوون و زۆر سـەرکـەوتوانـە ئـەو کارە گرنگەیان تەواو کردووە ، دەیانگوت:لەو کاتەی دا کە ئـەو ئاشـە دەکـەوێتـە کـارەوەو ئیتـر هـەمـوو ڕەنـج و ئـازارو کوێرەوەریەکی کە بۆ دروست کردنـی ئـەو ئاشـەیـان کێشـاوە هەموویـان لـە بیـر دەچێتـەوەو ڕۆژانێکـی پـڕ لـە شـــــادی و بەختەوەریان بۆ دێتە کایەوەو ئیتـر لـە خۆشـیان هـەر بـەدەورو بەری ئەو خانووە دا دەخولانەوەو لە خۆشیان هەڵ دەبەزینەوە.

(ناپلیۆن)لە گەل سەپەلەکەی و جووجە کەلەشێرەکەیـەوە بـۆ ڕوانـین و چـاو پێکـەوتنـی (ئاشـی بـایێ)هاتـە وێنـدەر و پیرۆزباییەکی گەرمی لە هـەمـووان کـردو گـوتی:ئاشـی بـایێ

ناوی(ناپلیۆن)ی لێ دەنـــــدرێت و هـەر بـەونـاوەشـەوە نـاو دەبردرێتن.

له دوای سەردانەکەی (ناپلیۆن)بۆ ئاشـی بـایێ ئیتـر تـەواوی ئاژەلاّن بۆ تەویلەکە بانگ کران بۆ کۆبوونـەوەیـەکـی ئاسـایی خۆیان ، لەو کۆبوونەوەیەدا ئاگادار کران کەوا تەختە دارەکان بە (فریـدریک)فرۆشـراوە ، لـەم ڕۆژانـەدا لـۆری بـار هـەڵگـری (فریدریک) دێتە ناو قەلاّوەو تەواوی تەختەکانی فرۆشـراو بـار دەکەن و دەیبەن ، ئـاژەلـەکـان واقیـان لـەوکـــــارەدا وڕ مـاو حەپەسان ، ئەوەی ڕاستی بوو ئەوە بوو کە(نـاپلیۆن)لـە کـاتی گفــت و گۆکــانی لــە گــەل(پیلکینگــتن)دا لــە ژێـــرەوە لــە گەل(فریدریک)یـش خـەریکـی مامـەلـە کـردن بووبـوو ، کـە پەیوەندیەکانی خۆی لە گەل (فاکسود)دا بە تەواوی بڕی بـوو ، ئیتــر کــار پێچــەولنــە کرایــەوە ، جنێـوی ناشـیرین و دروشــمی دژایەتی (پیلکینگتن)بەرز کرایەوەو دەگوترا ، کۆترەکان ئاگادار کرانەوە کە ئیتر جنێو دان بە(فریدریک)و دوژمنایـەتـی کـردن بــەمــەزرای(پێنجفیلــد)نــەمــاوە ، لــە جیــاتی چونیــان بــۆ مەزرای(فاکسود)ەوەو دەچنەمەزرای(پێنج فیلدەوە)لـە جیـاتی دروشمی مەرگ بۆ (فریـدریک)مـەرگ بـۆ (پیلکینگـتن) بـەرز دەکرێتەوە ، ئیتر ئاژەلەکانیان لەوە دڵنیا کرد کەبەڕاستی هێرش کردن بۆ سەر قەلاّیپ ئاژەلاّن شتێکی ئەفسانەو دروست کـراو بووە ، ئەو هەموو قسەو قسەلۆکەیەی کە بەرامبەر(فریـدریک)

گوتراوەو دەربارەی ئاژەڵانی مـەزرای (پێنجفیلـد)ەوە گـوتراوە هیچی ڕاستی بۆ نەبووەو موبالەغەی تیا کراوە ، تەواوی ئەو پڕو پاگەندانە لە لایـەن خـودی(سـنەوبـاڵ)و دارو دەسـتەکانیـەوە دروسـت کـراوە ، (سـنەوبـاڵ)هـەرگیـز لـە مـەزراس (پینجفیلد)دانەبووەو قەت پێی نەخستۆتە ئەو مەزرایەوە ، ئەمە بە پێچەوانەوە بووە کە(سنەوباڵ)بەوپەڕی شـادی و خۆشـیەوە لە مەزرای(فاکسود)ەوە بووەو لە وێنـدەربـەوپـەڕی شـادی و خۆشیەوە ژیاوە ، ئەوەی ڕاستی بێت(سنەوباڵ)سالەهایە چەلاو خۆری (پیلکیگتن )بووە.

تـەواوی بـەرازەکـان بـەوەوە زۆر شـاد بـوون کەوا(ناپلیۆن)توانیویەتی کە سەرکەوتوانەو زیـرەکانـە تـەواوی کارو بارەکانی(قەڵایپ ئاژەڵان)ئاوا بە باشی بەڕێوە ببـات ، بـە هۆی نیشان دانی دۆسـتایەتی کردنی لـە گـەل مـەزرای (پیلکینگن) داو ئاوا نرخـی تـەختـە دارەکـان بـەرز بکاتـەوەو هـەمـوو تـەختـەکـان بـە دوازدە لیـرە گـرانتر بـە (فریـدریک)بفرۆشـێت(سـکۆئیلر) دەیگـوت:گـەورەیـی (ناپلیۆن)و زیرەکی ئەو ڕابەرەمان لەوە دایە کە باوەڕی بە هیچ کـەسـێکەوە نیـە ، ئـەم بـێ بـاوەڕیـەشـی لـە بەرامبەر(فریدریک)یش نیشان داوە(فریـدریک)دەیـەویسـت کـە نرخـی تـەختـە دارەکـان بـە چـەک و کاغـەز بـدات بەڵام(ناپلیۆن)ئەوەی قەبوول نەکـرد گوتوویـەتـی کـە دەبێـت

پارەی هەموو تەختە دارەکان پێنج لیرەیی بێت و لـە پـێش بـار کردنی تـەختـەکـانیش بـدرێت ئـەوســــــا تـەختـەکـان بـار بکرێت(فریدریک)یش ڕاستەو خۆ هەمـوو پـارەکـەی داوە کـە ئەو پارەیەش بـەشـی کڕینـی تـەواوی ئـامرازەکـان و ماشـێن ئالاتی(ئاشی)بایێ دەکات.

لەو هەڵ و مـەرجانـە داو بـە درێژایـی ئـەو ماویـە تـەواوی تەختەکان زۆر بە پەلە پـەلـەوە بـار دەکـران ، لـە دوای بردنـی تەختە دارەکان کۆبوونەوەیەکی تایبەت لە تەویلەکە ئەنجام درا بۆ ئەوەی کە ئاژەلـەکـان چاویـان بـەو گـارەیـە بکـەوێـت کـە لە(فریدریک)وەرگیراوە(ناپلیۆن)لە کاتێک دا کە خۆی بە هردو مەدالیەکانیەوە ڕازاندبۆوە ، زەردە خـەنـەی دەهـاتێ و لـە سـەر قۆمەتە گیاییێکەوە ، وەرکەوتبووو گارەکەشی لە تەنیشتیەوە لـە ناو فەخفوریـەکـی چینیـوە دانـدرا بـوو و زۆر بـەڕێـک و گێکـی تەواوی گارەکە لە نـاو ئـەو فـەخفوریـە چینیـەوە ڕێـز کرابـوو ، ئاژەلەکان یەک لە دوای یەک دا زۆر بـە ئـارامی و بـە لـەسـەر خۆییەوە بە لای ئەو گارەیە ڕەت دەبوون و بە سـەلیقـەیـەکـی زۆرەوە گوێیان قولاغ دەکـرد و دەیانوڕوانیـە ئـەو گـارەیـەو لـە گێشەوەی (ناپلیۆن)ەوە تێ دەگەڕیـن(باکسـەر)لـە گـارەکـان چووە گێشەوە ئەو گارە ناسک و جوانانەی بۆن دەکردوگـارەکـە خشـگ و هـۆڕی لێـوە دەهـات.لـە دوای سـێ ڕۆژان هـەراو هۆریایەکی زۆر بەرگا بوو(ویمپەر)لە کاتێک دا ڕەنگی هەڵبزرکا

بوو ، بە پەلە گەل بە سواری دوو چەرخەوە هاتە نـاو (قـەڵایـی ئاژەڵان) ەوە دوو چەرخەکەی لە حەوشەکە دانـا ، ڕاسـتەو خـۆ چووە ناو خانوەکانی کە(ناپلیۆن)ی لێ بوو ، لە دوای ماوەیەکی کەم بووە بە مشت ومڕێکی زۆر ، کە لە ناو خـانووەکـە دەهاتـە دەرەوە ، ئەم ڕووداوە وەک بۆمبێک لە نـاو قـەڵایـی ئـاژەڵان دا تەقیەوە ئەو گارەیەی کە((فریدریک)داویەتی بـۆ کڕینـی ئـەو تەختە دارانە هەمووی گارەی قوللابی و قەلگ و ساختەن ئـەوە دەنگی دایەوە کـە(فریـدریک)تـەواوی تـەختـە دارەکـانی بـە خۆڕایی وەدەست کەوتووە(ناپلیۆن)ئاژەڵەکانی کۆ کردەوە ، بە دەنگێکی سامناک و گـڕ لـە غروورپـەوە فـەرمـانی لـە سـێدارە دانـــی(فریـــدریک) دەرکـــرد و گـــوتی :لـــە دوای دەســـتگیر کردنی(فریدریک) بە زیندوویی لە ناو ئاوی گەرم دەیکولێنین ، تەواوی ئاژەڵەکانی ئاگادار کـردەوە کـە دەبێـتن زۆر وریـا بـن ، چونکە لەوانەیە شتی زۆر خراگتیشر بێتە کایـەوەو ڕوو بـداتن ، ئەو هێـرش و گـەلامـار دانـەی کـە لـە لایـەن (فریـدریک) و کەسانی تر چاوەڕوان دەکرا لەوانەیە ئەنجام بـدرێتن  لـەهـەر کاتێکی دا کە بیانەوێت ئەوائەو کارە ئەنجـام دەدەن ، ئیتـر لـە تەواوی ڕێگەو بانەکانەکـانی (قـەڵایـی ئـاژەڵانـەوە)گاسـەوان داندران ، لەو کاتەشـەوە چـوار کـۆتری گـەیـام نێریـان نـاردە مەزرای(فاکسود)ەوە بۆ نویێ کردنەوەی دۆستایەتی کـردن لـە گەل(گیلکینگتن)دا.

لە بەرە بەیانی ڕۆژی دوایی دا هێرش بۆ سەر قەڵایـی ئـاژەڵان دەستی گێ کرد ، لەو کاتـەش دا ئـاژەڵان خـەریکـی خـواردنی ژەمی بەیانی بوون ، دیدە بانەکـانی گاسـەوان بـە پـەلـە گـەل هەوالیان هێنا کە(فریدریک) لە گەل دۆست و یـارانی خـۆی وا لە دەرگای قەمتەرەکەوە هاتوونەتە ژوورەوەو هێرشیان هێنـاوە ، ئاژەلـەکـان بـە خۆکـەوتـن و لـە دوای ئامۆژگاریـەکـی زۆرەوە هێرشیان بۆ سەر مرۆڤە هێرش کەرەکان کردو گەلاماریان دان ، بەڵام ئەمجارە وەک جەنگی تەویلە سەرکـەوتنیـان وەدەسـت نەهێنا ، مرۆڤەکان تەنیا گازدە نەفەر بوون ، شەش کەسیان لەو گازدە نەفەرە چەکدرا بوون و تفەنگیان بـە دەسـتەوە بـوو ، لـە گەل نەزیـک بوونـەوەی گـەنجـا مـەتریکـی  ئـاژەلـەکـان لـە مرڤەکانـەوە ئیتـر لـە لایـەن مرۆڤـەکانـەوە دەسـت ڕێـژی لـە ئاژەلـەکـان کـرا ، ئـاژەلـەکـان خۆیـان بـەرامبـەر بـە گوللـەی مرۆڤەکانەوە گێ ڕا نەگیراو لە دوای بریندار بوونی هـەنـدێ لـە ئــــاژەلــــەکــــان ئیتــــر بــــەرەو دواوە کشــــانەوە ، هەرچەندە(ناپلیۆن)و(باکسەر)زۆریان هەول دا کە ئاژەلـەکـان نەکشێنەوە بەڵام ئەەیان بۆ نەچووە سەرو ئـاژەلـەکـان چوونـە ژوورەکانەوەو زۆر بە وریایی و ئاگا لـە خـۆ بوونـەوە خۆیـان لـە کەلێن و قوژبنەکانی ناو خانوەکان دا شاردەوە ، تەواوی قەڵایی ئاژەڵان و خانوی (ئاشی بایێ)کەوتبوە ژێر دەستی دوژمنانـەوە ، لەو کاتە دا(ناپلیۆن)سەری لێ شێوابوو ، نەی دەزانی کە چـی

بکاتن ، هەر دەهات و دەچوو و مرتەقی لێ بڕا یوو ، کلکی شۆڕ کردبۆوەو بەولاو ئەملای دا دەڕوانی و هەڵ دەبەزیەوە ، چاوی زەق بڕیبووە مەزرای (فاکسودە)ە وەو دەیگوت ئەگەر (گیلکینگتن)و هاوڕێیانی بە هانایانەوە بێن ئەوا سەرکەوتن هێشتان مسۆگەرە ، لەو کاتەدا چوار کۆترە گەیامنێرەکان هاتنەوە ، یەکێ لە کۆترەکان گارچە کاغەزێکی گێ بوو کە بە قەلەم لە سەری نوسرابوو (تا چاوت کوێر بێت)

فریدریک و هەڤاللانی لە دەورو بەری (ئاشی بایێ)وەستا بوون ، دەیانڕوانیە ئاژەلەکانەوە ، لەو کاتە دا ورتە ورت و ترسێکی زۆر گەیدا بوو ، ئەویش ئەوە بوو کەوا دوو مرۆڤی خاکەناس و گێمەڕە بە دەستەوە لە دیواری (ئاشی بایێ )بۆ خراگ کردنی نەزیک دەبوونەوە و ئەوسا(ناپلیۆن)هاواری کردو گوتی:هاوڕێیان ورەو بەرز بێتن ، ئەم کارە هەرگیز سەر ناپرێت ، چونکە دیواری (ئاشی بایێ) زۆر لەوە بە هێز ترە کە بە خاکەناس و گێمەڕەوە خراگ بکرێتن ، چونکە دیوراەکە ئەوەندە ئەستوورە کە هەفتەیەکی تەواوی دەوێت تا خراگ بکرێتن ، بەڵام(بینیامین) کە هەموو هەنگاوەکانی مرۆڤەکانی زۆر بە باشی لە ژێر چاوانەوە گرتبووکەوا چی دەکەن و ئەوەی دەدی کەوا خەریکی هەڵکەندنی چالێکن لە بن کۆلەگەی سەرەکی خانووی (ئاشی بایێ)دا بۆیەکە لمۆزی خۆی باداو گوێیە درێژەکانی بە شێوەیەکی گالتە گێ کردنەوە بادەداو

گوتی:من وای بۆ دەچم ئەو چالەی کەوا لەوێ هەڵی دەکەنن ئەوا گڕ لە مەوادی تەقینەوەی دەکەن ، ئەی نابینن کەوا ئەوان چی دەکەن؟ئاژەلەکان زۆر بە هەراسانیەوە چاوەڕوان بوون ، تا بزانن چی ڕوو دەداتن ، ئەوان توانای هێرش کردن و گەلامار دانیان نەما بوو ، لە دوای چەند دەقیقەیەک دیتیان کە مرۆڤەکان هەر یەکە لە شوێنێکەوە خۆیان شاردەوەو خۆیان مات دا ، هەندەی گێ نەچوو کە دەنگێکی ساماناکی تەقینەوەی باروت و گڕ لە ترس هات و لەو کاتەدا کۆترەکان هەڵفڕین و تەواوی ئاژەلەکان خۆیان بە سەر زەوی داداو خۆیان مات کرد ، گاشان هەستانەوە دیتیان کە چڕە دوکەلێکی ڕەش لە دەورو بەری (ئاشی بایێ)دا بەرز دەبوەوەو لە گەل شنەی بادا بەو ناوەدا گەرت دەبوو ، ئیتر خانووی (ئاشیبایێ) هەروەک نەبووبێ وا بوو ، ئاساری لە سەر گاتاری نەما ، ئەو دیمەنە تالە ئاژەلانی زۆر بێ هیوا کرد و ترسێکی زۆرشیان لە خانەی خەیال دا تۆمار دەبوو ، ئیتر بیری تۆلە سەندنەوەش لە مرۆڤەکان بەو کارە ناڕەوایە لە دڵیان دا دەچەسپاو هانی دەدان کە بەبێ ئەوەی کە چاوەڕوانی فەرمان بکەن گەلامارو هێرش بکەنەوە سەر مرۆڤەکان ، ئیتر خوێنیان وەجۆش هات و خۆیان گێ نەگیراو ئەمجارە هەموویان بە تێکڕای هێرشیان بۆ سەر مرۆڤەکان بردەوە ، بیری تۆلە سەندنەوەیان لەو مرۆڤانە ترسان لەو هەموو ڕێژنەی گولله بارانەی مرۆڤەکانیان بەلاوە

هیچ نه‌بوو ، به‌ره‌و گێشه‌وه چوون ، شه‌ڕێکی دژوارو توندو تیـژ بوو ، مرۆڤه‌كان تا توانیان ئاژه‌له‌كانیان دایه به‌ر گوللـه‌وه ، ئیتـر كه‌وتنه ناو یه‌ک ئاژه‌له‌كـان بـه قـۆچ و لـه‌ققـه‌و قـه‌مگـاره بـه هێزه‌كانیان و چڕنووكی تیژیانه‌وه به‌ره‌نگاری مرۆڤه‌كان بوونه‌وه ، مرۆڤه‌كانیش به كوته‌ک و خوتورمه‌ی ده‌ستیانه‌وه بـه‌ر بوونـه گیانی ئاژه‌له‌كانه‌وه ، گایـه‌ک و سـێ مـه‌ڕ و دوو قـاز كـوژران ، ئاژه‌له‌كانی تریش زۆریان بریندار بوون ، ته‌نانه‌ت (ناپلیۆن)كه له گشته‌وه‌ی جه‌بهه‌كه‌وه بوو ، چالاكیه‌كـانی جـه‌نگـی بـه‌ڕێـوه ده‌برد ، به هۆی ساچمه‌یه‌كـی گوولـه‌ی مرۆڤـه‌كانـه‌وه سـه‌ری كلكل قرتا بوو ، مرۆڤه‌كانیش له زه‌ره‌رو زیان بێ به‌ش نه‌بـوون ، سـێ كـه‌سـیان وه‌بـه‌ر لوشـكه‌ی گـڕ لـه هێـزی باكسـه‌ره‌وه كه‌وتبوون و سه‌رو كه‌لله‌یان زۆر به خراگییوه شكا بـوو ، ورگـی یه‌كێكیان وه‌به‌ر قۆچ لێدانی گایه‌ک كه‌وتبوو یـه‌كێكـیش وه‌بـه‌ر قۆچی (جسی) و (بلوبل )كه‌وتبوو شه‌رواله‌كه‌ی گارچه گارچـه بووبوو ، له كاتێک دا كه هه‌ر نۆسگه زه‌به‌للاحه‌كانی گاسه‌وانـی (ناپلیۆن) له گه‌نای گه‌رژینه‌كانه‌وه بۆسه‌یان دانابۆوه و ئیتر بـه حـه‌گـه حـه‌گ و مـرِه‌مـرِه‌یێكـی ترسـناكه‌وه هـه‌ر چـوار لای مرۆڤه‌كانیان ئابلۆقه دا ، مرۆڤه‌كان كه چاویان به‌وه كه‌وت ئیتـر ترسێكی زۆریان لـێ نیشـت و زه‌نـده‌قیـان چـوو ، كـه دیتیـان ده‌وره‌یـــان گیـــراوه‌و ئـــه‌وه‌ش جێگـــه‌ی مـــه‌ترســـیه‌كـــی زۆره(فریدریک) هاواری گاشه‌كشه‌ی بـه نـه‌فـه‌ره‌كـانی خـۆی

کردو کە خۆیان لەوشەڕە دووربخەنەوە ، لـە دوای مـاوەیـەکـی کەم زۆر ترسنۆکانە ڕایان کرد و ئیتر ئاژەڵەکانیش بە دوایانـەو بوون تاکو لە کێلگـەی قـەڵایـی ئـاژەڵانیـان وەدر نانـەوە ، بـە لەققەو قەمگارو چڕنوو ک و گەزەو قۆچەکانیانـەوە دوا مرۆڤیـان لە ناو گەرژینە دڕکاویەکانەوە بە گڕە گـڕ دەر گـەڕانـدو ڕاویـان نان و دەریان کردنە دەرەوە ، هەرچـەنـدە کـە ئـاژەڵـەکـان لـە خۆیندا سور هەڵ گەڕابەبوون و شەنگ و هێزیان لە بەر بڕا بـوو ، بەڵام سەرکەوتوانە لـەو شـەڕەش دا بـە لاکـەلاکـەوە بـەرەو شـوێنی خۆیـان گـەڕانـەوە ، دیمـەنـی ئـەو شـەڕەیـان و قوربانیەکانیان لە بن گەرژین و ئەملاوئەولادا دیار بووکە گەلێ لە ئاژەڵەکانی دەهێنایە گریانەوە ، بە گـەژارەیـەکـی و زۆرو بـە دڵتەنگیەوە لە لای کەلاوەی (ئاشیبایێ)ی وێرانە کراو ڕاوەسـتا بوون ، خانووی ئاشـەکـە ئاتـاری لـە سـەر گاتـاری نـەمـابوو ، ئـەمجـارە وەک جـاری گێشـو نـەیـان دەتـوانی کـە سـود لـە بەردەکانی دێوارەکە وەربگرن ، بە شێوەیەک تەقێنـدرابۆوە کـە تەواوی گایەکان و ئەسـتونەکـانی خـانووەکـە بـە تـەواوی ڕوو چووبوونە زەویەوەو بە خاک یەکسان کرا بـوون ، تـەقینـەوەکـە ئەوەندە بە هێز بوو کەبەردی دیوارەکان دەها مەتـر لـە شـوێنی خانووەکەی دوور کردبۆوە ، بـە شـێوەیـەک بـوو کـە دەتگـوت (ئاشی بایێ)هەر نەبووە ، لەو کاتەدا کە ئاژەڵـەکـان لـە دەورو بەری شوێنەکەی ئاشەکەبوون (سکۆئیلر)سەرو کەللەی گەیدا

بوو ، ئەو بەبێ بەلگە لە تەواوی شەڕەکەدا لە هیچ شوێنێ دیار نەبوو و خۆی شاردبۆوە ، بە هەڵگەڕین و هەڵبەزین و کلکە لەققەو زەردەخەنەو لە خۆ ڕازیانە هاتە لای ئاژەلەکانەوە ، لەو کاتەشدا دەنگێکی بە هێزی تەقینەوەی تۆگێک بیستراکە لە لایەن خانوەکان هاویشترا(باکسەر)گرسی وگوتی:ئەوە بۆ تۆگ داوێن؟(سکۆئیلر) هاواری کرد وگوتی: جەژنی سەرکەوتن و گیرۆزی دەگرین(باکسەر)لە کاتێک دا کە خۆین لە ئەژنۆکانی دەچۆڕایەوەو نالێکیشی لە قاچیەوە کەتبوو و سمەکانی قەلشی بوون و دوازدە ساچمەی تەواو لە قاچەکانی چووبوونەوە خوارەوە گووتی:چە سەرکەوتنێک؟ لەوەرام دا(سکۆئیلر)گوتی:هاوڕێ چۆن دەلێی چە سەرکەوتنێک؟مەگەر ئەوە نیە کە نەیارانی خۆمان لە قەڵایی ئاژەڵانەوە ڕاو ناوەو دەرمان گەڕاندوون؟هەرچەندە دوژمنان( ئاشی بایێ)ی ئێمەیان ئاوا بە سەر یەکا دا تەگاندووە و ئەو هەموو ڕەنج و ئازاری کە دوو سالی تەواو کێشاومان ئاوا بە فیڕۆیان داو ئاشییان خاگوور کردین ، چە گرنگیەکی هەیە؟جارێکی تر بە هەول و تێکۆشانی خۆمانەوە بە شێوەیەکی لە بار ترو چاکتر (ئاشی بایێ)دەسازینەوە(سکۆئیلر)لە سەری ڕۆیی و گوتی:هاوڕێ بۆ تۆ ناتوانی کە ئەو هەموو گەورەیی و سەرکەوتنەی کە ئەنجامەمان داوە هەستی گێ بکەیت ، ئەم هەموو زەویەی کەلە سەری وەستاوین و لەژێر چنگی دوژمنان

دابووە ئێستاکە لە ژێر سایەی سەری (ناپلیۆن)ەوە هەموومان ڕزگار کردەوەو هی خۆمانە.(باکسەر) گوتی:ئەها یانی ئەوشتەی کە لە گێشان هی خۆمان بوو لە دوژمنانمان سەندەوە.(سکۆئیلر) گوتی:بەلی مانای سەرکەوتن ئەوەیە ، ئاژەلەکان بە لاکە لاکەوە چوونەوە حەوشەی تەویلەکەیانەوە ، ساچمەکانی ژێر گێستی جەستەی (باکسەر)زۆری ئازار دەدا ، ئەو لە گێش هەموو شتێکەوە هەر لەو کاتەوە بە یادی دیسان ساز کردنەوەی (ئاشی بایێ)و ئەو هەموو ڕەنج و ئازارو ماندووبوونەوە بوو ، بە هەست وبیرو خەیالیەوە خۆی ئامادەی کار کردن دەکردەوە ، بەڵام بۆ یەکەمجار ئەوەی هاتەوە یادی کەوا یازدە سالی تەواو بە سەر تەمەنیەوە دا دەڕواتن ، ئەوەش شتێکی سروشتیە کە شەنگ و هێزی جارانی نەماوە.

ئاژەلەکان کە جارێکی تر ئالای سەوزی خۆیان بە شەکاوەیی دیت و دەنگی هاویشتنی تۆگەکەیان دیسانەکە بیستەوە کە هەفت گوللەی تەواو بۆ سەرکەوتن هاوبشترا و گوێیان لە ووتەکانی (ناپلیۆن)بۆوە کە بە هەول و تێکۆشان و کارەکانی ئەوانیەوە هەڵ دەگوت و گیرۆزبایی لەو هەموو سەرکەوتنانەی لێ دەکردن ، ئەوانیش ئەوەیان دەهاتە بەر چاوان کەوا بەڕاستی سەرکەوتنێکی گەورەیان وەدەست هێناوە دڵیان شاد دەبوو ، ئەوسا شەهیدەکانی قوربانی ئەو شەڕەسەرکەوتووەیان زۆر بە ڕێزو حورمەتەوە بە خاک دەسپارد

، (کلۆر)و(باکسەر)تەرمی ئەو شەهیدانەیان ڕا دەکێشاوخودی (ناپلیۆن)بەگەورەیی خۆی لە مەڕاسمی ئەو بە خاک سپاردنەدا بەشداربوو.

دوورۆژی تەواو جەژن و شادییان بۆ سەرکەوتنەکانیان گێڕاوگرت ، ئاوازی سرودو گۆرانی و بەزم و تەواوی ئەو ناوەی گرتبۆوە ، گەلێ وتارو قسەو باسیان گوت و زۆریان بەزم وگۆوەند گێڕا ، تۆگەکان بە یادی سەرکەوتنەوە هاویشتران ، بۆ هەر ئاژەلێک سێوێک و هەر بالندەیەک سەد گرام دانەوێلەو بۆ هەر سەگێک سێ دانە گسکوێت گێشکەش کران ، ئەو جەنگەیان ناو لێ نا جەنگی(ئاشی بایێ)وجەنابی (ناپلیۆن)نیشانەیەکی تازەی سەرکەوتنی دروست کردو بە ناوی نیشانەی ئالای سەوزی ناونا و ئەویشی گێشکەش بە خۆیەوە کرد ، باس و خواسی ئەسکەناسە ساختەو قوللابیەکان بە هۆی سەرکەوتنی ئاژەڵان لەو شەڕەدا لەبیر چۆوەو لە یاد کرا.

لە دوای چەند ڕۆژێک گاش ئەو ڕووداوە ، بەرازەکان سەندوقێک ویسکیان دۆزیەوە کە لە نەزیک ئالاکەوە لە ژێر خاک دا شاردرابۆوە و دۆزیانەوە ، شەوی هەمان ڕۆژ دەنگ و ئاوازی مۆزیک و شادی لە خانوەکانی بەرازان دا بەرز بۆوە ، سەیر لەوەدا بوو کە هەندی وشەو ئاوازی سرودی قەڵایی ئاژەڵانی ئینگلستان لە گەل ئەو هەراو بەزمە دا تێکەلاو بووبووو

بە باشی لە دوورەوە دەبیسترا ، لە دەورو بەری کـاتژمێری نـۆی ئەو شەوەدا تەواوی ئاژەڵان بە ئاشکرایی ئـەوەیـان دەربـڕی و دەیانگوت: کە (نـاپلیۆن)لـە کاتێـک دا کـەوا کۆنـەکـلاوەکـەی (جۆنز)ی لـە سـەر نـابوو لـە دەرگـای خـانوەکـەیـان دەهاتـە حەوشەکەو بە ڕا کردن دەگەڕایەوە ناو خانوەکەیان ، بۆ بەیـانی ئارامی و بێ دەنگیەکی تەواو ئەو ناوەی دا گرتبۆوە ، تـەنانـەت بەرازێکیشت نەدەدی کە لـە جـم و جـۆل دابێـتن ، نـەزیکـەی سەعات نۆی بەیانی بوو کە سەرو کەللەی(سکۆئیلر) گەیدا بوو ، زۆر بە هێواشی دەڕۆیشت و چاوەکانی بە تەواوی کز بووبـوو و کلکی لە ناو ناو گەلانیەوە شۆڕ کردبۆوە ، بەتەواوی وای گێـوە دیار بوو کە نەخۆشە ، هاتـە لای ئـاژەڵان وگـوتی هـەوالێکـی ناخۆش و دڵ تـەزێـنم گێیـە و ئاگادارتـان دەکـەم ، ئـەویـش ئەوەیە کەوا هاوڕێ(ناپلیۆن)نەخۆش کەوتووەو زۆر نـەسـاغەو لە سەرە مەرگ دایە.

ئەم هەواله دڵتەزێنە بووە هۆی سەرو سەدایەکـی زۆر ، لـە گشتەوەی دەرگاکان کایان ڕشت ، تەواوی ئاژەڵان بە چـاوی فرمێسـکاویانەوە و ئـارام لــە سـەر گـەنجـەکانیانــەوە دەڕۆیشتن و لە یەکتریان دەگرسی و دەیـانگوت ئـەگـەر خـوا نەخواستە ڕابەرمان بمرێتن و نەمینێ چـە قـوڕ وەسـەر خۆمـان بکەین؟گڕو گاگەندە وا بـڵاو کرایـەوە کـە (سـنەوبـاڵ) تـوانی کاری خۆی بکاتن و خواردەمەنی(ناپلیۆن)ژەهراوی بکاتن ، لـە

دەورو بەری کاتژمێر یازدەدا(سکۆئیلر) جارێکی تریش هاتەوە لای ئاژەڵان و ئەمجارە هەواڵێکی تری بۆ هێنان ، ئەویش ئەوە بوو کەوا(ناپلیۆن)لە دوا کاری ژیانی دافەرمانی داوە کە تۆڵەی ئارەق خواردنەوە لە سێدارە دان و مەرگە.

لە شەوی هەمان ڕۆژ دا(ناپلیۆن) حالی کەمێ باشتر بوو و هاتەوە سەر خۆی ، لە بەیانی هەمان ڕۆژی دوایی دا(سکۆئیلر) موژدەی چاک بوونەوەی (ناپلیۆن)بە ئاژەڵان دا و گوتی لە شەوی دوایی نەخۆشیەکەی دا(ناپلیۆن) دەست بە کار بۆتەوە ، لە ڕۆژی دوایی دا ئەوە ڕوون بوەوە کەوا(ناپلیۆن) فەرمانی بە (ویمپەر)ی مرۆڤ داوە کە ئەو کتابانەی دەربارەی شەڕاب و مەی دروست کردنن و لە مەزرای(ویلگدن)هەن بۆ (ناپلیۆن)بیان کڕێتن ، لە دوای هەفتەیەکیش گاش ئەو ڕوو داوە(ناپلیۆن)فەرمانی دا کە ئەو گارچە زەویەی  گشت باغی مێوەجات کە بڕیار وا بووبکرێت بە لەوەڕگای ئاژەڵانی گەک کەوتە و گیر ، کە بۆ جاری یەکەم دا گوتبویان لە بەر بێ هێزی ئەو زەویە دەبێت بکێلدرێتەوەو دووبارە شۆو وەرد بکرێتەوە ، بەڵام لە گاشان ئەوە دەرکەوت کە فەرمانی(ناپلیۆن)ە دەبێت ئەو زەویە بۆ چاندنی جۆ بە کار بهێندرێتن ، لەو ڕۆژانەش دا گێش هاتێکی سەیر ڕووی دا کە کەسێ سەری لێ دەرنەدەچوو ، ئەویش ئەوە بوو کە لە سعات دوازدەی شەو دا کە شەوێکی مانگە شەو بوو ، لە گڕ دەنگی تێک شکاندنی شتێک هاتە بەر

گوێیانەوەو کە ئاژەڵەکانی لە خەو ڕاگەڕاند ، ئاژەڵەکـان بینییـان کە لە دوای دیواری  ئەو تەویلەیەی کە هەفت فەرمانەکەی لـە سـەر نوسـرا بـۆوە گـەیـژەیـەکـی شـکاو کـەوتـووەتـە سـەر زەوی(سکۆئیلر)لەوێ لە لای گەیژەکەوە  کەوتۆتـە خـوارەوە و لە خۆیەوە چووە ، هەر لە لەلای گەیژەکەوە ڕیشەیەکی نوسـین و دەفرێکی ڕەنگی سپییش لەوێ کەوتووە ، سەگەلیش هەر لەو کاتەدا دەوری(سکۆئیلر)یان گرتبوو ، کـە بـە خۆیـەوە هاتـەوە ئەویان برد ، هیچ ئاژەڵێک سەری لەو کارەوە دەرنەدەبڕی جگە لە (بنیامین)ی کەرە دێزە کە لموزی خـۆی لـە حـەوا دەکـرد و سەری تەکان دەدا کە وا دیار بوو شتێکی لەو بـارەوە دەزانـی و هـەسـتی گـێ کردبـوو ، بـەڵام  هچـی نـە دەدرکانـد و دەری نەدەبڕی ، لە دوای ئەوەی کە (مۆریـل)ی بزنـە سـپی حـەوت فەرمانەکەی خوێنـدەوە ، ئـەوەی بـۆ دەرکـەوت کـەوا دیسـان یەکێک لە حەوت فەرمانەکە بە شـێوەیـەک نوسـراوەتـەوە کـە ئاژەلەکان بە هەڵە لێی تێ گەیشتبوون ، تەواوی ئاژەڵان وایـان دەزانی کە کە مادەی گێنج لە حەوت فەرمانـەکـە دەلێـت(هـیچ ئاژەلێک بۆی نیە کە ئارەق بخواتەوە)بەڵام ئێستا وا دیـارە کـە چەند وشەیەکیان لە بیر چـووەتـەوە چونکـە فـەرمانـەکـە ئـاوا دەلێت(هیچ  ئاژەلێک بۆی نیە کە  لـە ئـەنـدازە بـە دەر ئـارەق بخواتەوە!).

## بەشی نۆیەم

زام و برینی سمە قەلشیوەکانی(باکسەر) ماوەیەک بوو لە ژێـر چاوە دێری و هەتوان و چارەسەری کردن دا بوو ، دەسـت گـێ کردنەوەو ساز کردنەوەی جارێکی تری (ئاشی بایێ)یـێش لـە دوای گرتنـی یـەکـەم ڕۆژی جـەژنـی گیـرۆزی دەسـتی گـێ کرایەوە(باکسەر) تەنانەت ڕۆژێکیش ڕوخسـەتـی گشـو دان و حەسانەوەی خۆی نەدەدا ، لە گەل ئەوەش نەی دەویست کـە هیچ یەکێک لەو هەموو دەردو ڕەنجکێشانی برینەکانی بگـاتن ، هەتـا شـەوێـک بـە تایبـەت لـە گـەل (کلـۆر)دا باسـی ژان و ئازارەکانی برینەکانی خۆی کردو دانیشی بەوە نا کـە بـە هـۆی ئەو برینانـەو سـمە قـەلشـیوەکـانی تـا بلێـی ڕەنـج و ئـازاران دەکێشێتن ، ئەوسا(کلـۆریش)لـە ئالیکـە جـۆراو جـۆرەکـان دا هەندێ دەرمانی چارەسەرکردنی بـۆ دروسـت کـرد و لـە سـەر سـمە قـەلشـیوەکـانی (باکسـەر)ی

دانا(کلۆر)و(بنیامین)هەردوکیان سور بوون لە سەر ئەوە و دەیانگوت:کە دەبێت(باکسەر)کەمتر کار بکاتن چونکە ئەسپیش هەتا هەتا تەندروستی باش نابێت و ئەو هێزو گوڕەی جارانیش نامینێتن ، بەڵام (باکسەر) ئەم قسانەی نە دەچووە گوێوە ، هەموو ئارەزوویەکی ئەوە بوو کە زۆر کار بکاتن و لە گێش گەک کەوتن و نەمانی خۆی دا (ئاشی بایێ)بە تەواو کراوەیی  بە چاوی خۆیەوە ببینێتن .

یەکەمجار کە یاساکانی قەڵایی ئاژەڵان بڕیاری لە سەر درا ، یاسای تەمەنی گەککەوتنی ئاژەڵان بەمجۆرە بوو:هەر ئەسپێک یان بەرازێک تەمەنی بگەیشتبایە 14 سالان ئەو کاتە مافی گەککەوتەیی هەیە ،  سەگەکانیش لە نۆ سالی تەمەنیان دا مافی ئەوەیان هەیە کە گەککەوتە بژمێردرێن ، بۆ مریشک و قاز و مراویەکانیش گێنج سال بۆ گەککەوتەیی دیاری کرابوو ، بۆ مەڕەکانیش حەوت سال تەمەن بۆ گەککەوتەیی داندرابوو ، بۆ ئەو مەبەستەش تەواوی ئالیک و بژیوی لێ کەوتووەکان ڕەچاو کرابوو کە بیان درێتێ ، تا ئەو ماوەیەش هیچ ئاژەلێک خانە نشین نەکرا بوو ، هەرچەندە کە لەم دوا دواییانە داهەمیشە باس و خواس لەوبارەوە دەکراو باسیان لێوە دەکرد ، تازە بە تازەش ئەو لەوەڕگایەی گشتی باخچەی مێوەجات کە بۆ لەوەڕانی ئاژەڵانی گەککەوتە لەوە گێش  دیاری کرابوو ، بڕیاری ئەوەی بۆ درا بوو کە بکێلدرێت و

بکرێت بە شکارتەی جـۆی تایبـەتـی و دەیـانگوت:کـە تـەنیـا گۆشەیەک لەو لەوەڕگایە گەرژین دەکرێتن و دەبێتە لەوەڕگـای ئاژەڵانی گەککەوتە ، هەر ئەسپێکی خانە نشین ڕۆژانە دەکێلـۆ جۆی گێ دەدرێتن ، لە وەرزی زستانیش دا یەک کیلـۆ وێنجـەو گێزەرێکی بۆ بژیوی ڕۆژانە دیاری کراوەو دەیان درێتێ ، ئەگەر تواندرا لە کاتی گشو دانـیش دا ئـەوا سـێوێکیان گـێ دەدەن ، بیرەوەری ڕۆژی لە دایک بـوونی (باکسـەر)دروسـت لـە دوای وەرزی هاوینی ئەو سالە بووکەوا دوازدە 12 سالی ڕەبەقـی بـە سەر تەمەنی دا تێ دەگەڕی.

ئەو سالە تا بلێی زستانێکی تـوش و سـەخـت بـوو ، لـەو ماوەیەدا ژیانی تەواوی ئاژەلەکان گڕ لـە تـەنـگ و چـەلـەمـەو ناخۆشی بوو ، تەنانـەت ئازۆقـەشـیان وەکـو سـالی ڕا بـووردوو نەمابوو ، بژیوی ڕۆژانەی ئاژەلەکان جگـە لـە بژیـوی ڕۆژانـەی بەرازەکان و سەگەکان هەمووی کەمتر ببوەوە ، لە گەل ئەوەش دا (سکۆئیلر)وەک هەمیشە هیچ گیرو گرفتێکی نەبوو لە بـارەی ئەوەوە کە بە ئاژەلەکان بسەلمێنێ کەوا هیچ کەم و کوڕیەکیـان نیە ، بەڵام وا گێویست دەکـاتن کـە گۆڕانکاریـەک لـە بژیـوی ئاژەڵان دا بکرێتن(سکۆئیلر)هەمیشە لـە جیـاتی وشـەی کـەم کردنەوە ، وشـەی گۆڕانکـاری بـە کـار دەهێنـا ، خـۆ لـە گـەل بـەرابـەرکردنـی ڕۆژگـارانی(جـۆنز)دا هـەمـوو شـتێک باشـتر بوو(سکۆئیلر) لە کاتێـک دا زۆر بـە پـەلـە گـەل دەدواو باسـی

باشتر بوونی ئەو ڕۆژگارانەی لە کاتی (جۆنز)ەوە باس دەکرد کەوا وێنجە و شێلم و چەوەندەر و گەڵێ بژوی تر زیاتر بووەو هەروەها سعاتێک کەمتر لە و سەردەمانە دا کار دەکەن و ئاوی خواردنەوەش لە ڕۆژگارانی جۆنزەوە گاکتر بوەتەوە و تەواوی ئاژەڵان تەمەنیان درێژ تر بوەتەوە ، بێچوەکانیان چاکتر گەروەردە دەکرێن و باشترن و تەویلەکان خاوێنترن و کاو جۆ و تەواوی بژیوی ڕۆژانە ئێستا زیاتر بووە ، ئازاری مێش ومەگەس زۆرکەم بوەتەوە ، ئاژەڵەکان ئەو قسانەی(سکۆئیلر)یان باوەڕ دەکرد ، چونکە ڕۆژگارانی جۆنز لەوە خراگتر بووو سەردەمانێکی گڕ لە ئازارو نەهامەتی و تەنگ و چەلەمەیی بوو.

ئاژەڵەکان ئەوەیان دەزانی کە ئەو ڕۆژگارانەی کە ئێستاش تێی کەوتوون تا بلێی سەخت و ناخۆشە و هەمیشە برسین و تێریش ناخۆن و جگە لە کاتی خەوتنیان هەمیشە کار دەکەن ، بەڵام گومانیشیان لەوە دا نەبوو کە ڕا بوردویان لە ئێستاکێ خراگتر بووە ، چونکە لەوە گێش ئەوان کۆیلە بووینە بەڵام ئێستاکە ئازادن و بۆ خۆیان کار دەکەن ، ئەمەش باشترین وڕاستترین بەلگەی ئەوە بوو کە ئەم سەردەمەیان لە ڕۆژگارانی(جۆنز) باشترە ، (سکۆئیلر)یش هەمیشە ئەم وێنەیەی دوگات دەکردەوەو باسی لێوە دەکرد.

لەو سەردەمانە دا باشتر چاوەدێری خۆراک و ئازۆقە دەکرا ، ئاژەڵان برسی بوون ، لە وەرزی گایزی ئەو سالە دا چوار دێلە

بەراز بە یەکەوە ترەکی بوون ، نزیکەی 31سـی و یـەک تولـە بەرازیان بە دونیا هێنـا بـوو ، کـە هـەر سـی ویـەک دانـە تولـە بەرازەکان بەلەک بوون و لە (ناپلیۆن)دەچوون ، لە بەر ئەوەش کە خودی(ناپلیۆن)تەنیا نێرە بەرازی ناو قەلایـی ئـاژەلان بـوو دەتواندرا کە ئەوە بگوترێت و بزاندرێت کە هـەموویـان ڕێـی و ڕەچەلەکیان دەچێتەوە سەر کێ ، لە دوای ترەکینی بەرازەکـان ، ئەوە ڕا گەیاندرا کە دوای کڕینـی کـەرگـوچ و ئاسـن و کـەل و گەلی گێویستی تری خـانوو دروسـت کـردن ، قوتابخانـەیـەک دروست دەکرێتن ، کە ئەوەش بڕیار دراوە لە ناو باغ دا سـاز بدرێتن ، ئێستا کودەلە بەرازەکان لە چێشتخانەکە دان و لە ژێر چاوە دێـری خـودی(نـاپلیۆن)دا گـەروەردە دەکـرێن و لـە نـاو باخچەکەش دا هەموو ڕۆژێ وەرزشیان گـێ دەکـرێتن و یـاری کردنی تولە بەرازەکان لە گەل هەموو بێچوەکانی تری ئـاژەلان قەدەغە کرابوو ، لەو سـەر دەمانـەدا وا بـاو بـوو هـەرکـاتێ کـە ئاژەلەکان توشیان بە بەرازەکان دەبوو ئەوا خۆیـان لـە ڕێگـەوە لاتەریک دەکردەوە تا بەرازەکان ڕێگەیان تەنگ نەبێـت و ڕەت ببن ، ئەوەش بە تایبەتی لە کوچەو کۆلانە تەنگـە بـەرەکانـەوە دەبوایە ئاژەلەکان خۆیان لا بدەن تا بەرازەکـان ڕەت بـبن ، لـە گەل ئەوەش دا ببـوە شـتێکی ئاسـایی و عـادەت کـە تـەواوی ئاژەلەکـان بـە نـاوی(ئیمتیـاز)ەوە قـەیتـانێکی سـەوزیـان بـە کلکیانەوە دەبەستا ، ئەو سـالە تـا ڕادەیـەک قـەلایـی ئـاژەلان

سەرکەوتنی وەدەست هێنان بوو هەرچەندکە گارەو گول کەمتـر ببوەوە ، بەڵام دەبوایە کـە کـەرگـوچ و زیـخ و چـەو و ئاسـن و چیمەنتۆی گێویست بۆ دیواری خانووی قوتابخانەکە بکرٍ درێتن و گارەو گولیش گاشەکەوت بکرێتن بۆکڕینی کەل و پەلـەکـانی (ئاشیبابێ)ش و کڕینـی مـۆم و نـەوت و شـەکـریش کـە زۆر گێویست بوون ئامادە بکرێتن.

(ناپلیۆن)هەموو بەرازەکانی لە خواردنی قـەنـدو شـەکـەر قەدەغە کردبوو ، چونکە دەیگوت خواردنی ئەو شییرنەمـەنیانـە هۆی قەلەو بوونە ، قەڵایی ئاژەڵان زۆریان گێویست بـە بزمـارو دەزوو و ڕەژوو و سیم و وردە ئاسنەوە هەبوو ، لە گەل ئەمانەش دا دەبوایە کە گسـکویت بـۆ سـەگـەکـان بکـڕدرێتن ، بـۆ ئـەو مەبەستانەش بەشێک لە وێنجە و گـەتاتـە فرشـران ، هـەر بـۆ مەبەستی مامەلە کردنـی زیـاتر وا بڕیـار درا بـوو کـە هێلکـەی مامرەکان لە هەفتەیەکدا بگاتە 600شەش سەد دانە هێلکـەی تەواو و ئەوانیش هەمووی بفرۆشرێتن ، ئەو سالە سـالێکی بـێ جوجکەیی بوو ، بۆیەکە جوجەلە کەم بۆوەو ژمارەی مـامرەکـان هەروەک خۆی ماوەو زیادی نـەکـرد ، تـا ڕادەیـەکـیش ئـالیکی ئاژەڵان لە مانگی دوازدە دا کەم کرایەوە ، هەروەهـا لـە مـانگی ڕەشەمەش دا جارێکی تریش خۆراکی ئاژەڵان کەمتر کرایەوە ، هەر لەو کات و دەمانەش دا ئەوە ڕا گەیەندرا کەوا هـەڵکردنـی چراو فانوسیش بۆ ڕۆناکی  قەدەغەیە ، ئـەوەش بۆئـەوەیـە تـا

بتواندرێتن زیاتر گاشەکەوت بکرێــت و مـەسـروفات کـەمتـر ببێتەوە ، ژیانی تەواوی بـەرازەکـان دیـار بـوو کـە زۆر خۆشـتر بووبوو ، هەمویان وەک دابەستە قەڵـەوو خـرگن بووبـوون ، لـە دوای نیوەڕیەکی مانگی ڕەشەمە دا ، ئـاژەڵـەکـان بـە تێکڕایـی بۆنێکی خۆشیان لەو نەزیکانەوە دەکرد ، ئەوەش نەیان دەزانـی کەوا ئەم بۆنە خۆشە چیەکەوا بە شنەی باوە بۆیان دێـت ، ئـەو بۆنەش لە لای بیرەسازەکەی گشتی چێشتخانەکەی ڕۆژگارانی (جـۆنز)ەوە دەهـات ، بـەڵام ئـەو شـوێنە لـە دوای نـەمـانی (جۆنز)ەوە تەرک کرا بوو ، یەکێ لە ئاژەڵەکان گوتی :ئەم بۆنە بۆنی جۆی کولاوە ، ئاژەڵەکان زۆر بە قولی هەوایان هەڵمـژی و ئەو بۆنەیان دەکرد ، وایان دەزانی کـەئـەمـڕۆ ئێـوارە ژەمێکـی گەرم و نەرم و خۆشیان هەیە ، بەڵام هەرگیز هەوالێ لەو ژەمـە بە تام و بۆیەی کـە بیریـان لـێ دەکـردەوە نـەبـوو ، لـە ڕۆژی یەکشەمووی دوایی دا ئاگادار کران کـە لـە مـەو دوا ، تـەواوی بەرو بوومی جۆ تەنیـا بـۆ بـەرازەکـان تـەرخـان دەکـرێتن ، لـە کێڵگەی گشتی باخەکەوە جۆ تۆ کرایەوە ، هەر بە زوویش بـڵاو کرایەوە کە بەشی هـەر بـەرازێـک نیـو لیتـر بیـرەیـەو بـەشـی جەنابی(ناپلیۆن)یش بـە تـەنیـایی 4 چـوار لیتـر بیـرەیـە کـە ئەمەش بۆ (نـاپلیۆن)لـە نـاو بـەرداخـە چینیـە تایبـەتیـەکـان دەکرێتن تا بیخواتەوە.

ئــەو هــەمــوو ناخۆشــی و ســەختــی و ڕەنــج و ئــازارو کوێرەوەریانەی کە ئاژەڵەکان خۆیان لە بەر ڕا گرتبوو لـە گـەل هاتن و وەدەرکەوتنی ژیانی ئەو ڕۆژانەیان دەگۆڕدرایـەوە ، ئـەو سەردەمانەی کەئاوازی سـرودو ڕێـژەو وتـار خوێندنـەوە زیـاتر گەرەی سەندبوو(ناپلیۆن)فەرمانی ئەوەی دا بوو کە لە هـەمـوو هەفتەیەک دا جارێک خۆگیشاندان بۆ ڕێـز گـرتن لـە جـەژنـی سەرکەوتنی قەڵایـی ئـاژەڵان و گیـرۆز کردنـی ئـەو ڕوداوەیـە ئەنجام بدرێتن ، هەموو ئاژەڵان بە تێکڕایـی لـە کـاتی دیـاری کــراودا لــە کــار کــردن دەوەســتان و لــە هــەرچــواردەورەی حەوشەکەدا وەکو سەرباز ڕێزیان دەبەستاو ڕێژەیان بۆ گیرۆزی قەڵایی ئاژەڵان  ئەنجام دەدا ، لە گێشـەوەی هـەمـوان جوجـە کەلەشێرەکەی (ناپلیۆن)ی شـەیگـور زەن دەڕۆیـی و ئـەوسـا ئەسـپەکـان و مانگاکـان ئـەوجـا مـەڕەکـان و بالنـدەکـان کـە سەگەکانی (ناپلیۆن)لە هەرچـوار دەوری ڕێـژەکـە دەڕۆیشـتن و(باکسەر)و(کلۆر)یش ئالایەکی سەوزیان هەڵ دەگـرت   کـە وێنەی سم و شاخیان لە سەر ئەو گەرچەمە کێشرا بـوو کـە بـە خەتێکی جوانیش بژی هاوڕێ(نـاپلیۆن)ی لـە سـەر نوسـرابوو هەڵیان دەگرت و بـە دروشـمی بـژی هـاوڕێ نـاپلیۆن بـەڕێـوە دەڕۆیشـتن و هـەمـوو ئـەو شـیعرو بـاس و وتارانـەی کـە لـە ستایشـــی (نـــاپلیۆن)ەوە نوســـرابوو بـــەرز دەکرانـــەوەو دەخوێندرانەوە(سکۆئیلر)ی گەبڤگۆ و جانبازیش دەهاتـە سـەر

شانۆ و ئیتر لە بارەی گێشکەوتنی قەڵایـی ئـاژەڵان دەدواو ئـەو هەموو شادی و خۆشیەی ئاژەڵانـی شـێ دەکـردەوەو بـە دوورو درێـژی باسـی لێـوە دەکـردو بـە هـاوڕێ(نـاپلیۆن)ی دا هـەڵ دەگوت و گاشانیش کە لە وتار خوێندنەوە دەبۆوە ئیتر هەمیشـە گوللەیک بەو بۆنەوە دەتەقێندرا.

مەڕەکان لە تەواوی ئاژەڵەکان زیـاتر گـەیـوەنـدیان بـەو ڕێژەو قەلەبالغیەوە هەبوو ، هەندێکیش لە ئاژەڵەکان لەو کاتەدا کە بەرازەکان سەرو گوێلاکیان دیار نەدەبوو ، ئـەوا ڕای خۆیـان دەردەبڕی و دەیانگوت کە ئەم هەموو کارانەی کەوا ئـەنجـامی دەدرێتن هیچ سودو بەرهەمێکی نیە و تەنیا کات بە فیـڕۆ دان و سەرما خوردەگی و بێ هودەیە ، مەڕەکانیش بـە دڵێکـی گـڕ لـە ڕازی بوون و ڕەزامەندیەوە بە باعە باعی نایبـەت بـە خۆیانـەوە هاواریان دەکـرد و ئـەم درۆشـمەیـان چـەنـد بـارە دەکـردەوە کە(چـوار گاشـەو دوو گـا خراگـە)ئیتـر بـەو دروشـمە هـەمـوو ئاژەڵەکانیان بێ دەنگ دەکرد ، بە شێوەیەکی گشتی ئاژەڵەکـان لەم جۆرە جەژن گرتنـە دا ڕازی و دڵخـۆش نـەبـوون ، چونکـە باوەڕیان وا بوو کە کە تەنیا خۆیان خاوەنی ئەو کێلگەیەن و ئەو کارەی کەوا دەیکەن بۆ خودی خۆیانەو تەنیـان خۆیـان خـاوەن کێلگەن و بەس ، ئەم هەموو کارانەی کە ئەنجـامی دەدەن بـۆ خۆیانە ، خۆ ئەم مەسەلەیەش شایانی بیر کردنەوەیە کەوا ئەم خۆ گیشاندان و ڕێژەو جـەژن گـرتن و ژمێرکـۆی(سـکۆئیلر) و

هاويشتى تفەنگ و قيڕە قيڕى جوجە كەلەشێر و بەرز كردنەوەى ئالاو ئەو هەموو كات بە سەر بردنانە بەلاى كەمەوە بۆ ماوەيەک ئاژەڵان دەخافلێنێ و چەند ساتێكش تێنوتى و برسيەتيان لە ياد دەباتەوە.

لە مانگى نيسانى ئەوساڵەدا ڕژێمى كۆمارى ئاژەڵان ڕا گەيەندراو بۆ ئەو مەبەستەش گێويست بوو كە سەر كۆمار هەڵ بژێردرێتن ، بۆ ئەو كارەش جگە لە(ناپليۆن) خۆ هەڵبژێردراوێكى تر نەبوو ، بۆيە ئەو بەڕاى گشتى بە سەرۆک كۆمار هەڵبژێردراو بوو بە سەرۆكى كۆمارى قەلايى ئاژەڵان ، هەر لەو ڕۆژەى هەڵبژاردنەوەدا ڕايان گەياند كەوا بەلگەو مەدرەكى تازەيان دەربارەى هاوكارى(سنەوباڵ) لەگەل خواجە (جۆنز)ى خاوەن كێلگەى گێشوو وەدەست هێناوە ، كە تازە بە تەواوى ئەوە ڕوون بوەتەوەكەوا(سنەوباڵ)لە شەڕى تەويلەكەدا بە سودى دوژمنانەوە هاوكارى تەواوى نەيارانى كردووەو هەولى سەرنەكەوتنى قەلايى ئاژەلانى زۆر داوەو بەبێ چەند و چوون دژى ئێمە جەنگاوە ، لە ڕاستى دا(سنەوباڵ) بە خۆى سەركردايەتى مرۆڤەكانى كردووە لەو هێرشە دا و بە دروشمى بژى مرۆڤ زۆر چالاكانە شەڕى دژ بە قەلايى ئاژەلانى كردووەو لەو شەڕەدا بريندايش بووە ، ئەو برينەى كە لە گشتى (سنەوباڵ)دا بووە ئەوە جێگەى قەمگارى خودى(ناپليۆن)بووە.

له ناوەڕاستی وەرزی هاوینی ئەو ساله دا له دوای چەندین سالان ون بوونی (مۆز)ی قەلە ڕەشەی کەوی لە زەمانی (جۆنز)دا ، سەرو کەللەی گەیدا بۆوە ، هیچ گۆڕانێ بەسەر ئەو قەله ڕەشەیەوە نەهاتبوو و هەر وەک خۆی مابۆوە ، دیسان به هەمان ئاوازو شێوەی جارانی باسی سەرزەمینی شیرو هەنگوینی دەکرد و هیچ کارێکیشی نەدەکردن ، تەنیا لەسەر هەمان لقی درەختی گێشووهەڵ دەنیشت و بالەکانی لێک دەداو له گەل هەرکێش هەڵی بۆ ڕەخسا با ئەوا دەدواو باسی سەرزەوی شیرو هەنگوینی بۆ دەکردوبۆی دەگێڕایەوە و بە دەندوکە زلەکەیەوە هێمای بۆ ئاسمانان دەکرد و دەیگوت:لەو بەرزاییەوە ئالەو سەرەوە دوور دوورەوە ، ڕاستەو خۆ له گشتی ئەو هەورانەوە ، زەویەک هەیە بە ناوی زەوی(شیرو هەنگوین)ئەو شوێنە بۆ خۆی بە هەشتێکەو کەوا ئێمەی ئاژەڵانی ڕەنجبەر و گڕ له نیگبەت و ئازارو بەدبەخت تەنیا لەوێندەرێ بۆ هەمیشە دەحەسێینەوەو لەو هەموو چەوساندنەوەو کوێرەوەری و ناخۆشیانەی ژیان دا ڕزگاریمان دەبێتن و ئیتر بۆ هەمیشە ئاسودەو ڕەها دەژین ، قەلە ڕەشەکە دەیگوت: له گەروازێکی دوور و درێژ دا کە لەو بەرزاییە دا ئەنجامی داوە ، ئەم هەموو شادی و کامەرانیەی بە چاوی خۆیەوە دیوە کەوا تەواوی کێلگەکانی ئەو سەر زەمینە هەمیشە هەر سەوزە و گڕ له زەنوێرو لەوەڕو خۆراک و شیرو هەنگوینە ،

وێنجەو خۆراکی ئەو سەرزەمیەن هەرگیز دوایی نایتن و لە سەر تەواوی گەرژین و مەزراکان و دارو بارەکان دا کێک و کولیچەو قەندو نەباتی شیرین ڕوواوە ، گەلێ لە ئاژەمەکان ئەم قسانەی قەلە ڕەشەیان بە تەواوی باوەڕ کرد بوو ، بەلگەشیان بۆ ئەوە ئەوەبوو کەدەیانگوت: ژیانی ئێستایان گریتیە لە ڕەنج و ئازارو کوێرەوەری و نەهامەتی ، بۆیەکە دەبێ کە لە جیهانێکی تری ئاوا دا حەسانەوەو خۆش بەختی هەر هەبێتن و دوور بن لەم هەموو ڕەنج و ئازارانەیان ، کە هەموو یان لە شوێنێکی ئاوادا ئاسودە بن و بۆ هەمیشە تیادا بحەسێنەوە و شادمان و بەختەوەر ببن ، ئەوانەی کە باوەڕیان بە قسەی قەلە ڕەشەکە نەدەکرد و گالتەیان گێ دەکر ئەوە خودی بەرازەکان بوون کە هەمیشە بەرگێچی قەلە ڕەشەیان دەدایەوەو بە درۆیان دەخستەوە ، لە گەل ئەوەش دا مۆلەتی ئەویان دابوو کە لە مەزرای قەڵایی ئاژەڵان دا بمێنتەوەو ڕۆژانەشیان بۆ قەلە ڕەشە دیاری کردبوو.

لەو کاتانە دا (باکسەر)یش قەلشی دەستەکانی چا ببۆوەو ئیتر زۆر لە جاران بە توانا ترو دڵسۆزانە تر دەستی بە کار کردن کردەوەو شەوو ڕۆژ لە کار نەدەوەستا ، تەواوی ئاژەلەکان هەر وەک کۆیلە کاریان دەکرد و ئیتر وەستانیان لە هەول و تێکۆشان د بۆ کار کردن و ئارەقەی ڕەش و شین هەڵ ڕشتن درێعیان نەدەکردو و بەو گەڕی لە خۆ بوردنەوە کاریان دەکرد ،

ئەمە جگە لە کارو بارەکانی گێویستی ناو مەزرا ، کارو باری دروست کرنەوەی  ئاشی بایێ و ساختمانی قوتابخانە بۆ کودەلە بەرازەکان لە سەرەتای مانگی ئازاری ئەو سالە دا دەستی گێ کرابوو ، زۆر جاران لە دوای ئەو هەموو کارو بارە سەختانەی ئاژەڵان چەند ساتێک بەبێ خۆراک دەمانەوە کە ئەمەش بۆ ئاژەڵان ە خۆڕاگرتنان بەو شێوەیە لە کار کردن  لە تاو برسیەتی و نەبوونی خۆراک دازۆر ناخۆش بوو ، تەنیا (باکسەر)بوو کە هەرگیز لە کار کردن دا کەم تەرخەمی نەدەکردو هەرچی کە دەشی کرد و ئەنجامی دەداو قەت وەسەر خۆی نەدەهێنا کە هێزو توانای ئەو کەم بووەتەوەو وەک جاران نەماوە ، هەرچەندە سەرو گۆتەلاکی وەک جاران ڕێک و گێک لە بار نەمابوو بە تەواوی کز بووبو ، ئاژەڵانی تر دەیانگوت:لە گەل وەرزی بەهاردا(باکسەر) دێتەوە سەرخۆ و قەلەو دەبێتەوە ، بەڵام بەهاری ئەو سالەش هات و(باکسەر) وەک جارانی لێ نەهاتەوەو هەر لەڕ تر دەبوەوە و گەلێک جاران کە لە هەورازێکی سەخت سەردەکەوت ئەوا بە تەواوی هێزو توانایەوە هەولی ڕاکێشانی بارە سەنگینەکەی خۆی دەدا و بە ماندوو بونێکی زۆرو هەناسە بڕکێوە بارەکەی سەر دەخست ، ئەوسا لێیەوە دەردەکەوت کە ئەوە (باکسەر)ی جاری جاران نیەو ئەو هێزو توانایەی کە هەیبوو وا نەماوەو لە دەست چوەو تەنیا ئەو هێزو توانایەی کە ئەو ماویەتی و وا خۆی لە بەر

ڕاگرتووە ورەی بە تین و نەگۆڕاویەتی لە بارەی کار کرنەوە ، ئەگینا زۆر بێ هێزبووبوو ، لە کاتی گۆتنی دروشمەکەی خۆی کە هەمیشە دەیگوت(من زیاتر کار دەکەم)بە لێوەکانیەوە گێیەوە دیار بوو کە بێ هێز بووەو وەک جاران نەماوە(کلۆر)و (بنیامین) دیسانەکە ئاگاداری(باکسەر)یان دەکردەوە کە زۆر وریای تەندروستی خۆی بێتن ، کەچی ئەو گوێی بەوە نەدەدا ، دوازدە سالی ڕەبەق بە سەر ڕۆژی لە دایک بوونی (باکسەر)دا نەزیک دەبۆوە ، هیچ شتێک بە لای ئەوەو گرینگ نەبوو جگە لەوەی کە لە گێش لێ کەوتنی بەردی دیوارەکان بە تەواوی کۆ بکرێتەوە و ئامادە بکرێتن.

لە هاوینی ئەو سالە دا ، لە درەنگی شەوێک دا دەنگ و باسی ئەوە بڵاو بوەوە کە (باکسەر)شتێکی بەسەر هاتووە ، لەو کاتە دا کە باکسەر شەو بە درەنگەوە هەستا بوو چوو بووە سەرکارو بە تەنیایی بەردی بۆ ئاشی بایێ دەکێشایەوە ، لە کاتی هەڵگرتنی بارە سەنگینەکەیدا ڕاستەو خۆ دەکەوێت و بەردەبێتە خوارەوە لە جێگەی خۆی ناتوانێ ڕاست بێتەوە ، لەو دەمەدا کۆترەکانی خەبەرچین(باکسەر )دەبینن و ئەو هەوالە ڕا دەگەیێنن و لە قەڵایی ئاژەڵان دا بڵاوی دەکەنەوە کەوا (باکسەر)لە سەر لا تەنیش کەوتووەو بەربوەتەوەو ناتوانی هەستێتەوە ، بە زانینی ئەو هەوالە زۆربەی زۆری ئاژەلەکان ڕوو دەکەنە شوێنی ڕوو داوەکە ، دەبینن کەوا (باکسەر)لە سەر

خـاک دا کـەوتـوەو لـە نیـوان داری مژانـە و داشـقەکـەی بەردکێشانەکەیەوە ماوەتەوەو گیربـووەو نـاتوانێ هـەسـتێتەوەو تـەنانـەت توانـای سـەر بلنـد کردنیشـی نیـەو چـاوە بریقـە دارەکانیشی بە تەواوی کز بووەو تەواوی سەرو گۆتـەلاکـی لـە ئارەقەی ڕەش و شین هەڵگەڕاوە ، خوێن بـە بازرقـە لـە دەمیـا دێتـە خـوارەوە(کلـۆر) ڕاسـتەو خـۆ لـە تـەنیشـتیەوە چـۆکی دادەدایـــــــەوە ، لــــــە باکســـــــەری گرســـــــی و گوتی(باکسەر)چۆنی؟ئەویش زۆر بە نائارامیەوە وەرامی دایەوە گوتی زۆر باش نیم و سیەکـانم دێشـێ و ئـازارم زۆرە ، بـەڵام هیچ گرنگ نیە ، من وا بیر دەکەمەوە کە کارو بـارەکـانی ئاشـی بایێ بە بێ منیش هەر تەواو دەبێتن ، بەرد بە ئەنـدازەی تـەواو کۆ کراوەتەوە ، بە هەر جۆرێک بێتن مـن تـا مـانگێکی تـر کـار دەکەم ، ئەوەی ڕاستی بێت ماوەیەک بوو مـن لـە بیـری گـەک کەوتنی خۆمەوە بووم ، وام بیر دەکـردەوە کـە (بنیـامین)یـش وەک مـن بـە سـالا چـووەو لـە گـەل مـن دایـە و دەبێتـە هـاو دەمم(کلۆر)یـش گـوتی:زۆر گێویسـتە کـە بـە پـەلـە فریـای (باکسەر)بکـەویـن ، هـەر ئێسـتا یـەکێـک بچێـت هـەوال بـۆ (سکۆئیلر)بیات و لەبارەی (باکسەر)ەوە ئاگـاداری بکـەن کـە وەزعی بـاش نیـە ، ئـاژەلـەکـان بـە تێکڕایـی ڕایـان کـرد بـۆ لای(سکۆئیلر)چوون تەنیا (کلۆر)و (بنیـامین)لای (باکسـەر) مانەوە(بنیامین)بەبێ ئەوە کە هیچ بلێت بە کلکە درژەکـەیـەوە

مێشی لە خۆی گاس دەکرد(سکۆئیلر)یش لەو کاتەدا گەیشت ، بە دەریایەکی گڕ لە خەم و گەژارەو هـاو دەردیـەوە نگـەرانـی خۆی بۆ (باکسەر)دەردەبڕی و گوتی:هاوڕێ(ناپلیۆن) بـە کـار تـێ کردنێکـی زۆرەوە لـەو دوورەوە خـەمبـارە بـەوەی کـە بـۆ دڵسۆزترین و کارامە ترین و بە وەفاترین خزمەتکاری قەڵایـی ئاژەڵان هاتۆتە گێشەوە ئاگادارە ، وا خەریکە چارەیەک بکاتن و (باکسەر)بنێریتـە نـەخۆشـخانەی(ویلنگـدن) ، ئـەم هـەوالـە ئاژەلەکانی کەمێ شێواند و نا ڕەحەتی کـردن ، تـا ئـەو کاتـەش جگـە لـە( مـالی)و (سـنەوبـاڵ)هـیچ ئـاژەلێکـی تـر قـەڵایـی ئاژەڵانیان بەجێ نەهێشتبوو ، تەواوی ئاژەلەکانیش دژ بە ئـەوە بوون کە هاوڕێ دڵسۆز و خۆشەویستیان بکەوێتە ژێـر دەسـتی مرۆڤەوە ، بەڵام(سکۆئیلر)گوتی:لە بەر ئەوەی گزیشـکەکـانی ئاژەڵان لە مـەزرای(ویلنگـدن) چـاکتر دەتـوانن چـارەسـەری نەخۆشیەکەی(باکسەر)بکەن بۆیەکـە ڕەوانـەی ئـەوێنـدەرێـی دەکەین تاوەکو بە تەواوی چاک ببێتەوە(سکۆئیلر)بەو قسـانەی باوەڕی بە ئاژەلەکـان هێنـاو لـەو کاتـەش دا(باکسـەر)کـەمـێ هاتەوە سەر خۆی و توانی کەوا لە جێگەی خۆی دا هەسـتێتەوە سەر گێیان و بە لاکە لاکەوە بەرەو تەویلەکە بکەوێتە ڕێگـەوە ، بـە هـەر حـال گـەیشـتەوە تـەویلـەکـەو لـەو شـوێنەی کە(کلۆر)و(بنیامین)جێگەیەکی تایبەتیان لە گوش و گەراش و

کا بۆڕاخستبوو و توانی کە کەمێ لەو شوێنەی تەویلەکەدا گشـو بداتن و ئیسراحەتێ بکاتن.

(باکسـەر) دوو ڕۆژانـی تـەواو لـەو شـوێنە مایـەوە ، ئـەو شوشەزلەی دەرمانە سورەکەی کە لە سەندووقی داروخانەکەی حەمام دا هەبوو بۆ تیمار کردن و هـەتـوان کردنـی جـەسـتەی (باکسەر)یان هێناو(کلۆر)یـەک دوو جـاران ئـەودەرمانـەی بـۆ باکسەر بە کار دەهێناو شەوانەش تـاکو (باکسـەر)خـەوی لـێ دەکەوت ئەوا لە لای (باکسەر)دا دەمایـەوە و چـاوەدێـری لـێ دەکردو(بنیامین)یش هەر مێشولەی لە(باکسەر)گاس دەکـردو لە دەورەی دەسوڕایەوەودڵسۆزانە خزمەتی دەکرد.

(باکسەر)لەلای ئەوانەوە دانی بەوەدا نـا کـە لـەوگـێش هاتەوە هیچ نگەرانیەکی نیە ، چونکە ئەگـەر چـاک بێتـەوە ئـەوا دەتوانی سـێ سـالی تـر تـەمـەن بـەرێتـە سـەر ، بیـری لـەوە دەکردەوە کە هەر لە ئێستاوە ڕۆژانە لە کونجێکی لـەوەڕگاکـەوە ڕاببوێرێ و بۆ خۆی ژیان بە سەر بباتن ، ئەمـەش یـەکـەمـین جـار بـوو کـەوا(باکسـەر)مـاوەی بیـر کردنـەوەی هـەبـوو و دەیگوت:کەوا زۆر سورە لە سەر ئەوەی کە خۆی ماندو بکات و زۆر هەول بداتن بۆ ئەوەی کە سێ گیتـی ئـەلـف و بێتکـە فێـر ببێتن.

(کلۆر)و (بنیامین)تەنیا لە کاتی تەواو بوونی کاری ڕۆژانەیان دا دەیان توانی کە لەلای (باکسەر)بمێننەوەو سەری لێ بدەن ،

ئــەو ڕۆژە لــە دەورو بــەری نیــوەڕۆ دا بارکێشــێکی گــەورە بــۆ بردنی(یاکسەر) هاتە ناو قەڵایی ئاژەڵانــەوە ، لــەو کاتــەدا کــە تەواوی ئاژەڵەکان لە ژێر چاوە دێری بەرازێکەوە خەریکی بــژار کردن بوون لە ناو زەوی و زارەکان دا بوون ، لە ناکاودا تــەواوی ئاژەڵەکان لە زەڕە زەڕی بە هێزی (بنیامین)حەگەسان و واقیان وڕ ما ، چونکە بۆ یەکەمین جار بوو کە(بنیامین)ئا بەو شێوەیــەو بەو جۆرە بە زەڕە زەڕەو هەڵبەزیــن و ڕاکردنــەوە وبینــدرێتن و ئاوا  بە دەنگــی بــەرزیــەوە بــەو شــێوەیــە هــاوار بکــاتن و بلــێ زووکەن  بە پەلە وەرن وا(باکسەر) بۆ شوێنێکی نادیار دەبەن ، بە بیستنی ئەو هەواڵە تەواوی ئاژەڵــەکــان بــە بــێ ڕوخســەرت وەرگرتن سەر کاریان بە جێ هێشت و بــۆ لای(باکســەر)بــەڕا کردنەوە ڕۆیشتن ، بینیان کەوا لــە حــەوشــەکــەی(باکســەر)دا داشـــــــقەیەکی گەورەو گرانــی دوو ئــەسـپی ڕاوەسـتاوەو لــە هەردولای داشــقەکەوە چــەنــد شــتێک نوســراوە ، کابرایــەکــی چاوزەقــی کــلاو قیتــی ڕەنگــاو ڕەنــگ بــە ســەرو پۆتــەلاکێکــی شەیتانیەوە لە سەرەوەی داشقەکە ڕوو نیشتووە(باکسەر)یــش لە جێگەی خۆی دا نەماوە ، تەواوی ئاژەڵەکان لــە دەورو بــەری داشقەکە کۆ بوونەوە ، هەموو بە یەکەوە گوتیان(باکسەر)خوات لە گەل بێــت و بــە خێــر بچیــت(بنیــامین)زۆر بــە نــا ئارامیــەوە سمکۆلی دەکردن و لە تاو باکســەر دا لوشــکەی دەهاویشــت و ڕووی لە ئاژەڵەکان دەکردو دەبگوت:هەی گەوجینــە چمــا ئێــوە

نابینین کەلە تەنیشتی ئەو داشقەیە چی نوسراوە؟ئەم جۆرە هەڵچونەی(بنیامین)هەموو ئاژەڵەکانی مات و بێ دەنگ دەکرد(مۆریل)ی بزنە سپی لە داشقەکە سوڕایەوەو لە نوسینەکەی سەرداشقەکەی ورد بووەوەو پیتەکانی حجە دەکردەوەو دەیخوێندنەوەو (بنیامین)بۆ لای (مۆریل)چوو ئەوی وەلا ناو دەستی بە خوێندنەوەی نوسینەکە کرد کەوا لە سەر داشقەکە ئاوا نوسرابوو(ئەلفەر سیمۆندی گۆشت فرۆش و گاکیش و سرێشمە سازو ئێسک و پیست و پەین فرۆشی مەزرای(ویلگدن) و ساز کردنی کۆلیتی سەگ و خۆراک فرۆشی سەگان)لە دوای خوێندنەوەی تەواوی نوسینەکانی سەر عارەبانەکە(بنیامین)گوتی:مەگەر ئێوە نازانن ئەمە یانی چی؟وا باکسەر دەبەن بۆ قەسابخانە ، لەو کاتەدا هاوارێکی زۆر سامناک لە گەرووی ئاژەلەکان دا هەستاو ئەوسا داشقەچیەکە قامچیەکی لە ئەسپەکانی داشقەکە داو کەوتنە ڕێگەوەو یەکسەر بەرەو دەرگای حەوشەکە ڕۆیشتن ، ئاژەلەکانیش زۆر بە دڵتەنگی و هاوار کردنەوە لە دوای داشقەکەوە بە ڕاکرند ڕۆیشتن(کلۆر)بە هەموو هێزو تەوژمیەوە ڕێگەی بەرەو پێشەوە کردەوە ، داشقەچیش خێرایی ڕاکردنی زیاتر کرد(کلۆر)هەولی ئەوەی دەدا بگاتە داشقەکەوە ، بەلام وەدوا کەوت ، بە هاوارێکی زۆر بلندەوە گوت(باکسەر ، باکسەر)دیار بوو کە باکسەر ئەم هات و هاوارەی دەرەوەی بیستبوو بۆیەکە هێلە

سپیەکەی سەر لمۆزی لە کەلێنێکی داشقەکەوە نیشان دا ، لەو کاتەدا(کلۆر) لە کڕوژنی داو دیسان هاواری کرد(باکسەر)و گوتی:وەرە دەرەوە دەیانەوێ بۆ کوشتنت ببەن ، ئیتر بارکێشەکە خێرایی هەر زیاتر دەکرد ، ئەوەش ڕوون نەبوو ئایا(باکسەر)گوێی لەو هات و هاوارەو قسەکانی(کلۆر)بووە یاخێر ، بەڵام ساتێک پاش ئەمە(باکسەر)سەری لە پەنجەرەکە هێنایە دەرەوە ، دەنگی لەققەو تەقەی سمی (باکسەر) لە عارەبانەکە دەبیسترا ، وا دەردەکەوت کە هەولی ئەوەی دەدا داشقەکە بشکێنێ و ڕێگەیەک بۆ هاتنە دەرەوەی لەو داشقەیەدا بکاتەوە ، هێزو توانای (باکسەر) لەمەوبەر ئەوەندە بە هێز بوو کە دەیتوانی بە چەند لە ققەیەک ئەو داشقەیە تێک یشکێنێ ، بەڵام بە داخەوە کە لەو داوا دواییەدا بە هۆ پیری و تەمەنەوە ئەو هێزو توانایەی (باکسەر)وەک جاران نەمابوو ، لە دوای چەند کاتێک دا دەنگی لەققەو سم وەشاندنی (باکسەر)بڕا ، لەو کاتەدا ئاژەلەکان ڕوویان کردە ئەسپەکانی ڕاکێشەری داشقەکەو گوتیان:هاوڕێیان هاوڕێیان وا ئێوە برای خۆتان بەرەو مەرگ و نەمان ڕا دەکێشن ، بەڵام ئەو دوو ئەسپە بارکێشە لەوە نەزانتر بوون کەوا لە ڕاستی ئەو مەسەلەیە بگەن و تەنیا ئەوەیان دەزانی کە لە ژێر وەشاندنی قامچی ئەو مرۆڤە داشقەچیە گوێیان شۆڕ بکەن و خێراتر بڕۆن ، ئیتر سیماو تەبەشی باکسەر لە پشتی پەنجەرەکەوە

دەرنەکەوتەوە ، پاشان ئاژەڵەکان لە دوای دەرچوونی داشقەکەوە کە کار لە کار ترازابوو ئەوسا بیریان لەوە کردەوە کە دەبوایە گێش هەموو شتێک دەرگای قەمتەرە گەورەکەی قەڵایی ئاژەڵان گاله بدەن ، ئیتر داشقەکە بۆی دەرچوو و زۆر بە خێرایی لە دەرگاکەوە دەرچووە دەرەوەو(باکسەر)یان بردو بۆ هەمیشە ڕۆیی و نەیان بینیەوە.

لە دوای سێ ڕۆژی تەواودا ڕا گەیەندرا کەلە دوای هەول و تەقەلاییەکی زۆری پزیشکان (باکسەر)لە نەخۆشخانەی (ویلنگدن)دا مردووە ، ئەو هەواڵەش لە لایەن (سکۆئیلر)ەوەڕاگەیەندراو گوتی:من بۆ خۆم هەتا دوا هەناسەی(باکسەر)لە سەر سەری ئەو بووم ، لە کاتێک داکە (سکۆئیلر)پایەکی بەرز کردبۆوەو ئارام ئارام فرمێسکی بە لا چاوانەوەدا دەهاتە خوارەوەو دەیگوت:کاریگەرترین دیمەن بەلای منەوە ئەو دیمەنە بوو کە (باکسەر)سەری هێنا بنا گوێی منەوە و بە دەنگێکی زۆر کز و ماتەوە دەیگوت:تەنیا خەمی من ئەوەیە کە نەم توانی (ئاشی بایێ) بە تەواوکراوەیی ببینم و ئاواتم وەدی نەهات کە ئەو ئاشە بە چاوی خۆم ببینم ، ئاخر من هەتا دوا هەناسەی (باکسەر)هەر لە لای ئەو مامەوە(سکۆئیلر) لە سەری ڕۆیی و دەیگوت:دوا وتەی (باکسەر) ئەوە بوو کە گوتی:هاوڕێ بۆ پێشەوە بە ناوی

شۆڕشەوە ، بژی فەلسەفەی ئـاژەلیـەتـی و هـەر بـژی هـاوڕێ (ناپلیۆن) کەوا هەمیشە هەق هەر بە(ناپلیۆن)ە.

ئیتر لە دوای تەواو بوونی قسەکانی(سکۆئیلر)ڕاسـتەو خـۆ ڕووی گۆڕاو سەیری ئەملاو ئەولای دەکردو بە چاوە زیتـەکـانی پڕ لە گومانیەوە چاوی بەولاو ئەملا دا دەگێڕاو ئەوسـا گـوتی:وا زاندراوە کە لە دوای ڕۆیشتنی (باکسەر)پـڕو پاگـەنـدەیـەکـی زۆرگەوجانەکراوە کە گوایە بارکێشەکەی کە باکسـەری بـردووە ئەو داشقەی(سیمۆندەر)ی بـارکێش بـووەو (باکسـەر)ی بـۆ قەسابخاکە بردووە ، ئەمە جگە لە درۆو بوختان شتێکی تر نیە ، جێگەی باوەڕیش نیە کە ئاژەلێک ئەوەندە نەزان و بێ هـەسـت بێتن کە ئەم پڕو پاگەندەیە باوەڕ بکـات ، (سـکۆئیلر)لـە گـەل هەڵبەزینەوەی دا کلکی خۆی با دەداو بەولاو ئەملای دا دەڕوانی و زۆر بە تۆڕەیی و قینەوە هاواری کردو گوتی:ئێـوە دەبێـت کـە تا ئێستا ڕابەری خۆتان باش نەناسیبێت ، ئەم ڕوون کردنەوەیە زۆر سادەیەو ئاسانە ، کە ئەو بەیتارە بارکێشە پێشان سـەر بـە قەسابخانە بووە ، هاوڕێ (ناپلیۆن)کڕیویەتی ، بـەلاّم هێشـتان ئەو نوسینانەی کە لە مەوبەر لە سەر داشـقەکـە نوسـراوە هـەر ماوەتەوەو ڕەش نەکراوەتەوە ، هەر ئەوەشە کە بوەتە هۆی ئەم خەیالە گەوجەوە ، بەم ڕوون کردنەوە ئاژەلەکان کەمێ ئاسـودە بوون ، کاتێ کە(سـ‍ـــــــکۆئیلر) چۆنیـەتـی چـاو لـێ بـوون و وەزعی(باکسەر)ی بـۆ شـ‍ــــێ کردنـەوە کـەوا چـۆن خـودی

هاوڕێ(ناپلیۆن)بەبێ دوا کەوتن ئەو دەرمانانەو پێویستیان بـوو بۆ چارەسەری و دەرمان کردنی(باکسەر)ی لە کیسـەی پـڕ لـە سەخاوەتی خۆی دا کڕیویەتی ، ئیتر شەک و گومانی ئـاژەڵانـی بڕی و ئاوا بۆی دەچوون کە هیچ نەبێت(باکسەر)بە هـۆی ئـەو چاو لێ بوونە لە دوا مەرگی دا خۆشخال و بەختەوەر بووە.

دوای ئەو ڕوداوە (ناپلیۆن)لە کۆبوونەوەی یەکشەموو دا خودی خۆی ئامادەبـوو ، وتـارێکی کـورتی بـۆ شـانازی کـردن بـە(باکسـەر)خوێنـدەوە و گـوتی :بـە داخـەوە کـە هێنانـەوەی تەرمی(باکسەر)لە توانا دا نەبوو ، بەڵام فەرمانی ئەوە دراوە کە دەسـتە گـولێکی ڕەنگـین و جـوان لـە گـول و گیـای قـەڵایـی ئائاژەڵان ئامادە بکرێت و بۆ سەر گـۆڕی(باکسـەر)ببردرێـت ، هەروەها بەرازەکان بڕیاریان داوە کە مێواندارییەکـی زۆر بـاش بۆ بیرەوەری (باکسەر) بکەن(ناپلیۆن)بـە دووبـارە کردنـەوەی دروشمە هەمیشەییەکانی (باکسەر)کە دەیگوت(من هـەمیشـە زیاتر کاردەکەم و هەق هەردەم بە(ناپلیۆنە)دوایی بە قسەکانی خۆی هێناو گوتی :لە جێگەی خۆشیەتی کە هەر ئـاژەڵێـک ئـەم دوو دروشـــــــمەی لە گوێ بگرێت و هەمیشـە بـۆ بیـرەوەری بیلێتەوە.

ڕۆژێک ماشێنی باری و عەتاری (ویلنگدن)هاتە نـاو قـەڵای ئاژەڵانەوە سەندوقێکی گەورەی دا نـاو بـە جێـی هێشـت ، لـەو شـەوەدا دەنـگ و ئـاوازێکی زۆر بـەرز بـووەوە ، پاشـان سـەرو

سەدایەکی زۆر کە لە تێکچڕژان و لێکدان دەچوو دەهات ، دوایـیش کە دەورو بەری سعات یازدەی شەو بوو دەنگی شکاندن و پێک دادانی گلاس و پەرداخەکان بەرز بووەوە ، ئەو شەوە بەو شێوەیە بە سەر چوو ، بەیانی هەتا نێوەڕۆی ڕۆژی دوایی هیچ جم و جۆڵێک نەبوو ، وا زانـدرا کە بەرازەکان لە شوێنێکی نادیار دا هەندێ پارەیان بە چەنگ کەوتووە بۆ کڕینی سەندوقێکی تری ویسکیان نارد.

## بەشی دەیەم

سالان وەسەر چوون و وەرزە سـەرەتاییـەکـان هـاتن و ڕۆیشتن ، تەمەنی کورتی ئاژەڵانیش ڕادەبرد ، ڕۆژگارێک هـات کە جگەلە (کلۆر)و(بنیـامین)و(مـۆز)ی قـەلـەڕەشـەو چـەنـد بەرازێک سـەردەمـی شۆڕشـیان لـە یـاد نـەمـابوو (مۆریـل)و (جسی)و(بلوبیل)و (پێنچەر)یش بۆ هەمیشە دونیایان بە جـێ هێشتبوو ئەوانیش نەمابوون ، خواجە(جۆنز)یش لە یـەکـێ لـە بیمارستانەکاندا بە هـۆی خواردنـەوەی زۆری ئـەلکولـەوە مـاڵ ئاوایی لە جیهانەوە کردبوو(سنەوباڵ)هەر بـە تـەواوی لـە یـاد چووبۆوە(باکسەریش)تەنیا لە یادی هەنـدێکیان کـە هـەر لـە زووەوە دەیان ناسی لە بیر ما بـوو(کلـۆر)ی ماینـە سـپیش بـە تەواوی پیر و بە سالاچووبوو کەچەند سالێکیشی بە سەر پـەک کەوتنی تێپەڕ بووبوو ، دەورانی پیری بە تەواوی پێوە دیار بـوو ،

له ڕاستی دا تا ئەو کاتەش هیچ ئاژەڵێک لێ نەخرا بوو ، له مێـژ بوو کە باس و خواسی ئەوە دەکرا کەوا گۆشەیەک له یەکێ لـه لەوەڕگاکان دا بۆ ئاژەله پەککەوتوەکان دیاری بکرێت و بیکـەن به شوێنی حەسانەوەیان (ناپلیۆن)ئەوەندە قەڵەو سەنگین ببـوو کە گرانی به(135)کیلۆ دیار بێێ (سکۆئیلریش) به تـەواوی گران بو بوو کە له قەڵـــەویان چاوە زیتـەکـانی بـە حاسـتەم دەتروسکایەوەو هـەتـا دەهـات خینگـەتـر دەبـوو(بنیـامین)ی کەرەدێزەش ئەوەندەی گـۆڕان بـەسـەر سـەرو پۆتـەلاکیـەوە نەهاتبوو تەنیا له دوای مردنی (باکسەر)ەوە کـەمـێ عـەبـوس بوو بوو هەروەها دەورو بەری لمۆزیشی هەندێ بۆز بـوو بـوو ، ئەگینا سەرو سـیمای(بنیـامین) هـەروەک خـۆی مـابوەوەو زۆر نەگۆڕا بوو.

مەخلوقاتی قەڵای ئاژەڵان له جاران زیاتر بوو بوو ، لـه گەل ئەوەش کە وەکو جاران زاوو زێ زۆر نەبوو ، ئەو ئاژەڵانەی کە تازە هاتبوونـه جیهانـەوە ، قـەڵای ئـاژەڵان بـۆ ئـەوان وەک شتێکی ئەفسانەیی بوو ، تـەنیـا ئـەوەی کـە ئـەوان دەیـانزانی ئەوەبوو کە پشت به پشت و زار بەزار پێیـان ڕاگـەیـەنـدرابوو ، تەواوی ئاژەڵانی کە تازە هاتبوونە ناو قەڵاوە هەرگیـز داسـتانی شۆڕش و ئەو ئەفسانەیان نەدەزانی و قـەت نـەیـان بیسـتبوو ، مەزرای قەڵای ئاژەڵان جگە له (کلۆر) سێ ئەسپی تریشی کـە لەو سەردەمانە لەوێ بوون ئەوانیش ئەسپی نەجیب و ڕەسـەن

و کارکەر بوون و هاوڕێی گەلێ دڵسۆز و باش بوون ، بەڵام کەمێ گەمژەل و هێڕبوون ، بۆ خوێندەواری و فێر بوون باش نەبوون ، تەنیا فێربوونیان لە پیتی (یا)وە تێ نەدەپەڕی ، هەرشتێکیان دەربارەی ڕابوردووی قەڵای ئاژەڵان و شۆڕشیان بۆ باس دەکردن ئەوا ڕاستەو خۆ باوەڕیان دەکرد ، لە گەل ئەوەش دا کە دیاربوو ئەوان شتێکی وایان لەوبارەوە دەستگیر نەبووەو تێی نەگەیشتوون.

مەزرای قەڵای ئاژەڵان لە جاران باشترو ڕێک و پێکتر بووبوو ، بە کڕینی ئەو دوو پارچە زەویەی کە لە (پیلکیگتن)کڕدرابوو قەڵای ئاژەڵان گەورەترو پان و پۆڕ تر بووبوو(ئاشی بایێ)ش کە لەو ئاخرو ئۆخرانە دا سەرکەوتوانە تەواو کرابوو ، هەموو ئامێرەکانی وەک زەوی کێلان ودروێنە کردن و خەرمان و کوزر کوتان و وێنجە بڕین ، هەمووی لە قەڵایی ئاژەڵان دا هەبوو ئامادە کار بوون(ویمپەر)ببوە خاوەنی گالیسکەیەکی تەک ئەسپی ، ئاشی بایێ تەنیا بۆ ئارد هاڕین بە کار دەهات و هیچ کارەبایەکی لێ وەر نەدەگیرا ، تەواوی ئاژەڵان زۆر بە گرنگی خەریکی دروست کردنی خانوێکی تری (ئاشی بایێ)بوون ، بڕیار وابوو کە لە گەل تەواو بوونی ئەو ئاشەدا دیلەمۆی کارەبا پەیدا بکرێت و بە کاریخرێت.

ئەو هەموو پڕو پاگەندەیەی کە ڕۆژگارێک(سنەوباڵ)باسی لێوە دەکرد و دەیگوت ژیانێکی پڕ لە شادی و کامەرانی و

کارەباو تەویلەی ڕوناک و ئاوی ساردو گەرم و لە هەفتەیەک دا تەنیا سێ ڕۆژ کار کردن و ژیانێکی تەژی لە خۆشی و کامەرانی هیچ باس و خواسێکی لێوە نەبوو و نەهاتبووەوە کایەوە(ناپلیۆن)گوتبووی کە ئەم جۆرە قسانەو ئەو جۆرە ژیانە هەموو بە پێچەوانەی ئاژەلیەتیەو ، خۆشبەختی ئاژەڵان لە ژیانی سادەو کار کردنی زۆر و تەمەنی درێژەوەیە ، قەڵایی ئاژەڵان بە پێی لێ کۆلینەوە تازە بوو کە باشترو دەولەمەندتر بوو بوو ، ئاژەلەکانی تر ئەویان نەدەزانی کەئەو گۆڕانکاریەی قەڵایی ئاژەڵان هەر لە بەر ئەوییە کە ژمارەی بەرازەکان و سەگەکان لە جاران زیاتر بووە ، ئەلبەتە ئەوە بەو جۆرە نەبووە کە بەرازو سەگەکان هەربە یەکجاری کار نەکەن و هەر بە ڕوالەت کاری خۆیان ئەنجام بدەن(سکۆئیلر)کە هەرگیز ماندو نەدەبوو ، ئەوەی بە باشی ڕوون کردەوە کە بۆ چاوەدێری و بەڕێوە بردنی کارو بارەکانی قەڵایی ئاژەڵان پێویستیان بە ماندوو نبوونێکی زۆرەوە هەیە ، شێوەی کارو بارەکانی ئەوانیش جۆرێک بوو کە ئاژەڵانی سادەو تازە پێ گەیشتوو تێی نەدەگەیشتن(سکۆئیلر)بە ئاژلەکانی دەگوت: دەبێت بەرازەکان بە تێکڕایی بۆ ئەو کارو بارە مەڕموزانەی کە پێیان ڕادەگەیەندرێتن کە (پەروەندەو پێش نوس و نامە بنچینەییەکان ئامادە بکەن و ڕێکی بخەن)بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت زۆر خۆیان ماندوو بکەن و هەمیشە کاریان تیا بکرێتن ،

بەرازەکان هەمیشە پارچە کاغەزە گەورەکانیان بە تێ ڕامان و لێ موڕ بوونەوەیەکی زۆرەوە ڕەش دەکردەوەو دەیان نوسیەوەو ئەوسا دەیان سوتاند(سکۆئیلر)دەیگوت:ئەم کارە بۆ چاکتر کردنی کارو بارەکانی مەزرای ئاژەڵانەو گرنگیەکی یەکجار زۆری هەیە ، هەرچەندە ئەوەش دیار بوو کە سەگەکان و بەرازەکان هیچ کارێکیان نەدەکردو ژمارەشیان هەر زێتر دەبوو ، هیچ ئالودەگی و کەم و کوڕیشیان نەبوو ، ئیشتهای خۆاردن و خواردنەوەشیان زۆر باش و لە بار بوو ، ئەوان واتە سەگەکان و بەرازەکان ببونە نانخۆری جێگر.

ژیانی ئاژەلەکانی تر هەتا ئەو کاتەی کە لە یادیان بێتن ئەوە تەنیا کار کردن و ڕەنج کێشان و ماندووبوونێکی زۆر بوو لە گەل ئەوەش هەمیشە برسی و بوون و شوێنی خەوتنیان تەنیا لەسەر مشتێ کاوە بوو ، ئاوی خواردنەوەیان باش نەبوو هەمووی هی گۆماوەکان و ستێرەکان بوو ، لە ژێر ناخۆشی سەرماو سۆل و بەفری زستان و گەرمای هەناسەبڕی هاوین دا هەر کاریان دەکرد و ڕەنج و کوێرەوەریان زۆردەکێشا ، ئاژەلە پیر و بە سالاچوەکانیش زۆریان لە خۆیانەوە دەکرد کە وەبیریان بێتەوە کەئایا ڕۆژگارانی سەرەتای شۆڕش و ڕاپەڕینیان و دەرپەڕاندنی (جۆنز)لە قەڵای ئاژەڵان دا لەو کاتەش ئەوان هەر ئاوا بووینە و ئاوا ڕەنج و ئازاریان دەکێشاو یان لە ئەمڕۆکەیان باشتر بوون ؟بەڵام بە داخەوە کە هیچیان

وەبیریان نەدەهاتەوە و هیچ پێوانەیەکیشیان بۆ ئەو مەبەستەوە لانەبوو کە ئایا ژیانی ئەمڕۆیان لە گەل ژیانی ئەو کاتەیان بەراورد بکەنەوە ، تەنیا ئەوەی کە هەیان بوو و ژمێر کۆیان بوو ئەوقسە پان و پۆڕەکانی(سکۆئیلر)بوو کە بە شێوەیەکی ڕک و ڕاست ئەوەی بۆ ئاژەڵان شیٚ دەکردەوەو دەیگوت:کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژیانی قەڵایی ئاژەڵان و سەرنشینانی باشتر و چاکتر دەبێتن ، ئەو ژیانەی ئەم سەردەمانەی ئاژەڵان بەبیٚ چارەسەری بوو ، هیچ گوڕانکاریەک نەدەهاتە کایەوە ، تەواوی ئاژەلەکان تەنانەت هەڵی بیر کردنەوەشیان نەمابوو ، تەنیا(بنیامین) بوو کە هەمیشە دەیگوت:تەواوی ژیانی دوورو درێژی ڕابوردووی لە یاد ماوە ، ئەوەش باش دەزانێت کە جۆری ژیان هەر چونێک بێتن هەروا دەبێت و هیچ گۆڕانکاریەکی وەسەر نایەت ، ژیان نە چاکتر دەبێت و نە خراپتر ، برسیەتی و ڕەنج و ئازارو کوێرەوەریەکانی ژیانیش یاسای نەگۆڕاوی ڕۆژگارانن.

لە گەل ئەو هەموو زەحمەت و کوێرەوەریانەدا ئاژەلەکان لە هیچ کات و ساتێک دا ورەیان نەدەڕووخاو بیٚ ئاوات و هیوا نەدەبوون ، هەمیشە شانازیان بە قەڵای ئاژەڵانەوە دەکرد و ئەوەیان هەر لە یاد مابوو کە هیچ نەبێت خۆیان خاوەنی قەڵایی ئاژەڵانی خۆیانن و هەر ئەوان بە خۆیانن کە لە سەرتا سەری ئینگلستانەوە ئەو قەڵاییەی سەربەخۆیانەوە هەیە ، ئەوە بیرو

باوەڕی هەموو ئاژەڵانی قەڵای بوو ، تـەنانـەت ئـەوانـەی کـەوا تازەش هاتبوونە ناو قەڵایوە هەر ئەو بیرو بۆچونەیـان هـەبـوو ، لەو کاتەدا کە تەققەی تفەگەکە دەهات و ئالای سەوزی قەڵای بەرز دەکرایەوە ئەوا تەواوی ئاژەلەکان بوون کـە بـەشـانازیەوە هەستیان دەجولاو ڕۆژگارانی پڕ لـە ئازایـەتـی و ڕاپـەڕینیـان و دەرکردنـی (جـۆنز) لـەو مـەزرایـەوە و دانـانی هـەر حـەوت فەرمانەکەو سـەرکـەوتنیـان بـە سـەر مرۆڤانـەوە بـە تێکڕایـی دەهاتەوە یاد و جێگەی شانازی و باوەڕ بە خۆ کردنەوەیان بوو ، کەوا هەرگیز نا ئومێـدی و ورەی نـزم ڕووی تـێ نـەدەکـردن و هێشتان خەون و خەیالاتی ڕۆژانی ڕا بووردوویان لە ناو هەست و دەروون دا هەر زیندوو پەروەردە دەکرد ، هەمویان بـاوەڕیـان وا بـــوو کـــەوا ئێتـــاش ڕۆژێـــک دێـــتن و تـــەواوی قسـەکانسـی (مێجـەر)ی پیـرە نێـرە بـەراز لـە بـارەی ژیـانی ئایـەنـدەی ئـاژەڵانـی ئینگلسـتانەوە هـەر وەدی دێـتن و ئـەو ڕۆژەشیان لەوانەیە کە زۆر نەزیک بێتن ، هەرچـەنـدە ئـەوەش دەبێ کە هیچ ئاژەلێکی ئێستای زیندوو تەمـەنـی نـەگاتـە ئـەو ڕۆژەوەو یە چاوی خۆیەوە نەیبینێ ، بەڵام ڕۆژێکی ئاواش جـا چە زوو یا درەنگ هەر وەدی دێتن ، هێشتان سرودی (ئاژەڵانـی ئینگلستان) بە دزی لە زۆربەی گۆشەو کـەنـارەکـانی قـەڵایـی ئاژەڵانەوە دەچڕێندراو بەڵام جورئەتی ئـەویـان نـەبـوو کـە بـە ئاشکراو ئازادانە ئەو سـرووده بچـڕن و دەنگیـان هـەڵ ببـڕن ،

تەوای ئاژەڵانی ئـەو ڕۆژگارانـە ئـەو سـرودەیـان دەزانـی و لـە بەریان بوو ، ڕاستە کە ژیانی ئاژەڵان سەخت و نالەبار بوو ، کـە بە هەموو ئارەزووەکانیشیان نەگەیشتبوون ، بەڵام ئەوەیان زۆر چاک دەزانی کەوا هەروەک ئاژەڵانی مەزراکانی تر نینە ، ئەگـەر برسیش بن و کوێرەوەری و ڕەنج و ئازاریشـیان هـەبێـت هـیچ نەبێ ئەو ژیانەیان لە ژێر چنگی مرۆڤەوە نیەو بە دەستی مرۆڤ ناچەوسێنەوە ، خۆ ئەگەر کـاری زێـدەش بکـەن ئـەوا هـەر بـۆ خودی خۆیانەو بەس و هیچ بوونەوەرێکیان لە گەل دا نیە کـەوا لە سەر دوو پا بڕواتن و کەسێ ئاغای ئەویتر نیـە و کـەس بـە ئەڕباب بانگی کەس ناکاتن و هەموویان لـەم قـەڵاییـەدا چـوار پان.

ڕۆژێکی سەرەتای هاوینی ئەو سەردەمانـەبـوو(سـکۆئیلر) فەرمانی دا کە مەڕەکان لە گەلیا بچن بۆ نـاو ئـەو پارچـەزەویـە پان و پۆڕەی کە کەمێ لە قەڵایوە دوور بوو ، ئەو زەویە پـڕ بـوو بوو لە شەتلی دارە بـی ، هـەر وات دەزانـی کـە پـاوان کـراوە ، مەڕەکان لە ژێر چاوەدێری (سـکۆئیلر)لـە تـەواوی ڕۆژ دا لـەو زەویە دا لەوەڕان ، شەو (سکۆئیلر)گـەڕایـەوەقـەڵایـو لـە بـەر ئەوەش کە هەوا بە تەواوی گەرم بوو بوو ، بە مەڕەکـانی گـوت کە ئەوان شەو لەو زەویەدا بمێننەوە ، مەڕەکـان هـەفتـەیـەکـی تـەواو لـەو شـوێنە مانـەوە ، لـەو مـاوەیـەدا ئـاژەلـەکـانی تـر هەوالێکیان لە مەڕەکانەوە نەبوو ، (سکۆئیلر)یش زیاتری کاتی

خۆی لە گەل ئەوانەوە بە ڕێوە دەبردو دەیگـوت: کـە خـەریکـی ئەوەیە سرودێکی تازەیان فێر بکاتن ، ئـەم کـارەش پێویسـتی بە جێگەی چۆل و ئارامەوە هەیە ، کە بە باشی ئەنجام بدرێتن.

شەوێکی درەنگان کە هەوایەکی فێنک و خۆش و دڵگیری هەبوو ، تازە گەڕابوونەوە ، تەواوی ئاژەڵەکانی تریش دەستیان لـە کـاری ڕۆژانـەوە هـەڵگرتبـوو ، لـە ناکـاو دا کـورژنێکی زۆر سامناکی یەکێ لە ئەسپەکان هات ، بە بیسـتنی ئـەو کوڕژنـەو سەدایە سامناکە ئاژەڵەکان زۆر هەراسان و بـێ دەنـگ بـوون ، ئەو کوڕژنە دەنگی (کلۆر)بوو ، جارێکی تریش (کلۆر)بە هەمان شێوەوە حیلاندیـەوە ، ئـاژەڵـەکـان ئـەمجـارە بـە تێکڕایـی وە هێرشیان بردە ناو حەوشەکە ، ئەو شتەی کە(کلـۆر)بـە دیتنـی حیلاندبووی ئاژەڵەکـانیش هـەموویـان دیـان کـەوا بـەرازێـک دەیەویست لە سـەر دوو پێیـان بـڕواتن ، ئـەو بـەرازەش خودی (سکۆئیلر) بوو ، کە هێشتان شارەزایی لەم کارە دا پەیدا نەکردبوو ، تا بتوانێت بەو هەموو قورسی و قەلەویـاتی خۆیـەوە خۆی لە سەر دوو پێیان ڕا بگـرێتن ، هـەر بـەو شـێوەیـەوە لـە حەوشەکەدا خەریکی گرۆڤە کردن و خۆ ڕا هێنان لـە سـەر دوو پا ڕۆیشتنەوە بوو ، هـەنـدەی پـێ نـە چـوو کـە ڕێـزی درێـژی تەواوی بەرازەکان کە هەموویـان لـە سـەر دوو پێیانـەوە دەڕۆیشتن لە ناو ساختمانەکەوە دەهاتنە دەرەوە ، هـەنـدێکیان لە هەندێکیان باشتر دەڕیشتن چاکتر دەیان توانی کە خۆیان لە

سەر دوو پێیان ڕابگرن و بڕۆن ، دیار بوو کە یەک دوو یێکیان بە ئەندازەی تەواو نەیان دەتوانی ئەو کارە باش ئەنجام بدەن ، هەر وەک بلێی پێویستیان بە دەست و گۆپالەوە هەبوو ، لە ئاکام دا هەموو بەرازەکان لەو کارە واتە لە سەر دووپێ ڕۆیشتنەوە بە باشی فێر بوون و لە حەوشەکە دا دەخولانەوە ، لە دوای چەند ساتێک حەپەحەپێکی زۆر ترسناک و قووقە قووقی کەلەشێرە شەیپورزەنەکە هات ، دیار بوو کە (ناپلیۆن)زۆر بە قان و قوونەوە لە کانێک دا تەواوی سەگەکان دەورەیان دابوو و هەمویان گوێچکەکانیان مووت کردبۆوەو ترسناکانە دەیان مڕاندو دەرکەوتن ، تەواوی ئاژەڵەکان بە دیتنی ئەو دیمەنە تێک قرژان بێ دەنگ بوون و زۆر بە ترس و لەرزەوە سەیری ئەو دیمەنەیان دەکرد ، لە ڕێزی درێژی لە سەر دووپا ڕۆیشتنی بەرازەکانیان کە لە حەوشەکەوە پیاسەیان دەکردو دەخولانەوە دەیان ڕوانی ، لەو کاتەدا تەواوی ئاژەڵەکان وەک ئەو دونیایەیان لێ سەرەو ژوور بوبێ وا بوون و لە یەک نەزیک ببونەوە و واقیان وڕ مابوو و ، لە دوای ئەوەی کە کەمێ ترس و لەرزیان لێ نیشتەوە و کەمێ هاتنەوە سەرخۆ ، هەرچەندە کە ئەوان ترسی سەپەلەکەیان هەرهەبوو ، نەیان دەوێرا کە شتێک بکەن و و یان ڕەخنە بگرن ، بەڵام هەندێ لە ئاژەڵەکان کە دڵیان زۆر پڕ بوو بوو لە گەل ئەو ترس و لەرزەشەوە بیریان لە ڕەخنە گرتن و ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر

ئـەو کـارە نـا یاسـاییەی بـەرازەکـان دەکـردەوە ،لـەو کاتـەدا مەڕەکـان دەسـتیان کـرد بـە باعـەبـاعی تایبـەتـی خۆیانـەوەو دروشمی(چوار پا باشـە دوپـا باشـتر)یـان دەچڕانـد و هـەمـوو ڕیگەکانی ڕەخنە گرتنیان بەو باعە باعەوە لە ئاژەڵان دەگـرت و ماوەی هیچ ڕەخنە لێ گرتنێکیان نەدەدا ، بەرازەکان هەموویـان گەڕانەوە ژوورەکانیان ، لەو ماوەیەش دا(بنیامین)هەستی بـەوە دەکرد کـەوا لمـووزی ئـاژەڵێکـی وەشـان کـەوت و کـە ئـاوڕی دایەوەدیتی ئەوە (کلۆر)بوو کە ئـەو لمـوزەی لـەو هـەنگـوت و سەیری (کلۆری)کـرد بینـی کـە چـاوەکـانی زۆر کـز و ماتـە و ڕەنگی پیریەتی بە تەواوی پێوە دیارە و زۆرکەم بینا بووە ، بەبێ ئەوەی کە هیچ بلێتن(بنامین)ی بۆ لای خۆیا ڕاکێشاو لـە گـەل خۆی دا بردی بۆ تەویلە گەورەکە ، ئـەو شـوێنەی کـە هـەقـت فەرمانەکەی لێ هەڵواسرا بـوو ، یـەک دوو دەقیقـە لـە وێنـدەر وەستان ،  لە دیوارە دوکەلاویەکەو نوسینە ڕەنگ سـپیەکـان دا مـــووڕ بوونـــەوە و لـــە دوای کـــەمێـــک(کلـــۆر)هاتـــە دوان وگوتی:چاوەکانم بیناییان کەم بووە ، تا ئەو ڕۆژگارانەی کـە لاو بووم دەمتوانی  کە تـەواوی نوسـراوەکـان بخوێنمـەوە ، بـەڵام ئێستا وام دێتە بەر چاوان کە دیوارەکـە  وەک جـاران نـەمـاوەو سیمایەکی تری هەیە وگوتی (بنیامین)پێم بلێ بزانم کە هەفت فەرمانەکـە وەک جارانـە یـا خێر؟بـۆ یـەکـەمـین جـاریش بـوو کە(بنیامین)ئامادەی ئەوەی بوو کە لە سەر یاسای ژیانی خۆی

بێتە خوارەوە ، ئەوەی کە لە سەر دیوارەکە نوسرا بوو بە دەنگێکی بەرز خوێندیەوەو ئەوەی کە مابوو ئەوەبوو کە نوسرا بوو (تەواوی ئاژەلاّن یەکسانن بەلاّم هەندێکیان لە هەندێکیان یەکسانترن)جگە لەو فەرمانە زیاتر چیتر لە سەر دیوارەکە نەمابوو.

ئیتر وای لێ هاتبوو کە لە ڕوانگەی ئاژەلەکانەوە هیچ شتێک سەیرو سەمەرە نەبوو ، بۆ بەیانی کە دیان بەرازە چاو دێرەکان گۆپالیان بە دەستەوەیە و بۆخۆیان سەیری تەلەفیزیۆن دەکەن و ڕۆژنامە دەخوێننەوە و لە سەر دوو پایان دەڕۆن و(ناپلیۆن)یان دیت کەوا لە حەوشەکەوە سەبیلەیەکی پاپی بە لالێوانەوەیە و ئەویش لە سەر دوو پێیان دا دەڕواتن و پیاسە دەکاتن و بەرازەکان کەل و پەلی (جۆنز)یان لە دۆلابەکانەوە دەرهێناو هەموویان لە بەر کردن و خودی(ناپلیۆن) چاکەتێکی ڕەش و پێلاوێکی چەرمی لە بەر کردبوو(مالۆس)ەشیک و جوانەکەی (ناپلیۆن)یش هەموو کەل و پەلە ئاوریشمەکانی خانمی(جۆنز)ی کە ئەو بۆ ڕۆژانی یەکشەموو دا لە بەری دەکرد و پێ دەچووە کەنیسەکەوە هێنا بووی و لە بەر کردبوو ، هەفتەیەک پاش ئەو ڕووداوانەوە گالیسکە تەک نەفەریەکان ژمارەیان لە ناو قەلاّیی ئاژەلاّن دا هەر دەهات زیاتر دەبوو ، کۆمەلێک لە جوتیارە هاوسێکانی قەلاّیی ئاژەلاّن بانگ هێشتن کرابوون و دەهاتنە سەردانی

قەلأیی ئاژەلأنەوە ، تەواوی شـوێنەکـانی مـەزرای ئـاژەڵان بـە مێوانەکان نیشـان دران ، ئـەوان واتـە هاوسـێکانی مێـوان لـە تەواوی شتەکانی قەلأیی ئـاژەڵان ڕازی بـوون و بـە تایبـەتـی (ئاشی بایێ)کە زۆریان ستایش لێ کردو بە دڵیان بوو و پێیـان هەڵ دەگوتن ، تەواوی ئاژەلأنی قەڵای بە سەر گەرمیەوە لە ناو کێلگەی شێلمەکەوە خەریکی بژار کـردن بـوون ، وا خـەریـک بوون کە تەنانەت سەریشـیان بـەرز نـەدەکـردەوە ، ئـەوەیـان نەدەزانی ئاخۆ لە بەرازەکان یان لەخودی مرۆڤـەکانـەوە زیـاتر هەراسانن ، ئەو شەوە قاقای پێکەنین وئاوازی مۆزێک و هـەراو هۆریا لە ناو خانوەکانی بەرازەکانـەوە هـەر دەهـات و بـەرز تـر دەبۆوە ، ، لە ناکاو دەنگی مڕە مڕ و هەراو هۆریا هەستی وریای ئاژەلەکانی شلەژاند ، ئاژەلەکان ئەوەیـان دەویسـت کـە بـزانن کەوا مرۆڤ و ئاژەل کە بۆ یەکەمجارە بـە یـەکـەوە ڕونیشـتوون ئایـا بـە مـەرجـی یـەکسـانیەوە لـە تـەک یـەک دان یاخێر؟دەیانەویست کە بزانن چی ڕووی داوە؟هەموو ئاژەلەکـان بە سینە خشکێوەو زۆر بە ئارامی و لە سەر خۆوە بەرەو باغەکـە خشان و بەرەو خـانووی بـەرازەکـان چـوون ، زۆر بـە تـرس و لـەرزەوە لـە پـێش دەرگاکـەوە وەسـتان و لـەوێ مانـەوە (کلۆر)هەندی کردی خۆی پێ نەگیراو بـە هێواشـی زۆر بـە لـە سەر خۆییەوە بۆ لای پەنجـەرەکـەوە چـوو و بـۆ ئـەوەی بزانـێ ئەوان چی دەکەن ، ئاژەلەکانی تـریش زۆر بـە هێواشـیەوە لـە

دوای (کلۆر) ڕۆیشتن ، ئەوانەی کە قەد بلند بوون و دەگەیشتنە پەنجەرەکەوە لەو دێو ڕا سەیری ژووری بەرازەکانیان دەکردو لە کۆڕی گەرمی بەراز و مرۆڤەکانیان دەڕوانی ، بە هەردو چاوەکانی خۆیان ئەوەیان دیت کەوا مرۆڤ و بەراز بە یەکەوە ڕوو نیشتین و پێکەوە مێزگردی خۆیان لە سەر مێزێکی گەورەوە کە بریتی بوون لە شەش مرۆڤ و شەش بەرازی زەبەللاح دەورەی مێزەکەیان دابوو و لە سەر کورسیەکان ڕوو نیشتبوون (ناپلیۆن) لە سەرەوەی ئەو مێزەوەبوو و تەواوی بەرازەکان زۆر بە هاسانی لە سەر کورسی ڕوو نیشتبوون و خۆیان زۆر بەباشی لە سەر کورسیەکان ڕا گرتبوو ، دیار بوو کە خەریکی کاغەزی قومار بوون و هەموویان بە یە یەکەوە قوماریان دەکرد ، بە شێوەیەکی کاتی دیار بوو کە دەستیان لە قومار کردن کێشاەیەوەو دەستیان بە خواردنەوەو فڕ لێ دان کردو چەند پیاەلەیەکیان نۆش کرد و قەڕابە بیرەیەکیان بە تال کردو جارێکی تریش قەڕابە بیرەکەیان تەژی کرایەوەو ئەمجارەش گلاسە بیرەکان پڕ کرانەوەو ئامادەی نۆشین و هەڵدان کرانەوە ، کەسێ ئاگای لە سەرو پۆتەلاکی ئاژەڵانی ئەو دیوی پەنجەرەکەوە نەبوو (پیلکلینگتن)ی خاوەن کێلگەی (فاکس وود) لە کاتێ کە لیوانێکی پڕی لە بیرەکە بە دەستەوە بوو هەستایەوە سەر پێ و پوتی: دەمەوێ پێش ئەوەی کە ئەم بیرەیە نۆش بکەم و هەڵیقولێنم بە پێویستی

سەر شانی خۆمی دەزانم کە لێرەدا ڕای خۆم دەر بڕم و پێتـان بڵێم کە: بەلای منەوە بە بێ شەک و گومانەوە هەموو ئەوانـەی کە شەڕەفی بەشدار بوونیان لەم کۆبونەوەیەدا هـەیـەو لێـرەوە ئامادەن ئەوانیش بیر و بۆچونیـان هـەر وایـە کـەوا لـەو پـەڕی خۆشحالی داین و دەبینین ڕۆژگارانی تورەیی و ڕق و کینەو بـێ باوەڕی بە یەکبوون گەلیک ڕووداوی نـاخۆش و تـاڵ و تفـت و دڵتەنگی وەدی هێناو ماوەیەکـی زۆریشـی بـردو گـەلێـک بیـرو باوەڕی ناڕاست و نـاخۆش و دڵ تـەزیـن هاتـە پێشـەوە ، زۆر ناڕاستی و کاری چەوت ئـەنجـام درا ، وا بیـر دەکرایـەوە کـەوا کێڵگەیەکی بەراز بە ڕێوەیـەوەی ببـات و خـاوەنـی فـەرمـان و دەسەلات بێتن ئەوا تەواوی بنچینەکانی ژیـان تێـک دەچێـت و ئالۆزی و بلۆزی دێتە کایەوە و نا ئارامیـەکـی زۆر وەدی دێـتن و نەبوونی ئاسایش ڕوو لـە هـەمـوو دەرو دراوسـێکان دەکـاتن و تــەواوی کرێکــارانی هاوســێکان لــە خــاوەنــەکانیــان هــەڵ دەگەڕێنەوەو چاو لە قەڵایی ئاژەڵان دەکەن و بنەڕەتی ژیان بـە تەواوی تێک دەچێتن ، ئێستالێرەدا من ڕای دەگەیەنم و دەلـێم کـە ئـەو هـەمـوو بیـر و بۆچونانـە هـەمـووی ناڕاسـت بـووەو و ئێستاکەش لە بەین چووەو نەماوە و هەمووی بن بڕ کـراوە ، ئـا ئــەم ســەردان و چــاو پێکــەوتنانــەو دانشــتنانەی ئێمــەو دۆستەکانمان لـە قـەڵایـی ئـاژەڵانـەوە ئـەو هـەمـوو ڕاسـتیانە دەسەلمێنێ و باری چۆنیەتی ژیانی ناو ئەم قـەڵاییـەش بـەبـێ

گومـان دەبێتـە سـەر مـەشـــــــقی هـەمـوو مـەزراکـانی ترەوە(پیلکینگتن)لە سەر باسەکەی ڕۆیـی و گـوتی:مـن لـەوە زۆر دڵنیام و دەتوانم ئەوە بلێم کە ئاژەلەکـانی پلـەی خـوارووی کێلگەی ئاژەڵان لە تەواوی مەزراکانی تر زیـاتر کـار دەکـەن و کەمتر دەخۆن ، هەموو ئەوانەی کە سەریان لەم قەڵاییەوە داوە ئەم ڕاستیە زۆر باش دەزانن کە تەواوی ڕەفتـارو کـردەوەکـانی قەڵایـی ئـاژەڵان بـۆ ئـەوە دەشـێت کـە ببێتـە سـەر مـەشـقی کــردەوەکـانی تــەواوی مــەزراکــان(پیلکینگــتن)ی خــاوەنــی مەزرای(فاکس وود) لە کاتێک دا گلاسـی بیـرەکـەی هـەر بـە دەستەوە بوو درێژەی بە باسەکەی دا و گوتی:ئیتر بە پێویستی دەزانم کەوا دەبێت پیرۆز بایی لە ئێـوەو خۆمـان بکـەیـن و بـە بۆنــەی ئــەم هــەمــوو ســەرکــەوتنانــەو دۆســتایەتــی وئــەو پەیوەندیانـەمـان لـە گـەل یـەک داو ئـەم دۆســــــتایەتـی و هاوکاریانەمان لە گەل قەڵایی ئاژەڵان و تەواوی دۆسـتانمان دا هەمیشەیی بێت و زیاتریش پەرە بسەنێتن ، دەتـوانم ئـەوەش بلێم کە لە مەو دوا هەرگیز بەرژەوەندیەکانی بـەراز و مـرۆڤ دژ بە یەکتر نابن و هەول و تێکۆشانیان یەکێکەو هـیچ جیاوازیـەک لە نێوان بەراز و مرۆڤ دا نیە و تـەواوی گیـرو گرفتـەکـان وەک یـەک وان و دەتـوانم بلـێم کـە هـەمـووی لـە کێشـەی  کـارو کرێکاران دایەو وەک یەک  خۆیـان دەنـوێنن ، ئـەدی کێشـەی کارگەران لە هەموو شوێنێک وەک یەک نیە؟وا دەردەکەوت کـە

(پیلکینگتن) ئەوندە خۆشحال و شادە کە ئەو نکتەیەی کە لە مەو پێش ئامادەی کردبوو باسی لێوە بکاتن و بیگێڕێتەوە نەی توانی کە بیلێتن و هەموو وشەکانی ئەو نکتەیەی لە گەرودا گیر بوو بوو بۆیەکەش ئاوا سور هەڵگەڕا بوو ، لە دوای ئەوەی کە چەند جارێک قوڕگی خۆی پاک کردەوەو گوتی: ئەگەر ئێوە گیرو گرفت و دەردە سەریەکانتان لە گەل ئاژەڵانی چینی خوارو هەیە ، خۆ ئێمەی مرۆڤیش هەر ئاوا لە گەل چینەکانی خواروو بەو گیرو گرفتانەوە گیرمان خواردووەو هەمانە ، ئەم نکتەیەی (پیلکینگتن)تەواوی کۆڕەکەی هێنایە بزەو هەراو هۆریاوە لە دوایی دا: گوتی پیرۆز بایی و سوپاسی خۆم بۆ بەرازەکان دەردەبڕم کەوا توانیویانە بژیوی ئاژەڵان کەم بکەنەوە و کاریشیان زیاتر بکەن و ئاژەڵان بە سوخرەو بێگاری ڕا بێنن ، لە کۆتایی قسەکانی دا (پیلکینگتن) گوتی: ئێساش داوام لە هەموو ئامادە بوان ئەوەیە کە ڕابوەستن و پێکەکانیان پڕ بکەنەوەو هەموو لە هەموو بە یادی سەرکەوتن و سەربەرزی قەڵایی ئاژەڵان فڕ لەپێکەکانیان بدەن و نۆشی کەن ، ، ئەوسا تەواوی ئامادە بوان لاقیان بەزەوی داداو بە چەپلە ڕێزانەوە گلاسەکانیان هەڵنۆشی و (ناپلیۆن)بەو قسانە ئەوەندە خۆشحال بووبوو کە لە جێگەی خۆیەوە هەستایەوەو پەرداخەکەی لە پەرداخی (پیلکینگتن)دا ، کاتێ کە هەراو هۆریاو چەپلە ڕێزان دوایی هات(ناپلیۆن)هەر لە سەر پا

مابووەوە ، دەری بڕی کە ئەویش چەند نوکتەیەکی بۆ گوتن هەیە و پێشکەشی دەکاتن(ناپلیۆن)وەک هەموو جارێ ئەمجارەش بە کورتی و بە ڕەوانی و پاراوەیی گوتی:منیش لە لایەن خۆمەوە زۆر شادو بەختەوەرم بەوەی کە سەردەمی خراپەو بێ باوەڕی و دڵپیسی لە یەک کردن و دوژمنایەتی ئێمەو دراوسێکانمان نەماوەو ئێستا بە سەر چووە ، ئەو ناحەزانەی کە پڕوگاگەندەیان دژی قەڵایی ئاژەڵانەوە دەکرد کە گوایە ئێمەی ئاژەڵانی کێلگەکانی تر بە شۆڕش و ڕاپەرین هان دەدەین و گیرو گرفت بۆ دراوسێکانمان ساز دەکەین ئێستاکە بە تەواوی ڕوون بوەتەوە کەوا ئەم قسانە ڕاست نەبوون و درۆو دەلەسە بووە ، لە مەو پێش و ئێستاش ئەوەی کە ئێمە گەرەکمانە تەنیا ئاسایش و هێمنی و ئاشتی بووە ، حەزمان بەوە کردووە کە هەمیشە ئاشتی لە نێوان تەواوی دراوسێکانمان دا هەبێتن ، ئەم قەڵاییەی ئێمە کە خۆم ڕابەرایەتی دەکەم جگە لە پڕۆژەیەکی  بەرازان هیچ شتێکی تر نیە ، لە گەل هەموو ئەوانەش دا  ئێستاکە زۆر بە دڵنیاییەوە دەلێم کە هیچ گیرو گرفت و خراپەو خراپە کاریەک و باوەڕ بە یەک نەکردن و دژایەتی یەکتر کردن لە نێوان دا نیەو نەماوەو هەمووی لە ناو چووە ، (ناپلیۆن) گوتی: لەم دواییەدا شێوەی ڕابەرایەتی کردنی قەڵای ئاژەڵان گۆڕاوە ، چونکە لەم ڕۆژانە دا ئاژەڵەکانی پلەی خوارووی قەڵایمان ڕەوشت و ڕەفتاری

گەوجانە و پڕو پوچیان نیشـان داوە و پێـی هـەڵساون ، هـەتـا ئیمرۆکە ئاژەڵان یەکتریان بە ناوی هاوڕێ بانگ دەکرد ، بـەڵام ئێستا ئەوە ڕێگەی لێ گیراوەو بەو شێوەیـە نـەمـاوە ، لـە مـەو پێش هەموو ڕۆژێ یەکشەموان ئاژەڵان لە پێش کەللـە سـەری بەرازێکی نێرە بە ڕێژە ڕەت دەبـوون و ڕێزیـان لـێ دەگـرت ، ئێستاکە ئەوە نەماوەو ئەم کـارەش ڕاگیـراوە ، کـەللـە سـەری بەرازەکەش لە گۆڕ نراوە(ناپلیـــــــــۆن)لـە سـەری ڕۆیـی و گوتی :مێوانانی بەڕێز لەوانەیە ئەو ئالایە شەوزەی کە لـە سـەر بانـەکـەدا دەشـەکێتـەوە سـەرنجـی ڕاکێشـا بـن و لێـی ورد بووینەوەکە وێنەی سم و شاخێکی لـە نـاو دا کێشـراوە ، بـەڵام ئێستاکە ئەوەش نەماوەو لامان داوە ، بڕیاریش وایە کە ڕەنگـی ئالای قەلآیی ئاژەڵان هەر سەوز دەمینێتن(نـاپلیۆن) ڕووی لـە (پیلکینگتن)کردو گوتی :گەلێک ســـــــــوپاسی ئـەو هـەمـوو فەرمایشات و پەیڤانەی(پیلکینگتن)دەکەم کەوا لە وتارەکەیان دەربارەی دۆستایەتی و هاوکاری کرن و یـەکێتـی فـەرمویـان ، تەنیا ڕەخنەیەکی بچکۆلانەم هەیە ئەویش ئـەوەیـە کـە نـاوی کێلگەی ئێمەی بە (قەلآی ئاژەڵان)ناو برد ، هـەڵبـەتـە ئـەوان ئەوەیان نەدەزانی کە ناوی (قەلآیـی ئـاژەڵان)دەگـۆڕ درێـت و وەکو جاران بە ناوی کێلگەی(مانر)ەوە ناو دەبـردرێتن و نـاوی (قەلآیی ئاژەڵان)لـە سـەر نـەخشـە ڕەش دەکرێتـەوەو نـاوی دەبێتـەوە(کێلگـەی مـانر)لـە کۆتـایی پـەیڤـەکـانی(نـاپلیۆن)

گــوتی: گلاســەکانتــان مشــت بکــەنــەوەو هــەروەک (پیلکینگتن)منیش لە هەموان دەخوازم کە گلاسەکانتـان هـەڵ بدەن و بە سەلامەتی و پێشـکەوتـن و سـەربـەرزی (کێڵگـەی مانر)ەوە هەڵی قورتێنن و بینۆشن و ، ئەمجـارەش بـە گـلاس لێک دان و قاچ بە زەوی دادان بە یەکجاری هـەڵیـان نۆشـی و خواردیانەوە فڕیان لێ دا.

ئیتر کۆڕی بەرازان و مرڤان هەتا بلێی گەرم و گوڕ بـوو ، بە شـادی و خۆشـیەکـی زۆرەوە ڕوو بـەرڕووی یـەکتـر دەیـان خواردەوەو نۆشیان دەکردو گلاسەکانیان لێک دەداو بە تـەواوی سـەرگـەرم بووبـوون ، ئـەم وێنـەیـەو ئـەم دیمـەنـە سـەیـرو سەمەرەیە و ئەم ڕووداوانە لە لایـەن ئـاژەڵـەکـانی ئـەو دیـوی پەنجەرەکەوە کە تەماشای ئەو هەمـوو هـەراو هۆریـاو بـەزم و ڕەزمەیان دەکردو گوێچکەکانیان لـەو کـۆڕە مـرۆڤ و بـەرازەدا موت کردبۆوەو هـەسـتیان بـەوە دەکـرد کـەداهاتوویـەکـی زۆر سامناک و پڕ لە مەترسیان چاوەڕوان دەکاتن و لە پێشیانەو بـە سەریان دێتن ، لەو کاتە دا ئەوەیان دەهاتەوە یادەوە کـە چـۆن ئاوا بەم شێوەیە سەرو پۆتەلاکی بەرازەکان بە تەواوی گـۆڕاوەو وەکو جاران نەماون؟(کلۆر)بە چاوە کز و کەم بیناکانیەوەئەمـلاو ئــەولای دەڕوانــی و لــە ســیماو وێنــەی بــەرازەکــان مــووت دەبوەوەولەو بەرازە بۆ ئەم بەراز مـۆڕەی دەکـردو دەیبینـی کـە هەندێکیان پێنج بەرغەبابەن و هەندێکیان چوار بەرغـەبابـەن و

هەندێکیان سێ بەرغەبابەن و(کلۆر)نەیدەزانی کـه چـی ڕووی داوه ئایـا لـه بـەرازەکـان گۆڕانکـاری ڕووی داوه یـاخۆد خـۆی گۆڕاوه ، بە هەموو هەول و توانایەکیەوە بیری دەکردەوەو لەوانی دەڕوانی کەچی بۆی نـەدەکـرا کـەوا هیچیـان لـه هیچیـان جیـا بکاتەوه ، چەپلە ڕێزان و هەراو هۆریای کۆڕی بەرازو مرۆڤەکان کەمێ ئارامتر بووەوەو لە سەر مێزی قومارەوە ڕوونیشتنەوە.

ئاژەلەکانیش لەو دیو پەنجەرەکەوە زۆر بە هێمنی و ئارامی و لە سەر خۆیی و هێواش هێواش بەرەو دوا کشـانەوه ، هێشـتان چەند هەنگاوێکیان نەهاویشتبوو کە دەنگی شیرە شـیڕو هـەراو هۆریا بلند بۆوەو کە لە لای کۆڕەکەوە دەهـات ، ئـاژەلـەکـانیش دیسان بۆ لای پەنجەرەکەوە گەڕانەوه ، ژوورەکەیـان ڕوانیـەوە تاکو بزانن کە چی ڕووی داوه ، کە سەیریان کـرد بۆیـان ڕوون بۆوه کە دەمەتەقێ و خۆ گیف کردنەوەلە یەکتر لـه سـەر مێـزی قومار داپەیدا بووه ، یەکێ دەینەڕاندو ئـەویتـر مستـی لـه مێـز دەدات ، ئەمیان گومـان لـەو دەکـات و ئـەوییـان ئـەم بـە درۆ دەخاتەوەو هەموویان وا خیسە لێک دەکەن و کـۆڕەکـەیـان بـه تەواوی شلەژاندووە ، پاشـــــان بـۆ ئـاژەلـەکـانی ئـەو دیـو پەنجـەرەکـەوە ڕوون بـوەوە کـە هـەردو لا بـەرازو مرۆڤـەکـان فێلیان لە یەکر کردووەو هەردوولا بە قێلی یـەکتریـان زانیـوە و ئەو هەموو مشت و مڕەیان لە سەر هەندێ بووه.

دوازدە دەنگی پڕ لە تووڕەیی و ترسناک. بەرز بۆوە کـەوا هەموو دەنگ   و هاوارەکانیان یەکسان بوون و بە یەک دەچوون ، هەتا بلێی سەیرو سەمەرەبـوو ، هـەمـوویـان هـەر وەک یـەک وابــوون ، هیچیــان لــە هیچیــان جیــا نــەدەکرانــەوە و تــەواوی ئاژەلەکان لەو دیوی پەنجەرەکـەوە واقیـان وڕ مـابوو سـەیـری ژوورەوەیان دەکرد نەیان دەتوانی کە بە هیچ شێوەیەک  بەرازو مرۆڤ لێک جیا بکەنەوە ، چونکە هەموویان وەک یەک وابوون و وەکو یەکیان لێ هاتبوو ، ئیتر هەرگیز نـەکـرا کـە بـزانن کامـە مرۆڤەو کامەش بەرازە.

تەواو


ئەحمەد دەشتی

1.9.1982

وەرگێڕ دراو لە فارسیەوە

پیرانشار _ ئێران

## ئاوریک و سەرنجیک لە دواوە


قەڵای ئاژەڵان

[illegible]

عبدالکریم دەشتی
١ / ١٠ / ١٨٨٤
شاری بیران

ئەوسالەکە سالی 1982 بوو لە ئێران لە شاری خانە بووین ، دڵمان زۆر خۆش بوو کە لە ناو قەوم و نیشتمانی خۆمانین ، هەرچەندە بە ئاوارە ناو دەبراین بەڵام لە ڕاستی دا کە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بووین هیچ جیاوازیەکمان لە نێوان شارەکەی خۆمان و شاری خانەوە نە دەبینی جگە لە هەستی

کاریگەری ناپاکی دوژمنانی داگیرکەر کە زۆر جاران بە سەر خەلکی ساویلکەو گێ نەگەیشتوو زال دەبوو ، جارو بارە بریندار دەکراین و ناحەزان بە چاوێکی ناڕاستەوەو زۆر بە هەڵە سەیریان دەکردین ، ئەوانەی کە دڵیان گڕ لە قڕێژو ناڕاستی و نارەوایی بوو ، خەمیان گێ وەر دەکردین ، بەڵام هەستی گاکی دڵسۆزان و خاکگەروەرانی ڕاستەقینە کە زۆر زال بوو یە سەر ناڕاستی دا دڵی هەمیشە شاد دەکردین ، دۆستانی خۆشەویست و مەردو مەردانەی شاری گیرانشار هەرگیز لە یادمان ناچێتەو ، ئەو براو خوشک و خزمانەی ئەو شارە قارەمانە هەمیشە چاوو هەست و دڵ و دەرونمانن ، بەیادی هەموو ئەو خۆشەویستانەوە ڕێزو خۆشەویستی و سلاوی بێ گایانم گێشکەش بە هەموان دەکەم ، قسەی خۆش و نکتەو باس و خواسی ڕاست و دروستی ڕۆلە دڵێرو مەردانی گیرانشار واتە شاری خانە هەرگیز لە یادمان ناچێتەوە ، من لەوێ لە یەکێ لە قوتابخانە ڕاهنەماییەکانی ئەو شارەدا ماموستا بووم کە لە مازەندەرانەوە دوای سالەها نامۆیی گەڕامەوەلە ناو خاک و نەتەوەکەی خۆم و هەتا بلێی دڵخۆش بووم لە گەل ئەو دۆست و ئازیزانەم ، من و جەبار حاجی نەمر بەیەکەوە بووین وئەویش هەر ماموستا بوو لەو قوتابخانەی کە منی لێ بووم ، کەریم دەشتیش لەوێ بوو لە قوتابخانەی سانەوی بە ماموستا دامەزرا بوو ، هەرچەند کە ئاوارەبووین بەڵام دڵمان بە یەکەوە زۆر شاد دەبوو ، ئێمە لە

دەربەدەری ڕا هاتبووین ، لە مێژ نەبوو کە کەریم دەشتیش بە مال و مندالانیەوە ئاوارەی ئێران بوو بوو و لە شاری خانە گیرسابۆوە ، هەرسێکمان بڕیارمان دا کەهەول بدەین  چەند کتێبێک وەربگیڕینە سەر زمانی شیرینی کوردی و لە داهاتوودا ئەم کارەمان گێش بخەین و بیکەین بە دەزگایەکی گەورەی وەرگێڕانی گەڕتووکە بە نرخەکان بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی و بەم کارەمان بتوانین خزمەتێک بە کتێبخانەی کوردی بکەین ئەو حەمکە گەڕتووکە بە نرخانەی کە لە هەموو بابەتێکەوە بە زمانی فارسی دەست دەکەوێتن و وەرگیڕ دراونەتە سەر زمانی فارسی  ئێمەش ناوی خوای لێ بینین و ئەو خزمەتە مەزنە بکەین کە بە شتێکی زۆر گرنگمان دانابووو و هەولی سەرکەوتنی خۆمان لەو بارەوە دەداکەبە ڕاستی ئەنجامی بدەین و خۆشمان گێوەماندوو بکەین ، وابوو دەستمان بەو کارە کرد ، من ئەم ڕۆمانەی (قەڵایی ئاژەڵانی جۆرج ئۆرویل) و ڕۆمانی (برا کوژی نیکۆس کازازانکی) و (نامۆی ئەلبێر کامۆ)م هەڵبژاردن کە وەریان بگێڕم و جەبار حاجی (زۆربای نیکۆس کازازانکی) هەڵبژاردو کەریم دەشتیش (ئازادی یامەرگی نیکۆس)و ئاوای وەحشی جاکلەندەن)ی هەڵبژارد و دەستمان کرد بە گۆڕینی  من هەر زوو تەواوم کرد وهەر لام مابۆوە ، کەریم دەشتیش تەواوی کردو کە تا ئەو سالانەی لای من مابۆوە ، کە گەڕامەوە کوردستان بۆم بردەوە بە هیوام کە ئەو

کتێبە بە نرخەی چاپ کردبێت ، بەڵام جەبار حاجی دەستی لێ شل کرد بوو دوایی کە لێک هەڵبڕاین جا نازانم تەواوی کرد یاخێر.بە هەر حال دڵمان زۆر خۆش بوو بەو کارە گرنگە ، وا بوو لە یەک دوور کەوتینەوە ، من کەوتمە ئەوڕوپاو ژیانی دوورە وەلاتان کە سەخت ترین ژیانی مرۆڤەو دەتوانم بلێم مردنەو ئەوەی کە لە وەڵاتی خۆی دوورکەوتەوە بەلای منەوە دەمرێت و لە هەموو شتێ بێ بەش دەبێت ، من هەروا دەزانم کە بەرەو نامۆیی چووم بەرەو مەرگ هەنگاوم ناولە دۆست و یارانی ئازیز و کۆڕی خەبات و تێکۆشان دوور کەوتمەوە ، کە زۆر جار دەلێم بریا هەر زوو لە سالانی شۆڕشی ئەیلولی مەزن لە ژێر ناپالمی دوژمنانی کوردستان مردباین بەڵام ئەم ژیانە پڕ لە کوێرەوەری و نەهامەتیانەمان لە دووری خاکی شیرن و ڕەنگین هەرگیز نەدیبا، قەت لە یاران و ئازیزانی خۆمان دوور نەکەوتباینەوە ، بەڵام ئەوەی کەخۆزیاو بریایە تازە بێ سودەو هەرگیز ناپەڕێتەوە.ئیتر هەموو هیواو ئاوات و نیازێکی کەبە دڵ و گیانەوە هەم بوو و سالەها سال نیازم بوو و خۆم دەکردە قوربانی ئەو ئاوات و نیازانەم هەمووی لە غوربەت ونامۆیی دا لێم ون بوون ، هەرچەندە کە هەرگیز ڕەش بین نەبوویمەو قەتیش کوردستانی ئازیزی خۆم لە بیر ناچێتەوەو ئەو ئاوت و نیازەی کە هەمە لە غوربەتیشەوە خەباتی بۆ دەکەم و تا دوا هەناسەی ژیانم هەر گەش بینم و باش دەبینم و پێشم وایەکە

کوردو کوردستان هەر ڕزگار و سەربخۆ دەبێت و کوردیش وەک هەـوو گەلانی جهان بە ئاواتگەکانی خۆی شاد و خەندان دەبێت ، بەڵام داخەکەم دووری مەرگ و نەمانە ، من کە قەڵایی ئاژەڵانم تەواو کرد هەر مایەوە نەم توانی بە چاپی بگەیێنم ، وا ئێستاش بە هیوام کە لە سایەی سەری کوردستانێکی ئازاد و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ، لە سایەی ئەو هەموو دەسکەوتە گرنگانەی کوردستانی ئازیزمەوە بتوانم کە ئەو بەرهەمانەی کە تا ئێستا خۆم پێوە ماندوو کردووەو بیخەمە بەر دەستی ئازیزانی کوردو بکەوێتە کتێبخانەی کوردەواریوە ئامادەیان بکەمەوەو بیان نوسمەوەو چاپیان بکەم ، کە ئەم داوایەشم لە دەزگای ئاراسی سەرکەوتووە کە بۆ ئەو مەبەستە یارمەتیم بدەن و بەرهەمەکانم بۆ چاپ بکەن کە ئەمەش جێگەی سوپاس و ڕێزو خۆشەویستیمانە بەرامبەر ئەو هەموو خزمەتگوزاریانەی چاپەمەنی کە بە ئاواتەوەم ئەو دەزگایە مەزنە هەمیشە هەر پێش بکەوێت و کوردستانی ڕەنگینیش هەر سەربەخۆو ئازدو ڕزگار بێت ، داخیشم بۆ نەمر جەبار حاجی کە زۆر بە زوویی جوانە مەرگ بوو و نەی توانی دوای ئەو هەموو سال ئاوارەیی و خەبات وتێکۆشان لە کوردستانی ڕزگار کراو تێر بحەسێتەوە و زۆر بە زوویی گیانی پاکی بەخشی بە کوردو کوردستانی ، جەبار حاجی ڕۆلەیەکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەرو بێ گەردبوو ، بەوپەڕی دڵسۆزی خەبات و تێکۆشانی لە پێناو

ڕزگاری کوردو کوردستانەوە دەکردو خاوەن بیرو باوەڕێکی ڕاستەقینە بوو ، پێشمەرگەیەکی دڵسۆزی ڕێبازی بارزانی نەمربوو ، لەگەل گەلێ لەو کەسانەی کە بە بۆچوونە ناڕاست و ناڕەواکانیان لە تەواوی ئەو سالانەی کە لە خانە بووین توشمان بەو جۆرە کەسانەوە دەهات کە هێرشیان دەکردە سەر بیرو باوەڕی ڕێبازی بارزانی نەمرو هەمیشە توشمان بە مشت و مڕێکی زۆرەوە دەبوو ، ئاخر ئەو ڕۆژگارانە دوژمنانی شۆڕشی گولان زۆر بوون  قسەو پڕ و پوچی  و ناڕەوایی بەرامبەر شۆڕشی ئەیلولی مەز ن و گولان و ڕێبازی بارزانی نەمر دەکرا ، ئێمە هەمیشە بەرپێچی ئەو نا ڕەوایی گوتنانەمان دەدایەوە کە ئەمەش بە شانازی و سەربەرزی دەزانین  کە بە بیرو بۆچوونی خۆمانەوە ئێستاش و هەتا مردنیش بەرگری لەو ڕێبازە مەزنەی بارزانی نەمر  دەکەین و هەرگیز لێی پەشیمان نین ، هەزاران سلاو لە گیانی پاکی هەموو شەهیدانی کوردو کوردستان و گیانی پاکی سەرکردەی نەمرو هەمیشە زیندوومان مستەفا بارزانی نەمر و کاک ئیدریسی جوانەمەرگ و هەموو ئەوانەی کە هەرگیز لە یادمان  ناچنەوەو گیانیان کردۆتە قوربانی بۆ کوردو کوردستان.بژی کورد بژی کوردستان.

ئەحمەد دەشتی

بەرلین 2002

تەواو